# چاپکراوی نوێ


لەم ڕۆژانە دوو کتێبی نووسەرو سیاسەتمەدار غەفوور مەخمووری بە ناوەکانی (بەعەرەبکردنی کوردستان- بەعەرەبکردن، مەترسییەکانی، بەرەنگاربوونەوەی) چاپی چوارەم کە بە زمانی کوردییە، هەروەها (تعریب کوردستان- التعریب- المخاطر- المواجهة) چاپی سێیەم کە بە زمانی عەرەبییە، هەردووکیان بە بەرگێکی دانسقەو گرانبەها کەوتنە بەردیدی خوێنەرانەوە.

کتێبی (بەعەرەبکردنی کوردستان- بەعەرەبکردن، مەترسییەکانی، بەرەنگاربوونەوەی) لەلایەن دادگای بالاّی تاوانەکانی عێراقەوە وەك سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراو لە کەیسی جینۆساید(پاکتاوی نەژادی)پشتی پێ بەستراو داواشی کرد کە نووسەر وەکو شایەدی سەلماندن لە دادگا ئامادە بێت بۆ سەلماندنی تاوانی تاوانبارانی(بە بەعەرەبکردنی کوردستان)و جینۆساید.


چاپکردنەوەی ئەم کتێبە لەم کاتەدا بایەخی خۆی هەیەو کەلێنێك لە کتێبخانەی کوردیدا پڕدەکاتەوە، خوێنەرو لێکۆڵەریش سوودی لێ وەردەگرن، لە هەمان کاتیشدا ڕەوشی ناوچە بەعەرەبکراوەکانی کوردستان هەر وەك خۆیان ماون، ئەوەش ئەو ڕاستییە دەسەلمێنێت کە هیچ دەسەلاّتێکی عێراقی نە لە ئێستاو نە لە ئاییندەدا ئامادە نییە چارەسەری پرسی ئەو ناوچانە بکات. نووسەر لێکۆڵینەوەکەی بەسەر سێ فەسڵدا دابەش کردووە، لە کۆتایی هەر سێ فەسڵیشدا ئەنجامی لێکۆڵینەوەکەی لە(١٤) خاڵدا چڕکردۆتەوە.

( تعریب کوردستان- التعریب- المخاطر- المواجهة) چاپی سێیەم کە بە زمانی عەرەبییە، نووسەر ئاماژە بەوە دەکات کە بۆ یەکەم لە ساڵی ٢٠٠٦ کتێبەکە کراوە بە عەرەبی، چاپی دوومیشی لە ٢٠١٣ کەوتۆتە بەردەستی خوێنەرانەوە، هاوکارمان لوقمان ڕەشیدی گرافیك و دیزاینی هەردوو کتێبەکەی لە ئەستۆ گرتووە. بە ناوی گۆڤاری گوڵانەوە پیرۆزبایی لە نووسەرو سیاسەتمەدار غەفوور مەخمووری دەکەین بۆ چاپکردنەوەی ئەو دوو کتێبە، هیوای سەرکەوتنی بۆ دەخوازین.



## چاپكراوی نوێ



بەرگی سێیەمی( مێژووی پەیوەندییەکانی شۆڕشی شێخ مەحموود بە ئێرانەوە- لە بەڵگەنامە نهێنییە فارسییەکاندا) لە نووسین و ساخکردنەوەی کەمال نوری مەعروف، مەحموود حەفید زادە پێشەکی بۆ نووسیوە، کەوتە بەردەستی خوێنەرانەوە، پێشەکیی ئەم کتێبە بریتییە لە باسکردنی ئەو نامانەی کە شێخ مەحموود لەگەڵ بەرپرسانی حکومەتی ئێرانی سەردەمی ڕەزا شادا( ١٨٧٨-١٩٤١ز) گۆڕیونییەتەوە، نووسەر دەڵێت: پێویستە بۆ ئەو ڕۆژگارە بگەڕێینەوە کە دەکەوێتە نێوان(١٩٢٣-١٩٣٠)، چونکە لەو ماوەیەدا زۆرجار بە خەستی بۆردومانی لیوای سلێمانی لەلایەن فڕۆکەکانی ئینگلیز کراوە، بەو هۆیەوە خەڵکی ناوچەکە ئاوارە بوون، خێزانێکی زۆریش بەرەو ناوچە شاخاوییەکان چوون و هێندێکیشیان ئاودیوی سنوور بوون، لەناویاندا خێزانی مەلیك و بەرپرسانی شۆڕش هەبوون.

نووسەری ئەم کتێبە ئاماژە بەوە دەکات کە بەڵگەنامەکان بۆ ئەو سەروبەندە دەگەڕێنەوە تا ساڵی ١٩٣٠ و مانەوەی شێخ مەحموود لە پیران، بەپێی پەیمانی ١٩٢٧ی خوڕماڵی نێوان دەسەڵاتدارانی بەریتانیاو شێخ مەحموود، بەو پارچەیەی هەرێمیشەوە، کە بە باشووری کوردستان ناسراوە، کورد لە شەڕی ئاوباریك لە بەهاری ١٩٣١وە تاکو دەگاتە ڕۆژگاری ئەمڕۆش هەر لە شەڕی دوژمنانیدا دەژی. لەم کتێبەدا نووسەر باس لە ڕووداوێك دەکات ئەویش چاوپێکەوتنی (میوولەر)ی ئەڵمانییە، کە هەر لەو سەروبەندەدا، لە شوێنی دەستبەسەرکراوی خۆیدا لە بەغدا، لە وەڵامی پرسیارێکدا، شێخ مەحموود دەڵێت: (جا ئەو کاتەی شۆڕش دەست پێ دەکەینەوە، هەموو مەردان و خۆبەختکەران لێمان کۆدەبنەوەو شەڕێکی گەورە دژی دوژمنانمان دەکەین)، پاشان زیاتر دەڵێت: (گەلەکەم لە دەست فارس و تورك و ڕووس و عێراق ئازاد دەبێت). لە پەرەگرافێکی دیکەی پێشەکی ئەم کتێبەدا نووسەر باس لە قسەیەکی (میوولەر) دەکات کە گوتوویەتی: پاشا بەرامبەرمان دانیشتبوو، چاوەکانی ئاگریان لێ دەباری، لە ڕاستیدا، وێنەی کوردێك بوو، کاتێك کە جەختی لەوە کرد کە ( چوارملیۆن و نیو کورد جارێکی دی سەرهەڵدەدەنەوە، کوردستانێکی ئازاد دروست دەکەن)، دواجار ( میوولەر) دەڵێت: ئەم پاشا ئازاو جەنگاوەرە( شێخ مەحموود) نەوەی ئەو قارەمانانەیە، مرۆڤ هەستی دەکرد، ئەمڕۆ خوێنی سەرۆکێکی بەهێزی تێدا دەجوولێت.

نووسەری کتێبی(مێژووی پەیوەندییەکانی شۆڕشی شێخ مەحموود بە ئێرانەوە - لە بەڵگەنامە نهێنییە فارسییەکاندا) پێش ئەوەی باس لە بەڵگەنامەکان بکات، ئاماژە بەوە دەکات کە ڕۆژگاری بەڵگەنامەکان پەیوەستە بە ڕۆژگاری ئاوارەبوونی بەشێك لە گەلەکەی، بەتایبەتی خێزانی بەرپرسانی شۆڕش، کە توانیویانە لەو بەشەی سنووردا لە ناوچەی مەریوان و دزڵێی و کانی سانان و شوێنی دیکە ئارام بگرن، لە هەمان کاتیشدا کارو پێداویستیی لەشکری کوردستانیش ئەنجام دراوە.

بەرگی سێیەمی ئەم کتێبە( ٢٠) نامە لەخۆ دەگرێت، کە بەشێکن لەو ئەرشیفەی لەلایەن بنەماڵەی شێخی گەورەوە پارێزراوە، کە بۆ ڕۆشنبیران بەتایبەتیش لێکۆڵەرانی مێژووی سەردەم، بایەخدارن و بەهای خۆیان هەیە..

نووسەر لە نووسینی ئەم کتێبەدا، جگە لە بەڵگەنامەکان، پشتی بە چەندین سەرچاوە بەستووە بە زمانی کوردی و عەرەبی و فارسی، هەروەها چەندین وێنەی ناوازەی پەیوەست بەم بابەتە گرنگە بڵاوکردۆتەوە، بە ناوی گۆڤاری (گوڵان)ەوە دەستخۆشی لە ماندووبوونی نووسەر کەمال نوری مەعروف، هەروەها لە نووسەری پێشەکییەکەی مەحموود حەفیدزادە دەکەین، ئومێدەوارین ئەم کتێبە ببێتە سەرچاوەیەکی بەسوودی مێژوویی و بەڵگەنامەیی بۆ خوێنەرانی کورد.

## مەحما خەلیل:



# ڕێککەوتنی شنگال خواستی خەڵکی شنگال و بەرهەمی ئیرادەیەکی ناوخۆیی و پشتگیریی نێودەوڵەتییە

## کریستۆفەر فێتەویس:



# یان ڕاپرسییەکان بە هەڵەدا چوون، یان جۆ بایدن سەرکەوتنێکی گەورە بەدەست دەهێنێت

## پ.ی.د. نەزاکەت حوسێن



# ئایا بیری لیبراڵیزمی جیهانی لە کۆتاییدایە؟

## د.بێوار خنسی



# پشتاخوب داهاتێ نفتێ تنێ نەگرێدەن

## دلێر عەبدوڵا حەسەن:



# مامۆستایان و قوتابیان دەتوانن لەناو پلاتفۆرمی قوتابخانەی ئەلیکترۆنی پەیوەندی بکەن





■ خاوەن ئیمتیاز
**شەوکەت شێخ یەزدین**
Concessioner
Shewket Sh. Yezdeen

■ سەرنووسەر
**فەرهاد محەمەد**
Editor-in-Chief:
Farhad M.hassn
frhd_mhmd@yahoo.co.uk
Mob: 07504030900

■ سکرتێری نووسین
**هێمن غەنی**

■ سیاسەت و ناوخۆ:
**ساڵح عومەر**
**شەماڵ نوری**
**د. شێبان فەرهاد**
**بەهادین جەلال**

■ گشتی:
**ئەحمەد عەزیز**
**د.عادل حوسێن**
**تارا عومەر**
**خەلیل بلەیی**
**سەنگەر شنۆیی**
**مەهدی حاجی ساڵح**

■ بەڕێوەبەری کارگێڕی و دارایی:
**سلێمان یاسین**

■ بەڕێوەبەری هونەری:
**شاخەوان جەعفەر**

■ بەرگ:
**لوقمان ڕەشیدی**

■ وێنەگر:
**کەمال ئاکرەیی**

**بۆ ریکلام کردن پەیوەندی بکە بە:**

Mob: 0750 2206537
salih_omer2003@yahoo.com

**چاپخانا خانی - دهۆك**

**ناوونیشان: هەولێر -ڕووناکی/ شەقامی ٤٠ مەتری**

***Web: www.gulan-media.com***

جەوهەر فەتاح سەعید:



## خوێندنی ئەمساڵ لە زانکۆکان بە شێوەی ئاوێتە دەبێت و، بۆ وانە سەرەکییەکان قوتابیان لەناو هۆڵی خوێندن دەبن



## کۆرۆنا.. باوان و قوتابییانی ناچار کردووە خۆیان لەگەڵ سیستمی نوێی خوێندن بگونجێنن



## کامێرای چاودێری هایک ڤێژن و کۆرۆنا

## کاریگەری ڤایرۆسی کۆرۆنا لەسەر منداڵ



بە شانۆگەریی (پاسەوان)

## تیپی شانۆی سالار دەستی بە بەخششە هونەرییەکانی کردووە



شنە محەمەد:

## هەمیشە حەزم لەوە بووە کە لە وەرزش بەردەوام بم و گوێ بە قسەی خەڵک نەدەم



# سەرۆک بارزانی و
# بەرگریکردن لە بەها پیرۆزەکانی نیشتمان

بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان

هەواڵی پەلاماردانی بارەگای لقی ٥ی پارتی لەلایەن تاقمێکی گێرەشێوێنمان پێ گەیشت، کە لە ئەنجامی ئەو کردەوە نایاساییەدا سووکایەتییان بە ئاڵای پیرۆزی کوردستان و ئاڵای پارتی کردووە.

بە توندترین شێوە ئیدانەی ئەو پەلامارە نامەردانەیە دەکەین و لێرەدا ڕایدەگەیێنین ئەم جۆرە پەلامار و دەستدرێژییانە بە هیچ شێوەیەک لە پێگەی کورد و بەها باڵاکانی گەلی کوردستان کەم ناکەنەوە، بەڵام بەڕوونی دواکەوتوویی و بێ فەرهەنگی و عەقڵیەتی ئەو تاقمە شەڕانگێزە بۆ هەموو لایەک دەردەخات.

ئەو چاوەڕوانییەمان لە حکومەتی فیدراڵی عێراق هەیە کە ئیجرائاتی پێویست لە بەرامبەر ئەو پەلاماردەرانە بگرێتە بەر، لە هەمان کاتدا جەختیش لەوە دەکەینەوە ئەوانەی بیانەوێ پەلاماری پارتی بدەن و سووکایەتی بە بەهاکانی گەلی کوردستان بکەن، دواجار باجی ئەو کارەیان دەدەن.

مەسعود بارزانی

١٧ی تشرینی یەکەمی ٢٠٢٠






الموت لأمريكا



## ئەمریکا، هەڵبژاردن و کولتووری سیاسی:

# رازی شاردراوە!!!



پ.د. شێرزاد نەجارٍ
تایبەت بۆ گوڵان نووسیویەتی

**ویلایەتە یەکگرتووەکان ئێستا لە قۆناغی نیگەرانیدایە، تایبەت بە پێگەکەی و هەوڵدەدات پارێزگاری لە پێشەنگی بکات، لە نێو هێزە جیاجیاکانی جیهانی (چینی میللی، رووسیای فیدراڵ و تا راددەیەکیش یەکێتیی ئەوروپا)**

**فۆکۆیاما لە کتێبەکەیدا (متمانە) بەو شێوەیە جەخت لە گرنگیی کولتوور دەکاتەوە: «کولتووری هاوبەش بنەمای ئاستگەلێکی باڵایە لە متمانەی کۆمەڵایەتی لە وڵاتانی دیاریکراودا و بەشداریی زۆری لە سەرکەوتنی ئابوورییان کردووە».**

**هنتگتن پارچەیەک و لێکدانەوەیەکی هەڵەی پەیوەست بە یاسای مافە مەدەنییەکانی ساڵی ١٩٦٤ و یاسای مافەکانی دەنگدانی ساڵی ١٩٦٥ دەخاتە ناوەندی رێکارەکانی حکوومی کە بووە هۆی داڕووخانی بیروباوەڕی ئەمریکی**

**تاکە ئالینگاری بەپەلە کە ئەمریکا رووبەڕووی بۆتەوە، بە رای (هنتگتن) بریتییە لە کێشەی کۆچی مەکسیکی و ئەنجامی بە ئیسپانیکردنی ئەو ناوچانەی ویلایەتە یەکگرتووەکان کە هاوسنوورن لەگەڵ مەکسیک**

سیستەمی نێودەوڵەتی، کە لەوەتەی کۆتایی جەنگی ساردەوە و سەرۆکی پێشووتری ئەمریکا جۆرج بوشی باوک لە نیسانی ١٩٩٠ رایگەیاند، بە قۆناغێکی ورد و هەستیاردا تێدەپەڕێت، کە لەنێوان تاکلایەنی و فرەجەمسەریدا دێت و دەچێت، ئەمەش تینێکی بەهێزی پێ دەدات، تاکو رکابەریی توندی نێودەوڵەتی بکات، کە هینری کیسنجەر پێشبینیی کرد و، هۆشیاریی دا لە گەڕاندنەوەی جەنگی ساردی نێوان ویلایەتە یەکگرتووەکان و چینی میللی.

لەم قۆناغەدا ویلایەتە یەکگرتووەکان رۆڵی بەرچاو دەگێڕێت، بەو پێیەی خاوەن فاکتەرگەلی هێزە وا دەکەن وەك»تاکە هێزی جیهانی دەربکەوێت، بە وەسفی پرۆفیسۆر هنتگتن»، بەڵام بە پەرەسەندنی رەوشەکان، چی دیکە ناتوانێت بێ نیگەرانی و سڵەمینەوە تواناییە گەورەکانی هێز قۆرخ بکات، تا لووتکەی سیستەمی جیهانی بگرێت، کەواتە ویلایەتە یەکگرتووەکان ئێستا لە قۆناغی نیگەرانیدایە، تایبەت بە پێگەکەی و هەوڵدەدات پارێزگاری لە پێشەنگی بکات، لە نێو هێزە جیاجیاکانی جیهانی (چینی میللی، رووسیای فیدراڵ و تا راددەیەکیش یەکێتیی ئەوروپا). سەرۆکی ئەمریکا دۆناڵد ترەمپ لە هەڵمەتەکەی هەڵبژاردنیدا لە ساڵی ٢٠١٦ هەوڵی دا فۆکس بخاتە سەر دروشمی (ئەمریکا پێش هەمووشت) و بەهێزکردنی پێگەی ئەمریکا لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا، چونکە ئیدارەی سەرۆکی پێشوو (ئۆباما) ئەوەی نەکرد، ئیدارەکەی تووشی شکستی زۆر بووەوە، بەتایبەتی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.

ترەمپ دەستی کرد بە جێبەجێکردنی دروشمی ناوەندی (ئەمریکا پێش هەمووشت) و هەوڵی دا لە چەقی کێشە نێودەوڵەتییەکان بکشێتەوە، بەتایبەتی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، تا راددەیەکیش سەرکەوتنی بەدەست هێنا لە بەدەستهێنانی پێشکەوتن لە پرۆژەکەی (سەفقەی سەدە)و چارەسەرکردنی ململانێی عەرەب – ئیسرائیل، چەندین رێککەوتننامەی ئاساییکردنەوەی نێوان هەندێ دەوڵەتی عەرەبی و ئیسرائیلیش واژۆ کران، بەڵام سەرهەڵدانی مەترسیی پەتای کۆرۆنای ١٩ و زیادبوونی ژمارەی تووشبووان لە ئەمریکا، ئیدارەی ترەمپی خستە بەر ئالنگارییەکی مەترسیدار، دۆخێکی ناڕوونی لە مامەڵەکردن لەگەڵ پەتاکە خستەڕوو.

ئەو هەمووو شتانە کاریگەرییان هەبوو بۆ سەر شەڕی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیی ئەمریکای نێوان دۆناڵد ترەمپ و جۆ بایدن، ئەو شەڕەی کە شێوەی هیچ شەڕێکی پێشووی هەڵبژاردن نییە، بە هۆی بابەتە مەترسیدارەکان کە دەورووژێنرێن وەك (کۆرۆنا، رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و سەفقەی سەدە، بەڵام گرنگتر پەرتەوازەیی ناوخۆیی و دابەشبوونی کۆمەڵگەی ئەمریکا و سەرهەڵدانی حاڵەتەکانی رەگەزپەرستی و کینەی کۆمەڵایەتی).

لەم حاڵەتەدا پرسیارێك دێتە کایەوە دەربارەی جۆری کولتووری سیاسیی ئەمریکایی؟ ئایا ئەمریکییەکان کولتوورێکی سیاسیی یەکگرتوو، یان هاوبەش، یان فرەییان هەیە؟

لەبەردەم ئەو پرسیاردا کە دوای رووداوەکانی ١١ی سێپتێمبەر هاتە ئاراوە، پرۆفیسۆر (هینتکتن) پرسیارێکی جەوهەریی مەترسیداری خستەڕوو: ئێمە کێین؟ ئەو ئالنگارییانەی رووبەڕووی ناسنامەی ئەمریکا دەبنەوە، کە مامەڵە دەکات لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی نێو سیما و جەوهەریی ناسنامەی نیشتمانیی ئەمریکا، دووپاتیشی کردووە کە کولتوور فاکتەری کاریگەرە لە رەفتاری سیاسیی گەل، ئەمەش بە واتای ئەوەیە کە رەفتار لە کولتوورەوە سەرچاوە دەگرێت.

ئەم شیکردنەوەیەی رۆڵی کولتوور لە گۆڕانکارییەکانی کۆمەڵایەتی- ئابووری- سیاسی، فۆکۆیاما لە کتێبەکەیدا (متمانە) بەو شێوەیە جەخت لە گرنگیی کولتوور دەکاتەوە: «کولتووری هاوبەش بنەمای ئاستگەلێکی باڵایە لە متمانەی کۆمەڵایەتی لە وڵاتانی دیاریکراودا و بەشداریی زۆری لە سەرکەوتنی ئابوورییان کردووە».

دوای ئەوەی هینتگتن کتێبە بە نرخەکەی ( ئێمە کێین؟ ٢٠٠٤)ی بڵاوکردەوە، بەوە تۆمەتبار کرا کە (رەگەزپەرستە) هەڵوێستیشی دژی کۆچبەرانە، فۆکۆیاما وەڵامی ئەو تۆمەتبارکردنە دەداتەوە و کە هینتکتن راست بووە، کاتێ روونی

کردەوە کە نیشتەجێبووانی (ئەنجلۆ- پرۆتستانت) لە ئەمریکای باکوور بەشداربوون لە سەرکەوتنی ویلایەتە یەکگرتووەکاندا، بەڵام نەك لەبەر رەگەزە، بەڵکو بەهۆی بەها کولتوورییەکان، لەوانەش کولتوورەکانی مۆرالی پرۆتستانی و تاکلایەنی و متمانە نەکردن بە دەسەڵاتی ناوەند.

بەڵام لە دوای ئەو جەختکردنەوە فراوانە لە بەردەوامبوونی کولتوور وەك دەستنیشانکاری رەفتاری سیاسی، هەندێك کێشە هەن دەربارەی بیرۆکەکەی (هینتگتن) پەیوەستن بە کولتوور، لە ویلایەتە یەکگرتووەکان رۆڵی ئایین روونە لە میانی رۆڵی موحافیزکاری ئایینی لە سیاسەتی ئەمریکادا.

فۆکۆیاما سەرنج لە دیاردەیەك دەدات کە بەم دواییە سەری هەڵداوە، ئەویش: گەڕانەوەی ناسیۆنالیستیی کۆنە، ئەمەش پشتیوانیی لە جووڵانەوەی پۆپۆلیستی کردووە (کە کاریگەریی هەبووە لە جیهانی هاوچەرخدا)، لەپاش فاکتەرگەلی دیکە پەیوەست بە رەگەزە و نایەکسانیی ئابووری و یادنامەی هاوبەشی مێژوویی.

(هنتگتن )مشتومڕ لەسەر ئەوە دەکات، سەبارەت بەوەی کولتوورو نەریت و بەهاکانی ئەنجلۆ- پرۆتستانت و پرەنسیپەکانی بیروباوەڕی ئەمریکا — ئازادی و یەکسانی و یاسا و مافەکانی تاك- کە ئەم وڵاتەی بەو شێوەیە لێ کردووە، لەم دەیانەی دواییدا، میتۆدەکانی فرەیی کولتووری و فرەجۆری کە ئیتن و رەگەز دەخەنە سەر ناسنامەی نیشتمانی و مەیلی زۆر بۆ کۆچبەران، بەتایبەتیش بە رەچەڵەك ئیسپانی، بۆ پاراستنی جووت ناسنامەیی لە جیاتی لەخۆگرتن و ئاوێتەکردن، ئەنجامیش سەرهەڵدانی کۆمەڵگەیەکی جووت زمانی و جووت کولتوورییە، کە بە جەوهەر جیاوازە، لە یەکێك لە سێ سەدەی رابردوو، لەگەڵ جەوهەری زمانی ئینگلیزیی پرۆتستانی.

سەبارەت بەو بابەتەی کە ئایا نەتەوە پێویستی بە جەوهەرێکی کولتووریی هەیە، تا بتوانێت پێناسەی خۆی بکات لەمیانی ئایدیۆلۆجیا بە تەنیا- واتا ئایا ئەمریکا دەتوانێت ببێتە نەتەوەیەکی یەکگرتوو ئەگەر بیروباوەڕی ئەمریکی تاکە سەرچاوەی پێناسە نیشتمانییەکەی بێت؟ وەڵامەکە نەخێرە، (هنتگتن) دەڵێت: گیانی نەتەوە مێژوو و نەریت و کولتووری هاوبەش دەستنیشانی دەکەن، بەڵام لێرەدا روو لەکوێ دەکەین، ئەو پێی وایە جیهان دەچێتە نێو سەردەمێکی تازەی ئایینەوە، چونکە جەنگی ئایدیۆلۆجی لەگەڵ شیوعییەتی توندڕۆدا گۆڕاوە بۆ جەنگێکی ئایینی و کولتووری لەگەڵ ئیسلامی توندڕۆدا.

لە وەسفی ناسنامەی ئەمریکیدا، (هنتگتن ) یەکەم جار رەخنە لە و بیرۆکەیە دەگرێت کە وڵات، وەك زۆرجار دووبارە دەبێتەوە (نەتەوەیەکە لە کۆچبەران)، ئەو دەنووسێت کە دامەزرێنەرانی ئەمریکا کۆچبەر نەبوون، بەڵکو نیشتەجێبوونە، لەوەتەی نیشتەجێبووانی بەریتانی هاتوونەتە ئەمریکای باکوور بۆ دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی تازە، لەجیاتی کۆچکردن لە کۆمەڵگەیەکی دامەزراوەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی دیکە، وەك ئەوەی کۆچبەران دەیکەن، گەلانی دواتر کە هاتنە نێو ئەو کولتوورەی لە کۆلۆنییەکانی رەسەنی بەریتانیدا هەبوو، کە ئەو نیشتەجێبووانە دایانمەزراندووە، بە راستیش کۆچبەر بوونە.

**● ئالنگارییەکانی ناسنامەی ئەمریکا**

(هنتگتن) مشتومڕی لەوە دەکات کە لە میانی شەستەکاندا ناسنامەی ئەمریکی داخورا، لەبەر ئەم فاکتەرانە:

● سەرەتای جیهانگیریی ئابووری و سەرهەڵدانی ناسنامەگەلی جیهانیی سەرووی نیشتمانی .

● کۆتاییهاتنی جەنگی سارد لە ساڵی ١٩٨٩ بووە هۆی کەمکردنەوەی گرنگیی ناسنامەی نیشتمانی.

● هەوڵەکانی پاڵێوراوان بۆ پۆستگەلی سیاسی لە پێناو مسۆگەرکردنی ژمارەیەك دەنگدەر.

● ئارەزووی سەرکردەی گرووپەکانی خوارنیشتمانی لە بەهێزکردنی پێگەی گرووپەکانیان و بەرژەوەندیی تایبەتیی خۆیان.

● لێکدانەوەی کارەکانی کۆنگرێس کە بە شێوازگەلێکی گونجاو جێبەجێ کران، بەڵام نەك وەك پێویست بەو رێگایانەی کە یاسادانەران مەبەستیان بوو.

● گواستنەوەی هەست و سۆز و گوناح

**هنتگتن) هەوڵدەدات چارەسەرێک بۆ ئەو کێشانە داڕێژێت، مشتومڕی ئەوەش دەکات کە پابەندبوون بە بیروباوەڕی ئەمریکی بە تەنیا بەس نییە بۆ پاراستنی ناسنامەی ئەمریکا، نموونەی یەکێتیی سۆڤیەت دێنێتەوە کە دەوڵەتێک بوو هەوڵی دا، تەنیا ئایدیۆلۆجیا بەکاربهێنێت، کە هەوڵی دابوو ئایدیۆلۆجییا بەسەر کولتوورو نەتەوە جیاوازەکاندا بسەپێنێت، بەڵام لە کۆتاییدا هەرەسی هێنا**

**لە توێژینەوەیەکی گرنگدا دەربارەی کولتووری سیاسیی ئەمریکا، توێژەر (کرینستۆن) بیرۆکەیەکی نووسیوە کە لە سیاسەتمەداری ئەمریکایی (بارکەر) وەرگیراوە، کە لە سوودی (وتاری راگوزەرو هەمیشەیی مەسیحییەت)دایە**

**فەزیلەتی مەدەنی، یەکێک لە دیارترینی ئەو بابەتانە بوو کە زاڵ بوون بە سەر دیبەیتییەکانی پاڵێوراوانی سەرۆکایەتیی ئەمریکا، کە تێیدا راکان دەخرێنە روو و داوا لە گەلی ئەمریکا دەکات، قوربانی لە پێناو خێروبێرێکی بەرزتر پێشکەش بکەن**

لە هەمبەر کارەکانی رابردوو بە هاندانی دەستەبژێری ئەکادیمی و رۆشنبیران.

● گۆڕانکارییەکان لە دیدی ئیتنیدان، ئەو ئیتنییەی یاساکانی مافە مەدەنییەکان و کۆچ پشتگیرییان دەکات.

(هنتگتن) پارچەیەك و لێکدانەوەیەکی هەڵەی پەیوەست بە یاسای مافە مەدەنییەکانی ساڵی ١٩٦٤ و یاسای مافەکانی دەنگدانی ساڵی ١٩٦٥ دەخاتە ناوەندی رێکارەکانی حکوومی کە بووە هۆی دارووخانی بیروباوەڕی ئەمریکی.

یەکێك لە پێکهاتەکانی دیکەی ناسنامەی ئەمریکی کە(هنتگتن) پێی وایە رووبەڕووی هێرش دەبێتەوە، بەکارهێنانی زمانی ئینگلیزییە. تا کۆتایی سەدەی بیستەم، زمانی ئینگلیزی زمانی باوی ئەمریکا بوو و بە چالاکییەوە بە کۆچبەران دەگوترایەوە، نەك ئەمە بە تەنیا، چونکە ئەمریکییەکان بە درێژایی مێژوو بەم زمانە قسەیان دەکرد، بەڵام دیسان لەگەڵ بوونی گرووپگەلی دیکەی زمان کە کۆمەڵێك کۆچبەری جیاواز هێنایانە ئەمریکا، بۆیە فێرکردنی هەمووان تا قسەی پێ بکەن و بە زمانی ئینگلیزی بنووسن زامنی بەردەوامبوونی پەیوەندیی نێوان ئەو گرووپانەیە.

ئەم نەریتە بێ مەبەست، بەهۆی بەشی شەشەمی یاسای مافە مەدەنییەکان لابرا، کە بە جیاکاری لەسەر بنەمای (رەچەڵەکی نەتەوەیی) قەدەغە دەکات. ئەم یاسایە بەوە لێکدرایەوە، کە واتا دەنگدەران ئەوانەی بە ئینگلیزی قسە ناکەن، مافیان هەیە یارمەتی وەربگرن بە پێی بەندی (رەچەڵەکی نەتەوەیی)، تاکو بێبەش نەبن. ئەمەش بووە هۆی دەنگدانی جووت زمانی و سەرەتای فێربوونی جووت زمانی لە ساڵی ١٩٧٤، یاسای مافە مەدەنییەکان هەموار کرایەوە، تاکو قوتابخانەکان ناچاربکرێن فێرکردنی زمان و کولتووری دایك بۆ قوتابی پێش بخەن، بەوەی پێویستە رێگا بە منداڵ بدرێت، چالاکانە پێش بکەوێت لە رێی سیستەمی پەروەردەوە.

دواجار، تاکە ئالینگاری بەپەلە کە ئەمریکا رووبەڕووی بۆتەوە، بە رای (هنتگتن) بریتییە لە کێشەی کۆچی مەکسیکی و ئەنجامی بە ئیسپانیکردنی ئەو ناوچانەی ویلایەتە یەکگرتووەکان کە هاوسنوورن لەگەڵ مەکسیك. ئەو دەترسێت کە ئەنجامی کۆچی مەکسیکی بۆ ئەمریکا دابەش بێت،(هنتگتن) پێی وایە کە کۆچی مەکسیکی جیاوازە لەگەڵ کۆچی پێشوو بە چەند رێگایەکی بنەڕەتی.

کۆچی مەکسیکی تەنیا بە چەند رێگایەك جیاواز نییە لەگەڵ کۆچی پێشوو، بەڵکو(هنتگتن) پێی وایە کە مەکسیکییەکان جیاوازن لەگەڵ کۆچبەرانی دیکە کە ئاوێتەی کۆمەڵگەی ئەمریکا بوون، لەبەر چەند هۆیەك، لەوانە زمان، خوێندن، ناسنامە، دەشڵێت کە جیاوازییەکان سەرەئەنجامی جیاوازییە کولتوورییەکانە لەنێوان کولتووری ئەنجلۆ پرۆتستانتیی ئەمریکی و کولتووری کاسۆلیکیی ئیسپانی.

ئەم شێوازە بەردەوامییەی شەپۆلی رەوکردنی کۆچبەران لە ئەمریکای لاتینییەوە، بەتایبەتیش مەکسیك، بە کردەنی بووە هۆی گۆڕانکاری لە کولتوور و کار و زمان و خوێندن لە باشووری رۆژئاوای ویلایەتە یەکگرتووەکان، ئەگەر ئەم ئاراستەیە بەردەوام بوو، دەبێتە هۆی یەکخستنی ئەو بەشەی وڵات لەنێو کوتلەیەکی کولتووریی جیاوازی ناو ویلایەتە یەکگرتووەکان و دەبێتە هەڕەشەی دابەشبوونی ئەمریکا.

● **نوێکردنەوەی ناسنامەی ئەمریکا**

دوای روونکردنەوەی ئەو مەترسییانەی پەیوەستن بە لاوازکردنی ئەمریکا و دواتریش پێشبینییەکان بە (لێکترازان)، ئەوەی کە رەنگە رووبدات بە شێوەیەکی لۆژیك بە هۆی فرە کولتوورییەوە، یان پێکهێنانی حکومەت لە دەستەبژێرگەلێکی دابڕاو لە ناسیۆنالیستی، بە شێوەیەکی زۆر ئیرادەی جەماوەر فەرامۆش دەکات، (هنتگتن) هەوڵدەدات چارەسەرێك بۆ ئەو کێشانە داڕێژێت، مشتومڕی ئەوەش دەکات کە پابەندبوون بە بیروباوەڕی ئەمریکی بە تەنیا بەس نییە بۆ پاراستنی ناسنامەی ئەمریکا، نموونەی یەکێتیی سۆڤیەت دێنێتەوە کە دەوڵەتێك بوو هەوڵی دا، تەنیا ئایدیۆلۆجیا بەکاربهێنێت، کە هەوڵی دابوو ئایدیۆلۆجییا بەسەر کولتوورو نەتەوە جیاوازەکاندا بسەپێنێت، بەڵام لە کۆتاییدا هەرەسی هێنا، دەکرێت هەمان چارەنووس بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکانیش

**هەموو بەڵگەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە زۆربەی ئەمریکییەکان پێیان وایە دەوڵەتەکەیان (چاکترین هیوایە بۆ جیهان) و ماناکەی لە خۆی زیاترە**

**لە زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا، تەنیا ژمارەیەکی کەم هەیە لە چەمکە قەبەکان و بیرۆکە باوەکان کە پسپۆڕیین، بەڵام پەل دەکێشن بۆ پسپۆڕییەکانی دیکە، بۆیە دەگوترێت کە بەهێزترین چەمک، چەمکی کولتوورە کە لە کۆتایی سییەکان و سەرەتای چلەکانی سەدەی رابردوو سەری هەڵدا**

**لە ساڵی١٩٤٨ زانای سیاسی (ناسان لییتس) توێژینەوەیەکی بڵاوکردەوە دەربارەی (گریمانەییە کولتوورییەکانی کردارە سیاسییەکان) کە زۆر نزیک بوون لە بەکارهێنانی چەمکی کولتووری سیاسییەوە**

بێت، ئەگەر ئەمریکییەکان بەشداری لە ژیانی ئەمریکادا نەکەن، زمانی ئینگلیزی و مێژوو داب و نەریت فێربن، کولتووری ئەنجلۆ-پرۆتستانتیی ئەمریکی لەخۆ بگرن، بە شێوەی بنەڕەتی شارەزای ئەمریکا بن، لە جیاتی وڵاتی لەدایکبوونیان، ئەو پێشنیار دەکات کە ئەمریکییەکان روو لە پرۆتستانتی بکەن، دەرك بەوە بکەن کە ئەوەی ئەمریکا لە وڵاتانی دیکە جودا دەکاتەوە، ئەوەیە کە دەوڵەتێکی رۆژئاوایی ئایینداری توندە، لەسەر پرەنسیپی رۆشنگەری و چاکسازیی پرۆتستانتی دامەزراوە.

دواجار، (هنتگتن) رێگای دیکە دێنێتەوە کە ناسنامەی ئەمریکایان لاواز کردووە، کە بریتین لە: هەرەسهێنانی یەکێتیی سۆڤیەت کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی بێ دوژمن بەجێ هێشت و کە خۆی بە دوژمنی بزانێت، داماڵینی رەگەزنامە لە دەستەبژێرگەلێکی بازرگانی و پیشەیی و فیکری و ئەکادیمی، مەبەستی (هنتگتن) لە داماڵینی رەگەزنامە، ئەوەیە کە ئەمریکییەکان زۆرجار خۆیان وەك ئەندام لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دادەنێن، نەك لە ئاستیدا وەك هاووڵاتیانی ویلایەتە یەکگرتووەکان.

**● کولتووری سیاسیی ئەمریکا**

لە توێژینەوەیەکی گرنگدا دەربارەی کولتووری سیاسیی ئەمریکا، توێژەر (کرینستۆن) بیرۆکەیەکی نووسیوە کە لە سیاسەتمەداری ئەمریکایی (بارکەر) وەرگیراوە، کە لە سوودی (وتاری راگوزەرو هەمیشەیی مەسیحییەت)دایە. بابەتەکەی کرینستۆن هاوشێوەی بیرکردنەوەکەی بارکەرە، کە هەندێك لە مەسیحییەت لەناو سیاسەتی ویلایەتە یەکگرتووەکاندا هەیە، بەمەش کرینستۆن هەندێ خاڵی جیاکەرەوەی سیاسەتی ئەمریکای دەستنیشان کردووە، ئەم میتۆدەش رێگایەکی تازەی بیرکردنەوە دەستەبەردەکات لە چەمکی مانۆڕایی سیاسەت، کە یەکێکە لە بابەتە زۆر دیارو دووبارەبووەوە لە ناونیشانەکان، بەو پێیەی ئەرکێکی کولتووریی زۆر بەردەوامە لە سیاسەتی ئەمریکا.

**● فەزیڵەتی مەدەنی**

(فەزیڵەتی مەدەنی) یەکێك لە دیارترینی ئەو بابەتانە بوو کە زاڵ بوون بە سەر دیبەیتییەکانی پاڵێوراوانی سەرۆکایەتیی ئەمریکا، کە تێیدا راکان دەخرێنە روو و داوا لە گەلی ئەمریکا دەکات، قوربانی لەپێناو خێروبێرێکی بەرزتر پێشکەش بکەن. ئەو بابەتانەی لەلایەن رکابەرانەوە دەخرێنە روو، لەنێوان بەها مەدەنییەکان و یەکێتیی نیشتمانی و پرەنسیپە گشتییەکانی سیاسەتی ئەمریکا و پرسەکانی پەیوەست بە فیدراڵییەتی ئەمریکادان.

**● پەیامی ئەمریکا**

زیاتر لە سێ چارەکی ناونیشانی دیبەیتییەکان ئاماژە بۆ ئەرکی نەتەوەی ئەمریکا دەکەن، بەو ناوەی ئەرکێکی تایبەتیی نەتەوەیە لە مێژوودا بۆ بڵاوکردنەوەی پیرۆزییەکانی حوکمڕانی گەل لە جیهاندا، هیچ کەسێك بە قسە وەك (جۆرج واشنتۆن) بە رەوانبێژییەکی دیارەوە نەیگوتووە: «پارێزگاریکردن لە بڵێسەی ئازادی و قەدەری پیرۆزی نموونەی کۆماریی حوکمڕانی».

هەموو بەڵگەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە زۆربەی ئەمریکییەکان پێیان وایە دەوڵەتەکەیان (چاکترین هیوایە بۆ جیهان) و ماناکەی لە خۆی زیاترە. بە درێژایی ساڵان و لەگەڵ ئەوەشدا، سروشتی ئەرکەکە گۆڕاوە و چەندین توێژینەوەی تازە بەکارهاتوون دەربارەی سیاسەتەکانی دەوڵەتی ئەمریکا، بە تایبەتیش بەکارهێنانی چەمکی کولتوور بۆ باسکردنی جیاوازییەکان لە خاسییەتە سیاسییەکانی دەوڵەتدا. هەموو بەڵگەیەکی ئەم هەوڵانە دەخرێنە روو بەوەی کە جیاوازییە کولتوورییەکان لە جیاوازییەکانی سیما سیاسییەکان یان ئابوورییەکان جودادەکرێنەوە.

لە زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا، تەنیا ژمارەیەکی کەم هەیە لە چەمکە قەبەکان و بیرۆکە باوەکان کە پسپۆڕیین، بەڵام پەل دەکێشن بۆ پسپۆڕییەکانی دیکە، بۆیە دەگوترێت کە بەهێزترین چەمك، چەمکی کولتوورە کە لە کۆتایی سییەکان و سەرەتای چلەکانی سەدەی رابردوو سەری هەڵدا. لەوکاتەی کە زانستییە کۆمەڵایەتییەکان گەیشتنە ئەو ئاستەی پێگەیشتن، کە بەس بوون بۆ وتووێژ و شیکردنەوەی کێشەکان کە ئەو کاتە رووبەڕووی جیهان بووەوە. تازە ئەمریکا لە گۆشەگیرییەکەی بەئاگا دەهات، جیهانێکی وورووژێنەر لە کۆتایی جەنگی یەکەمی جیهان

**(تالکۆت پارسۆنەر) پێی وا نییە کە سیاسەت سیستەمێکی تەواو پێکبهێنێت وەک سیستەمە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان، هەروەها بە بەشداری لەگەڵ هاوڕێیەکەی (ئادوەرد شیلز) زیاتر دەڵێت: ئەستەمە سیستەمە گشتییەکان پەرەیان پێ بدرێت، بە تایبەتیش لە کایەی سیاسیدا**

**زانستە سیاسییەکان هەمیشە هەوڵدەدەن، چاکترین شتی کۆمەڵناسی و دەروونناسی کۆبکەنەوە، چونکە بواری هەر یەک لە کۆمەڵە و تاک دەگرێتەوە، دەوڵەت و کۆمەڵگە لە لایەکەوە، سەرکردەو هاووڵاتی لە لایەکی دیکەوە**

**دەکرێت ئێستا پەنا بەرنە بەر فێربوونی تیۆرەکەو پەرەسەندنی مەعریفی وەک تیۆرەکان کە هەست دەکەن قورساییەکی زۆر، دواتر رێزگرتن، بە عەقڵانیەت دەبەخشن**



**تیۆرەکان سەبارەت بە (قەیرانی نوێبوونەوە)و (کۆمەڵگەی جەماوەری) کە لە سییەکان و چلەکانی سەدەی رابردوو دارێژران بۆ شرۆڤەکردنی هەڵکشانی تۆتالیتارییەت لە ئەوروپا، کاریگەرییان هەبوو بۆسەر کاری پێشوەختە لە وڵاتانی تازە پێگەیشتوودا**

هەبوو، چەندین هێز سەریان هەڵداو دواتریش تۆتالیتاریی ئەڵمانی و سۆڤییەتی جێگیر بوون، جەختیان دەکردەوە راستەوخۆ لەسەر هاتنە ئارای نەوەیەك لە توێژەرانی ئەمریکی تا گرنگیی توێژینەوەی جیاوازییە کولتوورییەکان فێربن.

لەم ماوەیەدا و لەمیانی وازهێنانی گۆشەگیریدا، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بوو بە (هێزێکی جیهانی)، ئەم پەرەسەندنانە لە جیهانی سیاسەتدا بزر نەبوو، بۆیە لە ساڵی١٩٤٨ زانای سیاسی (ناسان لییتس) توێژینەوەیەکی بڵاوکردەوە دەربارەی (گریمانەییە کولتوورییەکانی کردارە سیاسییەکان) کە زۆر نزیك بوون لە بەکارهێنانی چەمکی کولتووری سیاسییەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، پەرەسەندنی جەوهەری لە ساڵی ١٩٥٦ دەستی پێ کرد، کاتێك زانای سیاسیی ئەمریکی (گابریل ئەلمۆند) بە راشکاوی چەمکی کولتووری لە توێژینەوە سیاسییەکان بەکارهێنا، هەروەها کولتوور لە چوارچێوەی زانستی سیاسەتدا زیاتر بوو بە مایەی سەرسوڕمان، چونکە چەمکەکە وەڵامی چەندین پرسیاری ورووژێنەری لە زانستی سیاسەتدا دایەوە. بەم شێوەیە، لەکاتێکدا کە زانستە سیاسییەکان رەنگە زۆر لەسەرخۆ بوون لە وەرگرتنی چەمکی کولتووری سیاسی لە پەنجاکانی سەدەی رابردوو، کە ئامادە بووە بۆ سوودوەرگرتنی خێرا و فراوان لە پەرەسەندنی چەمکەکە، دیارترینی ئەوانەی کە بەشدارییان لەم بابەتەدا کردووە (لاسۆیل) و (ئەلمۆند)ن. هێزی (لاسۆیل) لە بەستنەوەی نێوان شرۆڤەکردنی دەروونی و سیاسەتدا لە شیکردنەوەی ئەزموونەکانی خەڵکدا دەبینێتەوە، لەگەڵ ئاراستە جیاوازەکانی ئایدیۆلۆجییەت،



که کۆمەڵێکی هەمەجۆر رۆڵی سیاسی دەبینن لە بەرپرسان و رەخنەگر و نەیاران.

بەشداریکردنی بەرزی (لاسوێل) لە تیۆری دروستکردنی بڕیار لە دارشتنەکەیدا بووە، کە (پیاوی سیاسی) پاڵنەرگەلی تایبەت لەخۆدەگرێت کە بە شتی گشتی و عەقڵانی دەیگۆڕێت، ئەوەش بە واتای: چالاککردنی هێز کە سیاسەتمەدارەکان چالاکانی سیاسی پاڵ دەدەن کە هۆشیار بن و دواتر ئەمە بنەمایەکە بۆ پێکهاتەی کەسایەتییان.

جەختکردنەوەی لاسوێل لەسەر سایکۆلۆجییەتی تاك لە دیراسەکردنی بەشداریکردنی هاووڵاتیان لە سیاسەتدا زوو بوو، دیراسەکردنی رەفتاری هەڵبژاردن گرنگییەکی بەرچاوی وەرگرت لە میانی تێڕوانینی دوورتر بۆ دیاریکردنی حزب، هەروەها لەجیاتی ئەوە جەختکردنەوە لەسەر خوێندن، بەو گریمانەیەی کە پاڵنەرەکان لە فاکتەرە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان پێکدێن، هەروەها لە بنەما دیمۆگرافییەکانی وەك تەمەن و رەگەز و پاشخانی رۆشنبیریی هاووڵاتیان.

ئەمە ئەو میتۆدەی کۆمەڵێك توێژینەوەی وژوورێنەر بوو دەربارەی هۆکاری دەنگدان، یان دەنگ نەدانی هاووڵاتیان، کە لەگەڵ (چارلزمیریام) و( هارۆڵد لاسوێل) ساڵی ١٩٢٤ دەستی پێکرد، دواتر لای (سایمۆر لیبست) لە ساڵی ١٩٦٠ پەرەی سەند. لەم قۆناغەدا (گابریل ئەلمۆند) جڵەوی دەستپێشخەریی گرتە دەست لە پۆلێنکردنی چەندین جۆری دەوڵەت، بەپێی تیۆری هەیکەلبەندیی کار دەربارەی سیاسەتی نیشتمانی، بۆیە سیستەمی سیاسی دەستنیشان کرا لە رووی زنجیرەیەك کارەوە کە هەیکەلبەندیی جیاجیا ئەنجامی دەدات، بۆ

**کارەکانی وەک دوورکەوتنەوە لە ئازادیی (ئێریک فروم) و بنەچەکانی تۆتالیتاریی (هانا ئەرندت) کە جەختیان کردۆتەوە لەسەر عاقیبەتی هەستی خەڵک بەوەی کە لە جیهانی نوێدا بێ رەگن، وایان کردووە کە خەڵکی گەمارۆدراوی نێوان کولتووری نەریتیی کۆنیان و جیهانی نوێدا هەست دەکات کە بێ رەگن یان رەگدارن بە مەیلی حەزکردن بە هۆیەکانی حەسانەوە لە ئایدیۆلۆجییە تۆتالیتارییەکان**

نموونە: (یاسادانان و سوپا لە سیستەمێکی دیکە، دەکرێت حزبێکی دەستڕۆیشتوو لە سیستەمێکدا ئەنجامی بدات، لە سیستەمی دیکەش ئەنجومەنەکانی یاسادانان بیکەن).

(تالکۆت بارسۆنەر) پێی وا نییە کە سیاسەت سیستەمێکی تەواو پێکبهێنێت وەك سیستەمە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان، هەروەها بە بەشداری لەگەڵ هاوڕێیەکەی (ئادوەرد شیلز) زیاتر دەڵێت: ئەستەمە سیستەمە گشتییەکان پەرەیان پێ بدرێت، بە تایبەتیش لە کایەی سیاسیدا، بە هۆی سروشتی تایبەتمەندیی پرۆسەی سیاسی کە لە پێناسەیدا بۆ سیاسەت دەستنیشانی کردووە: (کێ چی دەست دەکەوێت و کەی و چۆن؟) لەم دیاریکردنەی سیاسەتدا بەرژەوەندییەکان هێزی پاڵنەرن لە پێکهێنانی لایەنە سیاسییەکان، سیاسەتی بەوە داناوە کە بریتییە لە ململانێی بەردەوام دەربارەی بەها ماتریالی و ناماتریالییەکان.

(دەیڤید ئیستۆن) نموونەی خۆی وەك سیستەمی سیاسی پێشکەش کرد کە چەندین دەروازەو دەرچە لەخۆ دەگرێت، (کارل دۆیچ) روونی کردەوە کە سیستەمی سیاسی لە شێوەی ئامێری کۆمپیۆتەرە و دواجار دەکرێت شرۆڤە بکرێت لە رووی تیۆرگەلی تازەی سیبەرنەتیکییەوە، لاسۆیل **١٩٣٠** نزیك بوو لە وێنەگرتنی سیاسەت وەك سیستەمێك لە وتووێژە شاردراوەکانیدا تا رادەی ئەوەی (دەوڵەت وەك فرە رووداوێکە)، تیۆری سیاسەتی نیشتمانی وەك سیستەمێکی کار و پرۆسەکان تێڕوانینێکی سەرتاپاگیری دەروازە و دەرچەکانی هێنا، کە هەلومەرجی کۆمەڵایەتی و دەروونی بە توندی کاریگەرییان بۆسەر دەروازەکان هەبووە، دەکرێت دەروونی سەرکردەکان یەکلاکەرەوە بێت لە وەرگرتنی بڕیار تایبەت بە دەرچە سیاسییەکان.

زانستە سیاسییەکان هەمیشە هەوڵدەدەن، چاکترین شتی کۆمەڵناسی و دەروونناسی کۆبکەنەوە، چونکە بواری هەر یەك لە کۆمەڵە و تاك دەگرێتەوە، دەوڵەت و کۆمەڵگە لە لایەکەوە، سەرکردەو هاووڵاتی لە لایەکی دیکەوە.

هەموو بیرمەندە باڵاکان لە فەلسەفەی سیاسیی کلاسیکیدا هەوڵیان دا، زانستی زۆر پێشکەوتوو بخەنە تیۆرەکانیانەوە، تایبەت بە رەفتاری مرۆیی و تاکەوە، دواتر بە تەواوی گونجاو بوو بۆ رێکاری گواستنەوەی تیۆری کولتووری لە ئەنترۆپۆلۆجیاوە بۆ زانستە سیاسییەکان، بڕێکی زۆری گومانی سەرەتایی هەبوو سەبارەت بە چۆنێتیی مامەڵەکردن لەگەڵ پەروەردەی کۆمەڵایەتی لە قۆناغی منداڵیدا. زۆر بە خێرایی روون بووەوە کە گواستنەوە لە مەشقکردن لەسەر کارە ئاسانەکان، بۆ رەفتاری بەرپرسانی حکوومی وەرچەرخانێکی بەرچاو بوو، کێشەکە تا رادەیەك سووك کرا، ئەویش بە هێنانی چەمکی پەروەردەکردنی سیاسی، بەم شێوەیە گریمانە بوو بەوەی کە دوای پەروەردەکردنی پێشوەختەی کۆمەڵایەتی لە کولتووری گشتیدا، کە پرۆسەیەکی دووەمی پەروەردەکردنی کۆمەڵایەتیی سیاسی هەبوو، بە شێوەیەك کە خەڵك لە سیستەمی سیاسییەوە فێربووە، ئەو زیادەیە مایەی قبووڵکردن بوو لەلایەن ئەوانەی رەمەکیانە ئاسوودە نەبوون، تایبەت بە تیۆریزەکردنی شرۆڤەیی دەروونی، دەکرێت ئێستا پەنا بەرنە بەر فێربوونی تیۆرەکەو پەرەسەندنی مەعریفی وەك تیۆرەکان کە هەست دەکەن قورساییەکی زۆر، دواتر رێزگرتن، بە عەقڵانیەت دەبەخشن. لە شەستەکانی سەدەی رابردوودا، هەندێك توێژینەوە هەبوون تایبەت بە چۆنێتیی فێربوونی منداڵان لە قوتابخانەکاندا دەربارەی سیاسەت، هەروەها ئەوەی بیری لێ دەکەنەوە دەربارەی کەسایەتی و دامەزراوە سیاسییەکان بە رێگایەکی روون، تیۆرەکان سەبارەت بە (قەیرانی نوێبوونەوە) و (کۆمەڵگەی جەماوەری) کە لە سییەکان و چلەکانی سەدەی رابردوو دارێژران بۆ شرۆڤەکردنی هەڵکشانی تۆتالیتارییەت لە ئەوروپا، کاریگەرییان هەبوو بۆسەر کاری پێشوەختە لە وڵاتانی تازە پێگەیشتوودا. ئەو تیۆرانە جەختیان کردەوە لەسەر ئەگەری بوونی رایەڵە لەنێوان هەلومەرجەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتیی و میزاجی خەڵکدا، دواتر ئاماژەیان بە ئاراستەگەلێکی جیاوازی سیاسی کردووە، کارەکانی وەك دوورکەوتنەوە لە ئازادیی

**لە سەرهەڵدانی تەکنەلۆجیای رووماڵکردنی سامپڵدا بوو، کە توانرا جیاوازییەکان لە هەڵوێست و رەفتاردا لەنێوان سامپڵەکانی دیمۆگرافیای دانیشتووان بپێورێت، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە دەکرێت جیاوازییە کولتوورییەکان بابەتیانە دەست نیشان بکرێن**

**ئەلمۆند و ڤێربا لە توێژینەوەکەیاندا دەربارەی (کولتووری مەدەنی) گریمانەیان وا بوو کە دیموکراسییەت پێویستی بە کولتوور هەیە، ئەو ئەنجامانەی ئەو دوو کەسە پێی گەیشتن، تەرخان نەکرابوون بۆ بەراوردکاریی توخمەکانی لە توێژینەوەکانی دەنگدانی هەڕەمەکی**

(ئێریك فروم) و بنەچەكانی تۆتالیتاریی (هانا ئەرندت) كە جەختیان كردۆتەوە لەسەر عاقیبەتی هەستی خەڵك بەوەی كە لە جیهانی نوێدا بێ رەگن، وایان كردووە كە خەڵكی گەمارۆدراوی نێوان كولتووری نەریتیی كۆنیان و جیهانی نوێدا هەست دەكات كە بێ رەگن یان رەگدارن بە مەیلی حەزكردن بە هۆیەكانی حەسانەوە لە ئایدیۆلۆجییە تۆتالیتارییەكان، دواجار، كاركردن لەسەر پەرەسەندنەكانی دەوڵەتە پیشەسازییەكان، وەك دیراسەكردنی مەكاریسیزم لە رووی بە سەركەوتنی راستڕەوەی رادیكالیدا. (دانیال لیرنەر) تیۆری The Passing of Traditional Society ی پەرە پێ دا، تێیدا رۆڵی سەرەكیی هاوسۆزی خستەڕوو لە پرۆسەی نوێكردنەوە، دواتر هەوڵی دا رێڕەوی زنجیرە پەرەسەندن بخاتەڕوو كە مەدەنی بوون و نەهێشتنی نەخوێندەواری و بەشداریی سیاسی بگرێتەوە، هەروەها لە كاراكردنی تیۆرییەكەیدا، چەندین توێژینەوەی پەرە پێ دا، كە جەختكردنەوە بوو لە بەشدارییەكانی و پێشخستنی ئەو كارانە.

لە میانی ئەو ساڵانەدا، پەرەسەندنێكی دیكەی گەورە رووی دا لە زانستە كۆمەڵایەتییەكاندا، كە رەهەندێكی وای بەخشییە كولتووری سیاسی، كە لە پسپۆڕیی رەسەنی خۆیدا ئەو چەمكەی نەبوو، ئەمەش لە سەرهەڵدانی تەكنەلۆجیای رووماڵكردنی سامپڵدا بوو، كە توانرا جیاوازییەكان لە هەڵوێست و رەفتاردا لەنێوان سامپڵەكانی دیمۆگرافیای دانیشتووان بپێورێت، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی كە دەكرێت جیاوازییە كولتوورییەكان بابەتیانە دەست نیشان بكرێن.

(گابریل ئەڵمۆند ١٩٥٠) تیۆرێكی دوورتر لەمەی پێشكەش كرد لە میانی توێژینەوەیەكدا سەبارەت بە رای گشتی لە كێشەكانی سیاسەتی دەرەوەدا، هەر یەك لە (كاتز) و (لازفیلد ١٩٥٥) تیۆرەكەیان دەربارەی رەفتاری دەنگدان جێبەجێ كرد. ئەلمۆند و ڤێربا لە توێژینەوەكەیاندا دەربارەی (كولتووری مەدەنی) گریمانەیان وا بوو كە دیموكراسییەت پێویستی بە كولتوور هەیە، ئەو ئەنجامانەی ئەو دوو كەسە پێی گەیشتن، تەرخان نەكرابوون بۆ بەراوردكاریی توخمەكانی لە توێژینەوەكانی دەنگدانی هەرەمەكی، بەڵام بە تەواوی بووە هەوڵێك بۆ دیاریكردنی چۆنێتیی بەراوردكاریی گرووپەكانی دانیشتووان بەپێی تیۆری مەرجەكانی رەفتار، كە پێویستن بۆ دیموكراسییەتێكی سەقامگیر.

لە توێژینەوەیەكی (سیدنی فیربا) و هاوەڵەكانیدا ئاماژە بەوە كراوە كە بەكارهێنانی راپرسییەكان لە رێی جەختكردنەوە لەسەر بەراوردكارییە نیشتمانییەكان دەربارەی خەسڵەتە پتر سنوردارەكان و دیققەتی رەفتاری سیاسی وەك شێوەكانی بەشداركردن لە سیاسەتەدا. بە رای (رۆناڵد ئینگلهارت (١٩٧٥، ١٩٨٩) كێشە بنەڕەتییەكانی سیاسەت لە دەوڵەتانی پێشكەوتووی پیشەسازیدا هاوكاربوو بۆ بەردەوامبوونی كاری كولتووری سیاسی بە پشتبەستن بە رووماڵكردن، هەروەها لەمیانی تێبنیكردندا دەركەوت كە دەوڵەتەكان مەیلی سووڕانەوەیان لە دەوری پرسە كولتوورییەكاندا هەیە.

**بە رای (رۆناڵد ئینگلهارت (١٩٧٥، ١٩٨٩) كێشە بنەڕەتییەكانی سیاسەت لە دەوڵەتانی پێشكەوتووی پیشەسازیدا هاوكاربوو بۆ بەردەوامبوونی كاری كولتووری سیاسی بە پشتبەستن بە رووماڵكردن، هەروەها لەمیانی تێبینیكردندا دەركەوت كە دەوڵەتەكان مەیلی سووڕانەوەیان لە دەوری پرسە كولتوورییەكاندا هەیە**

(سیدنی ڤێربا) ددانی بەوەدا ناوە كە كولتووری سیاسی زۆرجار بەو شێوەیە مامەڵەی لەگەڵدا دەكرێت، بەوەی كە دوالێكدانەوەیە پەنای بۆ دەبرێت، ئەگەر رێگای دیكە بۆ یەكلاكردنەوەی ناكۆكییەكان نەبێت.

**(سیدنی ڤێربا) ددانی بەوەدا ناوە كە كولتووری سیاسی زۆرجار بەو شێوەیە مامەڵەی لەگەڵدا دەكرێت، بەوەی كە دوالێكدانەوەیە پەنای بۆ دەبرێت، ئەگەر رێگای دیكە بۆ یەكلاكردنەوەی ناكۆكییەكان نەبێت**

دیارە ئێستا كولتووری سیاسی دەبێتەوە پێشەنگ، هەتا بە پلەیەكی كەمتریش بێت، پرۆفیسۆر (هنتگتن) لە كتێبەكەیدا دەربارەی سیاسەتی ئەمریكا ١٩٨١ روونی كردۆتەوە كە ئەو پشێوییانەی لە كۆتایی شەستەكان و سەرەتای حەفتاكان لە ویلایەتە یەكگرتووەكان روویان دا، ئالنگارییەكی كەمتر بوو بۆ سیاسەتی ئەمریكا. ئەمڕۆش پێویستییەكی زۆر هەیە بۆ ئەمریكییانی یەكگرتوو، سەرباری سەقامگیری لە جیاوازییە كولتوورییەكانی نێوانیان، تاكو ویلایەتە یەكگرتووەكان زیاتر سەقامگیر بێت و رۆڵی پێشەنگی هەبێت لە پاراستنی ئاسایشی نیشتمانی، بە شێوەیەك بەردەوامیی پێ بدات لە سەركردایەتیكردنی جیهان بە بەها لیبراڵییەكان. ئەمە ئالنگاریی راستەقینەیە لەبەردەم ئەمریكییەكان (وەك سیاسەتمەدار و ركابەر لەسەر سەرۆكایەتی و وەك هاووڵاتیان)، لەپێناو ئەوەی كە وڵاتەكەیان پارێزگاری لە پێگەی خۆی بكات (وەك تاكە زلهێز) هەروەك پرۆفیسۆر هنتگتن پێشبینی بۆ كردووە.

# دیمانەی تایبەت



کریستۆفەر فێتەویس پرۆفیسۆرە لە بەشی زانستی سیاسی زانکۆی تۆلەین، تایبەتمەندی چەند بوارێکی گرنگە وەك سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا، ئاسایشی نێودەوڵەتی، ستراتیژیەت و سیاسەت و سیاسەتی بەراوردکاری. گوڵان لە میانەی دیمانەیەکدا چەند پرسێکی لەگەڵدا تاتوێ کرد، کە پتر پەیوەست بوون بە سیاسەتی دەرەوەی ئیدارەی سەرۆك دۆناڵد ترەمپ بەگشتی و سیاسەتی ئەم ئیدارەیە لە ئاست ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەتایبەتی و پرسی هەڵبژاردنە سەرۆکایەتییەکەی ئەمریکا.

## کریستۆفەر فیتەویس

پرۆفیسۆری زانستی سیاسی لە زانکۆی تۆلەین بۆ گوڵان:

# یان راپرسییەکان بە هەڵەدا چوون، یان جۆ بایدن سەرکەوتنێکی گەورە بەدەست دەهێنێت

*** بە شێوەیەکی گشتی چۆن لەو سیاسەتە دەرەکییە دەڕوانیت کە تا ئێستا ئیدارەی سەرۆك دۆناڵد ترەمپ گرتوویەتیەبەر و، ئایا لە کوێدا سەرکەوتوو بووە و، لە کوێدا شکستی هێناوە؟**

- لە راستیدا لە پەیوەندی بە سیاسەتی دەرەوە رەخنەیەکی زۆر لە ئیدارەی سەرۆك ترەمپ دەگیرێت، بەوەی رێچکەیەکی گۆشەگیرانەی گرتۆتەبەر و پتر کار بە دروشمی «ئەمریکا پێش هەموو شتێك» دەکات. هەرچۆنێك بێت، تاوەکو ئێستا ئەم ئیدارەیەی ئەمریکا بەردەوام بووە لە سەر ئەو رەوتەی کە دەکرێت بە رەوتی جاکسۆنی لێك بدرێتەوە، بە واتای ئەوەی کە شارەزاییەکی زۆری لە کاروبارەکانی جیهاندا نییە، بەڵام ئەوەی پێی باشە، ئەوە ئەنجام دەدات، واتە بە چاوپۆشین لەوەی کە راوێژکارەکانی چی پێ دەڵێن، یان ئەوەی شارەزایان پێی دەڵێن، ئەوا ئەو کارە دەکات کە بە باش و بە دروستی دەزانێت. بەڵام سەرۆك تەرمپ بانگەشەی ئەوە دەکات کە دەیەوێت خۆی لە شەڕەکان رزگار بکات و، خۆی لێیان بە دوور بگرێت، بەڵام دەبینێت رەوتێکی سەربازی دەگرێتەبەر، بۆ نموونە لە ئێستادا ژمارەیەکی زیاتری سەربازی ئەمریکی هەن لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بە بەراورد بەو سەردەمەی کە دەسەڵاتی نەگرتبووە دەست. کەواتە لە پەیوەندی بە سیاسەتی دەرەوەی ئیدارەی ترەمپەوە، ئەوا من هەمیشە نائومێد بووم، هێندەی ئەوەی کە هیچ سەرسامیش نەبووم بەم سیاسەتە، بەتایبەتی بڕیاری کشانەوە لە رێککەوتنی ئەتۆمی لەگەڵ ئێراندا. کە من

**ئەم ئیدارەیەی ئەمریکا تاوەکو ئێستا بەردەوام بووە لە سەر ئەو رەوتەی کە دەکرێت بە رەوتی جاکسۆنی لێک بدرێتەوە، بە واتای ئەوەی کە شارەزاییەکی زۆری لە کاروبارەکانی جیهاندا نییە، بەڵام ئەوەی پێی باشە، ئەوە ئەنجام دەدات**

پێم وایە ئەگەر جۆ بایدن سەرکەوتن بەدەست بهێنێت، ئەوا بە دڵنیاییەوە دووبارە دەگەڕێتەوە بۆ نێو ڕێککەوتنی ئەتۆمی لەگەڵ ئێران، کە ئەو هەمیشە ئەم هەوڵەی داوە.

*** ئێوە ئاماژەتان بە ئێران کرد، بەڵام ئەمریکا نەك هەر تەنیا لە ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکە کشاوەتەوە، بەڵکو گوشارێکی ئابووریی دژواریش دژی ئەو وڵاتە مومارەسە دەکات، ئایا بەکارهێنانی ئامراز و فشارە ئابوورییەکان بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکانی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا تا چەند سەرکەوتوو بوون؟**

- بە دڵنیاییەوە سەرکەوتوو نەبووە، چونکە ئەگەر ئامانجە خوازراوەکە ئەوە بێت کە دەسەڵاتدارانی ئێران بەو شێوەیە هەڵسوکەوت بکەن، کە ئەمریکا دەیەوێت، یان دەستبەرداری بەرنامە ئەتۆمییەکە بن، ئەوا دەتوانین بڵێین ئەم سیاسەتە دەرئەنجامی تەواو پێچەوانەی لێکەوتۆتەوە. هەروەها ئەمریکا کارێکی گەمژانەی کرد، کاتێك پەنای بردە بەر کوشتنی قاسم سلێمانی، لە هەمان کاتدا سزادانی خەڵکی ئێران بە هۆی کردەوەکانی دەسەڵاتدارەکانەوە کارێکی گەمژانەیە و دەرئەنجامی پێچەوانەی لێدەکەوێتەوە. واتە ئەم سیاسەتە نەك هەر تەنیا نامورالییە بەوەی تەواوی خەڵکی وڵاتێك بکەیتە بارمتە، بەڵکو لە ڕووی سیاسەتی دەرەوەش دەرهاویشتەی نەخوازراوی لێ کەوتۆتەوە. دواتر ئێمە لە سەر ڕێی ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانمان بووین لەگەڵ ئێراندا، ئیدارەی سەرۆك باراك ئۆباما ڕێچکەیەکی گرتەبەر کە ڕەنگە ببوایەتە هۆی ئەوەی چیتر ئێمە و ئێران وەك دوژمن باسی یەکتر نەکەین. بەڵام کەسانێك هەبوون لە ئێران پێیان وابوو ناکرێت متمانە بە ئەمریکا بکرێت و دەیانوت ئەمریکا بەڵێنەکانی خۆی نابەتەسەر و ئێمەش بۆمان کە سەلماندن ئەوان ڕاست بوون و ئێمە قسەی خۆمان نەبردەسەر. کەواتە ئەگەر لەم ڕووەوە لێی بڕوانین، ئەوا ئەمە مایەی کارەسات بووە و، بەکارهێنانی ئامرازی ئابووری لە بواری سیاسەتی دەرەوەدا دەیسەلمێنێت کە سەرۆك ترەمپ کەسێکە چەند هۆگری پارەیە. لەبەر ئەوە پێم وایە ئەمە کارەساتێکی مۆراڵی و ستراتیژییە.

**ئەگەر جۆ بایدن سەرکەوتن بەدەست بهێنێت، ئەوا بە دڵنیاییەوە دووبارە دەگەڕێتەوە بۆ نێو ڕێککەوتنی ئەتۆمی لەگەڵ ئێران، کە ئەو هەمیشە ئەم هەوڵەی داوە**

**ئیدارەی سەرۆک باراک ئۆباما ڕێچکەیەکی گرتەبەر کە ڕەنگە ببوایەتە هۆی ئەوەی چیتر ئێمە و ئێران وەک دوژمن باسی یەکتر نەکەین**

*** بەڵام ئایا ئەو ڕاستگۆ نەبووە لەگەڵ بەڵێن و بانگەشەکانی بەوەی کە هێزی سەربازیی ئەمریکا لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کەم دەکاتەوە؟**

- نەخێر، ئەو باسی لە کشاندنەوەی هێزەکانی ئەمریکای لە سووریا کرد، بەڵام ئەوەتا ئەو هێزانە لەو وڵاتەدا ماونەتەوە، هەروەها لە ئێستادا هێزێکی زیاتری ئەمریکا لە ناوچەی کەنداودا هەن، بە بەراورد بە سەردەمی پێش دۆناڵد ترەمپ و هێشتا هێزەکانی ئەمریکا لە ئەفغانستاندان، کە چەند جارێك سەرۆك دۆناڵد ترەمپ باسی لە کشاندنەوەی ئەم هێزانە کردووە و، تا ئێستاش هیچی نەکردووە.

*** بەڵام ئیدارەی سەرۆك دۆناڵد ترەمپ باس لەوە دەکات کە ڕێچکەیەکی بنیاتنەر و بەرهەمداری گرتۆتەبەر لە ئاست کێشە و تەحەددییەکانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و لەم ڕووەوە دەکرێت، ئاماژە بە هێنانەئارای ڕێککەوتنی ئاشتی لە نێوان ئیسرائیل لەگەڵ هەردوو وڵاتی ئیمارات و بەحرەیندا بکەین، بۆچوونی ئێوە لەم ڕووەوە چییە؟**

- بەڵێ، بە شێوەیەکی گشتی دەکرێت ستایش بکرێت لەبەر ئەوەی ئەمانە دوو ڕێککەوتنی باش بوون، ئەگەرچی ڕەنگە نەتوانین پێیان بڵێین ڕێککەوتنی ئاشتی، چونکە پێشتر لە نێوان ئیسرائیل و ئیمارات و بەحرەیندا شەڕ ڕووی نەداوە، بەڵام ددانپێدانانی دوولایەنە هەنگاوێکی باشە و ئەمە هەنگاوێکی باشە بۆ سەقامگیریی ناوچەکە لە ئایندەی دووردا. هەرچەندە ئەمە ڕەنگدانەوەی بەرەوپێشچوونی تێڕوانینەکان نییە لە ئاست چارەسەرکردنی کێشەی فەلەستیندا، هێندەی ئەوەی بەرەوپێشچوونی تێڕوانینە لە ئاست ئێران لە ناوچەی کەنداو و لە چوارچێوەی شەڕی ساردی نێوان سعودیە و ئێراندا.

*** بەڵام هەندێك پێیان وایە بەهۆی ئەگەری کاردانەوەی ئێرانەوە ئەوا ئەم جۆرە ڕێککەوتنانە زیاتر دەبنەهۆی هەڵکشانی گرژی و ئاڵۆزییەکانی ئەم ناوچەیە، لەلایەکی دیکەوە بۆچوونێك هەیە، پێیان وایە ئەمە پەرە بە پەیوەندییە ئابووری و بازرگانییەکان دەدات، ئێوە لەم بارەیەوە چی دەڵێن؟**

- من پێم وایە کاریگەرییەکی ئەوتۆی نابێت لەسەر تێکڕای پەیوەندییە ئابوورییەکان لەم ناوچەیەدا.

*** ئەگەر لە وێنە گەورەکە بڕوانین و ئاماژە بە پێگە و میسداقیەتی ئەمریکا بکەین، ئایا پێت وایە سیاسەتی دەرەوەی سەرۆك ترەمپ زیانی بە پێگەی ئەمریکا گەیاندووە و بگرە دامەزراوە نێودەوڵەتییەکانیشی لاواز کردووە؟**

- بەڵێ، ئەوە راستە کە دامەزراوە نێودەوڵەتییەکانی لاواز کردووە، دوایین بەڵگە و نموونە لەم بارەیەوە بریتی بوو لەوەی رەتیکردەوە ئەمریکا ببێتە بەشێك لە هەوڵێکی نێودەوڵەتی بۆ دۆزینەوەی ڤاکسینێك بۆ پەتای ڤایرۆسی کۆرۆنا. لە راستیدا دۆناڵد ترەمپ سەر بە قوتابخانەیەکی فیکرییە کە پێی وایە سیستمی نێودەوڵەتی و کاراکتەرە نێودەوڵەتییەکان جزوڵە و ئازادیی ئەمریکا کەم دەکەنەوە و بگرە زیان بە ئەمریکاش دەگەیەنن. بەڵام ئەگەر لە مێژوی ئەم دامەزراوانە بڕوانین، ئەوا ئەو راستییە بەدی دەکەین کە ئەمریکا رۆڵێکی گەورەی بینیوە لە دامەزراندنیاندا. بەڵام لە ئێستادا و لە نێو هەندێ لە ناوەندەکانی ئەمریکادا بێ متمانەییەکی زۆر هەیە، لە ئاست ئەم دامەزراوە نێودەوڵەتییانەدا و دۆناڵد ترەمپیش یەکێکە لەو کەسانەی نێو ئەم ناوەندانە. هەرچۆنێك بێت ئەگەر ترەمپ سیاسەتێکی جێگیری دەرەکی هەبێت، ئەوا ئەوەیە کە پێی وایە هەمووان خراپن و هەمووان دەیانەوێت سوود لە ئەمریکا وەربگرن و، باوەڕی وایە کە دامەزراوە نێودەوڵەتییەکانیش رەمزی ئەم حاڵەتەن. کەواتە ئەو نەتەوە یەکگرتووەکانی لاواز کردووە، رێکخراوی بازرگانیی جیهانی و چەندین رێککەوتنامەی نێودەوڵەتی لاواز کردووە. لەم رووەوە پێم وایە سەرۆکی داهاتوو پشێوییەکی زۆری بە میراتی بۆ جێ دەمێنێت بۆ ئەوەی رێکیان بخاتەوە.

*** واتە هاوپەیمانەکانی ئەمریکاشی دوور خستۆتەوە؟**

- بەڵێ، بەراورد بە سەردەمی پێش دۆناڵد ترەمپ، لە ئێستادا خراپترین پەیوەندیمان لەگەڵ نزیکەی سەرجەم هاوپەیمانەکانمدا هەیە، تەنیا پەیوەندییەکان نزیکتر بوون لەگەڵ ئیسرائیل و سعودیەدا، بە بەراورد بە پەیوەندییەکان لەسەردەمی ئیدارەی سەرۆك باراك ئۆبامادا. بەڵام هەواڵە خۆشەکە ئەوەیە کە زیانێکی هەمیشەیی بە پەیوەندییەکانمان لەگەڵ هاوپەیمانەکانمان نەگەیاندووە، واتە دەکرێت زۆربەی ئەم زیانانە پێچەوانە بکرێنەوە و دەکرێت پارچەکان کۆبکرێنەوە. بەڵام دەبێت لەگەڵ ئەوەشدا ئاماژە بەوە بکەین کە لە سایەی دەسەڵاتی سەرۆك ترەمپدا هیچ جەنگێکی گەورە رووی نەداوە. کەواتە دەکرێت هەڵەکانی بواری سیاسەتی دەرەوە راست بکرێنەوە.

*** پرسێکی دیکە لە ئێستادا لە ئەمریکا ئەوەیە کە رۆژ بە رۆژ لە هەڵبژاردنە سەرۆکایەتییەکەی ئەمریکا نزیك دەبینەوە، ئایا هەڵسەنگاندن و شرۆڤەی ئێوە بۆ هەڵمەتی هەڵبژاردنەکان تاوەکو ئێستا چییە؟**

- هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنەکان لە کۆتایی نزیك دەبنەوە و لە راستیدا هەڵمەتەکانیش سەیر و سەمەرە بوون و، بگرە بێ پێشینە بوون بە هۆی تەشەنەکردن و بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆناوە، بەڵام پێم وایە یان ئەوەتا راپرسییەکان گەورەترین هەڵەیان کردووە، یان ئەوەتا جۆ بایدن لە هەڵبژاردنەکاندا بە رێژەیەکی گەورە سەرکەوتن بەدەست دەهێنێت.

*** ئەی لێکدانەوە و هەڵسەنگاندنی ئێوە بۆ ئەدای ئابووریی ئیدارەی سەرۆك دۆناڵد ترەمپ چییە؟ ئایا پێت وایە ئەدایەکی هێندە باشی هەبووە کە دەنگدەرانی ئەمریکا لەبەرچاوی بگرن لە کاتی هەڵبژاردنەکاندا؟**

- ئەگەر لە زۆرێك لە ئاماژەکانی ئەدای ئابووری بڕوانیت، ئەوا لە هەڵکشاندا بوون و سەرۆك ترەمپیش ئەوە دووبارە دەکاتەوە کە ئەو باشترین ئابووری لە جیهاندا پێکهێناوە. بەڵام ئەوەی ترەمپ ئەنجامی داوە، بریتییە لە ئیدارەدانی ئەو ئابوورییەی کە بە رەوتێکی خاو بەڵام بەردەوام لە گەشەکردندا بوو، واتە راستە لە ئێستادا ئابووریی ئەمریکا باشترە بە بەراورد بە چوار ساڵ پێش ئێستا، بەڵام ئابووریی ئەمریکا لە گەشەکردندا بوو، تەنانەت پێش ئەوەی ترەمپ دەسەڵات بگرێتەدەست، کەواتە مەسەلەکە ئەوە نییە کە ترەمپ جۆرێك لە موعجیزەی خوڵقاندبێت لەم رووەوە.

**دۆناڵد ترەمپ سەر بە قوتابخانەیەکی فیکرییە کە پێی وایە سیستمی نێودەوڵەتی و کاراکتەرە نێودەوڵەتییەکان جزوڵە و ئازادیی ئەمریکا کەم دەکەنەوە و بگرە زیان بە ئەمریکاش دەگەیەنن**

**بەراورد بە سەردەمی پێش دۆناڵد ترەمپ، لە ئێستادا خراپترین پەیوەندیمان لەگەڵ نزیکەی سەرجەم هاوپەیمانەکانمدا هەیە**

## دیمانەی تایبەت



*** سەرەتا دەمانەوێت بزانین تێڕوانین و هەڵسەنگاندنی ئێوە بۆ سیاسەتی دەرەوەی ئیدارەی سەرۆك دۆناڵد ترەمپ لە ئاست ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا چییە؟.**

- لە ڕاستیدا بەشێك لە سیاسەتی دەرەوەی ئیدارەی سەرۆك دۆناڵد ترەمپ لە ئاست ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئەوە بووە کە هێزەکانی ئەمریکا لەم ناوچەیە بکێشێنەوە و بیانگەڕێنێتەوە بۆ وڵات، چونکە ئەو لە سەروەختی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنە سەرۆکایەتییەکەی ساڵی ٢٠١٦دا ئەم بەڵێنەی خستە ڕوو، کەواتە ئەمە بەشێکە لە ستراتیژیەتەکەی. لەلایەکی دیکەوە ئیدارەی سەرۆك ترەمپ گوشارێکی توندی ئابووریی بەسەر ئێراندا سەپاندووە، هەرچەندە نەیگەیاندۆتە هەڵگیرساندنی جەنگ لەگەڵ ئەو وڵاتە. ئەمانە بە شێوەیەکی گشتی خەسڵەتەکانی سیاسەتەکەیەتی ئەمریکان لە ئاست ئەم ناوچەیەدا. دواتر کێشە و ناکۆکیی ئیسرائیل و فەلەستینیش هەیە، کە لایەنگیرییەکی تەواوی سەرۆك وەزیرانی ئیسرائیل (بنیامین نەتنیاهۆ) دەکات، بە بێ ئەوەی توانیبێتی ڕێککەوتنی ئاشتی لە نێوان ئیسرائیل و فەلەستیندا بەدی بهێنێت. هەروەها لەم ڕووەوە سەرۆك ترەمپ دەیەوێت بانگەشە بۆ ئەوە بکات کە هەردوو وڵاتی ئیمارات و بەحرەین پەیوەندی دیپلۆماسییانەیان لەگەڵ ئیسرائیلدا دروست کردووە، بەڵام ئەمە نەبۆتەهۆی بەدیهێنانی ئاشتی لە نێوان ئیسرائیل و فەلەستینیدا.

**بەشێک لە سیاسەتی دەرەوەی ئیدارەی سەرۆک دۆناڵد ترەمپ لە ئاست ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئەوە بووە کە هێزەکانی ئەمریکا لەم ناوچەیە بکێشێنەوە**

*** ئێوە ئاماژەتان بە دروستبوونی پەیوەندیی دیپلۆماتی کرد لە نێوان ئیسرائیل و ئیمارات و بەحرەیندا، ئایا پێتان وانییە ئەمە نموونەی مامەڵەیەکی بنیاتنەرانە و بەرهەمداری ئیدارەی سەرۆك دۆناڵد ترەمپە لەگەڵ کێشەی ئەم ناوچەیەدا، ئایا ئەم ڕێککەوتنانە نابنەهۆی باشترکردن و سەقامگیرکردنی دۆخی ئەم ناوچە شڵەژاوە؟**

## گریگۆری ئەفتاندیلیان

**تایبەتمەندی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا بۆ گوڵان:**

# ئەگەری ئەوە هەیە لە هەڵبژاردنەکاندا جۆ بایدن سەرکەوتن بەدەست بهێنێت

**گریگۆری ئەفتاندیلیان شارەزا و تایبەتمەندی سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکایە، لە ئێستادا لە زانکۆی بۆستۆن وانەبێژە لە سکووڵی پاردی بۆ دیراساتی جیهانی و بۆ ماوەی ٢٠ ساڵ وەك شرۆڤەکاری کاروباری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە هەردوو وەزارەتی بەرگری و دەرەوەی ئەمریکا کاری کردووە. گوڵان لە میانەی دیمانەیەکدا چەند پرسیارێکی ئاراستە کرد، کە تەوەرەکانی پەیوەندیدار بوون بە سیاسەتی دەرەوەی ئیدارەی سەرۆك دۆناڵد ترەمپ و پرسی گەرمی هەڵبژاردنە سەرۆکایەتییەکەی ئەمریکا و پێشبینییەکانی پەیوەست بە دەرئەنجامی ئەو هەڵبژاردنانەوە.**

- نەخێر من باوەڕم وانییە، هەروەها ئێمە دەزانین کە هەوڵەکانی هێنانەئارای ئاشتی لە نێوان ئیسرائیل و فەلەستیندا، نەگەیشتنە هیچ ئەنجامێك، ئەویش بە ڕاددەیەکی زۆر بەهۆی ئەوەی سەرۆك ترەمپ لایەنگیری بۆ ئیسرائیل دەکات، وەك دانپێدانان بە قودس وەك پایتەختی ئیسرائیل و گواستنەوەی باڵیۆزخانەی ئەمریکا بۆ ئەو شارەو، ددانپێدانان بە سەروەریی ئیسرائیل بەسەر بەرزاییەکانی جۆلاندا، کە هەموو ئەم هەڵوێست و هەنگاوانە بوونەتەهۆی ئەوەی ئەمریکا نەبێتە میانگیرێکی باوەڕپێکراو لە پەیوەندی بە کێشەی ئیسرائیل و فەلەستینەوە، لەبری ئەوە پەیوەندی دیپلۆماسی لە نێوان ئیسرائیل و هەندێ وڵاتی کەنداو (ئیمارات و بەحرەین)دا دروست بووە، ئەمەش وەك دەستکەوتێکی گەورە خرایە ڕوو، بەڵام ئەمە سەری نەکێشا بۆ ئاشتییەکی درێژخایەن لە نێوان ئیسرائیل و فەلەستیندا.

*** بە تێڕوانینی ئێوە هۆکار و پاڵنەری سەرەکیی ئەم ڕێککەوتنەی نێوان ئیسرائیل و ئەم دوو وڵاتە عەرەبییە چی بوون، جگە لەوە کە ئێران بە هەڕەشەیەکی هاوبەش بۆ سەر خۆیان دەزانن؟.**

- لە ڕاستیدا هەندێ بەرژەوەندیی ئابووری هەن بۆ ئیسرائیل و بۆ ئیماراتیش، بە شێوەیەکی تایبەتی بۆ دروستکردنی پەیوەندیی بازرگانی لە نێوانیاندا، بەڵام پێم وایە پرسی ئێران هاوپەیمانێتی و پەیوەندییە دیپلۆماتییەکانی پتەوتر کرد. هەروەها پێش ساڵی ٢٠٢٠یش هەندێ پەیوەندی لە نێوان ئیسرائیل و ئیماراتدا هەبوون، کە هەموان دەیانویست ئاشکرا نەبێت. بەڵام بە دڵنیاییەوە ڕقی هاوبەش لە ئاست ئێراندا هاوکار بووە بۆ ئەوەی ئەو دوو وڵاتە پەیوەندیی دیپلۆماتی لەگەڵ یەکتردا دابمەزرێنن. لەگەڵ ئەوەشدا ئەم پەیوەندییە لایەنی ئابووری و هەروەها

**پێش ساڵی ٢٠٢٠یش هەندێ پەیوەندی لە نێوان ئیسرائیل و ئیماراتدا هەبوون، کە هەموان دەیانویست ئاشکرا نەبێت**

لایەنی گەشتیارییش لەخۆ دەگرێت، بۆ نموونە زۆرێك لە ئیسرائیلییەكان دەیانەوێت بۆ پشوو رووبكەنە ئیمارات.

*** بەڵام تا چ رادەیەك ئەم رێككەوتنە كە (ئیدارەی سەرۆك ترەمپ بانگەشەی ئەوە دەكات سەركەوتنێكی دیپلۆماتی گەورەیە) لە دووبارە هەڵبژاردنەوەی دۆناڵد ترەمپدا هاوكار دەبێت؟.**

- من پێم وانییە هاوكار بێت لە دووبارە هەڵبژاردنەوەی سەرۆك ترەمپدا، چونكە كاتێك ترەمپ لە ساڵی ٢٠١٧دا دەسەڵاتی گرتەدەست، بانگەشەی ئەنجامدانی رێككەوتنی سەدەی دەكرد، واتە هێنانەئارای ئاشتی لە نێوان ئیسرائیل و فەلەستیندا، كە هەروەك ئاماژەم پێكرد، ئەمە بە هیچ دەرئەنجامێك نەگەیشت و نەیتوانی ئەم ئامانجە بەدەست بهێنێت، كەواتە ئەم رێككەوتنە بەدیلانە هاوشان نەبوون لەگەڵ بەدەستهێنانی رێككەوتن لە نێوان ئیسرائیل و فەلەستیندا، كە ئومێدی ئەوەی هەبوو بەدی بهێنێت كاتێك دەسەڵاتی گرتەدەست، بەڵام بە دڵنیاییەوە ئەو كەسانەی نێو ئەمریكا كە پشتیوانی لە ئیسرائیل دەكەن، ئەمە بە هەوڵێك دەزانن بۆ هاوكاریكردنی ئیسرائیل بۆ شكاندنی ئەو گۆشەگیرییەی ئەم وڵاتە بەدەستییەوە دەناڵێنێت لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و، دامەزراندنی پەیوەندیی دیپلۆماتی زیاتر لەگەڵ جیهانی عەرەبیدا، كەواتە لەم رووەوە ئەمە هاوكار دەبێت بۆ بنكە جەماوەرییەكەی لە رووی سیاسییەوە، بەڵام رای گشتی ئەمریكا سەرسام ناكات بەوەی سەرۆك ترەمپ هەنگاوی گەورەی هەڵگرتووە بەرەو ئاشتی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.

*** ئایا بە شێوەیەكی گشتی دەتوانین بڵێین كە دۆناڵد ترەمپ راستگۆ بووە لەگەڵ ئەو بەڵێنانەی لە سەروەختی هەڵبژاردنەكانی پێشوودا خستنیە روو؟.**

- تا رادەیەك بەڵێ، یەكێك لە بانگەشە سەرەكییەكانی ترەمپ لە سەروەختی هەڵبژاردنەكانی ساڵی ٢٠١٦دا ئەوەبوو كە ئەمریكا لە چەندین شەڕەوە گلاوە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، كە بارگرانییەكی زۆریان بۆ ئەمریكا دروست كردووە و رایگەیاند كە ئێمە بەم شێوەیە تێوەناگلێین، ئەمەشی كردە بەڵێنی هەڵبژاردنەكان. بەڵام لەلایەكی دیكەوە ترەمپ نەیتوانی ئەوە بەدەست بهێنێت كە بانگەشەی بەدەستهێنانی دەكرد لە پەیوەندی بە هێنانەئارای ئاشتی لە نێوان فەلەستین و ئیسرائیلدا.

*** ئەی هەڵسەنگاندنی ئێوە بۆ هەڕەشەكانی ئەم دواییەی ئیدارەی سەرۆك ترەمپ بۆ كشاندنەوەی باڵیۆزخانەی وڵاتەكە لە عێراق چییە؟**

- بە تێڕوانینی من ئەمە گەمەیەكی مەترسیداری سیاسی بوو، چونكە كشاندنەوەی سەرجەم هێزەكانی ئەمریكا لەم ساتەوەختەدا و داخستنی باڵیۆزخانەی ئەمریكا لە عێراق، ئاماژەیەك بە دوژمنەكان دەدات كە ئەمریكا لە باری هەڵاتندایە، پێم وانییە ئەمە خزمەت بە سەقامگیریی وڵاتی عێراق بكات. هەرچەندە باس لەوە كراوە كە قەبارەی بوونی هێزەكانی ئەمریكا لە عێراقدا كەم بكرێتەوە چونكە فەرماندە سەربازییەكان باسی كەمكردنەوەی ئەم هێزانەیان كردوە، بۆ نموونە لە پێنج هەزار سەربازەوە بۆ سێ هەزار سەرباز، بەڵام بە رای من باسكردن لە داخستنی تەواوی باڵیۆزخانەكە هەڕەشەیەكی بەتاڵ بوو دەرئەنجامێكی زۆریشی بەدەست نەهێنا.

*** ئاشكرایە كە ئێران هێزێكی دەستڕۆیشتووی كاریگەرە لە نێو عێراقدا و ئاشكراشە كە ئێران و ئەمریكا چەندین كێشە و ناكۆكییان هەیە، بەڵام ئایا پێت وایە ئەمریكا لەم گەمەی بەدەستهێنانی دەستڕۆیشتووییەدا لە نێو عێراقدا لەبەرامبەر ئێران سەركەوتو بووە؟.**

- سەرەتا دەبێت ئەوە بڵێین كە دەبێت حكومەتی عێراق هاوسەنگییەكی هەستیار رابگرێت، واتە دەبێت هەوڵبدات باشترین پەیوەندیی لەگەڵ ئێراندا هەبێت، كە دەوڵەتێكی دراوسێیە، هەروەها باشترین پەیوەندی لەگەڵ ئەمریكادا هەبێت، كە لە رووی سەربازییەوە و تا رادەیەكیش لە رووی ئابوورییەوە هاوكاریی دەكات، بەڵام پێم وایە، هەر لەبەر ئەمەشە كە باوەڕم وایە هەڕەشەی داخستنی باڵیۆزخانە و كشانەوەی یەكجاری لە عێراق لەلایەن ترەمپەوە، هەنگاوێكی ژیرانە نەبوو، چونكە ئەمە زیاتر لە بەرژەوەندیی ئێراندا دەبێت.

**ترەمپ لە پەیوەندی بە هێنانەئارای ئاشتی لە نێوان فەلەستین و ئیسرائیلدا نەیتوانی ئەوە بەدەست بهێنێت كە بانگەشەی بەدەستهێنانی دەكرد**

**هەڕەشەی داخستنی باڵیۆزخانە و كشانەوەی یەكجاری لە عێراق لەلایەن ترەمپەوە، هەنگاوێكی ژیرانە نەبووە و ئەمە زیاتر لە بەرژەوەندیی ئێراندا دەبێت**

**ئومێدی ئیدارەی سەرۆك دۆناڵد ترەمپ بەوەی كە گوشاری ئابووری ببێتەهۆی گۆڕینی دەسەڵات لە ئێراندا، بەدی نەهاتووە**

*** ئاشكرایه كه ئەمریكا گوشارێكی ئابووری و دارایی قورسی بەسەر ئێراندا سەپاندووە، كە هەندێ پێی دەڵێن شەڕێكی ئابووری، ئەگەرچی نەگەیشتۆتە ڕادەی شەڕی سەربازی، پرسیارەكە ئەوەیە تا چ ڕادەیەك ئەم ڕێچكەیەی ئەمریكا لە بەرامبەر ئێراندا ئامانجەكانی خۆی پێكاوە؟.**

- ڕەنگە بتواندرێت مشتومڕی ئەوە بكرێت كە گوشاری ئابووری لەسەر ئێران بۆتەهۆی لاوازكردنی ئەو وڵاتە، بەڵام نەبۆتەهۆی گۆڕینی دەسەڵات و ڕەفتاری ئێران، ڕاستە ڕەنگە ئێران داهات و دارایی ئەوتۆی لەبەردەستدا نەبێت بۆ ئەوەی بیداتە حزبوڵا لە لوبنان، یان هەندێ لە گروپەكانی دیكە، لەبەر ئەوەی ناچارە كار لەسەر پرسە ناوخۆییەكان بكات، بەڵام ئومێدی ئیدارەی سەرۆك دۆناڵد ترەمپ بەوەی كە گوشاری ئابووری ببێتەهۆی گۆڕینی دەسەڵات لە ئێراندا، بەدی نەهاتووە، كەواتە ئەگەر لەم ڕووەوە لێی بڕوانین، ئەوا ئەمە شكستە، لەلایەكی دیكەوە كشانەوەی ئیدارەی ترەمپ لە ڕێككەوتنی ئەتۆمی لە ساڵی ٢٠١٨ هیچ شتێكی نەگۆڕی، جگە لەوەی لە ئێستادا ئێران زیاتر لەو ڕێژەیە یۆرانیۆم دەپیتێنێت كە لە ڕێككەوتنەكەدا ڕێگەی پێ بوو. كەواتە لە هەندێ ڕووەوە ئەم سیاسەتەی ترەمپ بۆتەهۆی ئەوەی دۆخەكە مەترسیدار بكات لە پەیوەندیدی بە پرسی ئەتۆمییەوە.

*** هەر لەم ڕووەوە دەتوانین ئاماژە بە یەكێك لەو ڕەخنانە بكەین كە لە ئیدارەی سەرۆك ترەمپ دەگیرێت، بەوەی نەیتوانیوە، یان نەیستووە كۆدەنگییەكی جیهانی دروست بكات لە ئاست كێشە و تەحەددییە جیهانییە هاوبەشەكاندا، ئەمەش لە ئاست مامەڵەكردنی لەگەڵ ئێرانیشدا ڕاستە، بۆچوونی ئێوە لەم ڕووەوە چییە؟.**

- بە دڵنیاییەوە من هاوڕام لەگەڵ ئەم هەڵسەنگاندنەدا، چونكە ئەگەر ئێمە لە هاوپەیمانەكانی ئەمریكا لە ئەورووپا و ڕۆژئاوا بڕوانین وەك بەریتانیا و ئەڵمانیا و فەرەنسا، ئەوا هەموویان دژی ئەوە بوون ئەمریكا دەستبەرداری ڕێككەوتنە ئەتۆمییەكە بێت و هاوڕا نەبوون لەگەڵ بیرۆكەی گوشارەسەركردنی گوشاری ئابووری لە دژی ئێران، بەم دواییەش ئەمریكا لە نەتەوە یەكگرتووەكاندا ڕایگەیاند كە داوای دووبارە سەپاندنەوەی سزاكان بەسەر ئێراندا دەكەنەوە، بەڵام هیچ وڵاتێكی دیكە ئەم داوایەی نەكردووە، كەواتە لە پەیوەندی بە پرسی ئێرانەوە وا دەردەكەوێت كە ئەمریكا تاكلایەنانە كار بكات. هەروەها ترەمپ ڕەخنەی لە ناتۆ گرت و گرفتێكی زۆر هەیە لە نێوان ئەمریكا و زۆرێك لە هاوبەشەكانی لە نێو ناتۆدا، لە ڕێككەوتنی پاریسی تایبەت بە ژینگە كشایەوە، كەواتە لە سایەی ئیدارەی ترەمپدا ئەمریكا لە نزیكەوە كار لەگەڵ هاوپەیمانەكانیدا ناكات.

*** ئێمە لە هەڵبژاردنە سەرۆكایەتییەكەی ئەمریكا نزیك دەبینەوە، ئایا پێت وایە ئەگەر جۆ بایدن سەركەوتن بەدەست بهێنێت، گۆڕانكارییەكی گەورە لە سیاسەتی ئەمریكا لە ئاست ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەگرێتەبەر؟**

- بە دڵنیاییەوە لە نێوان بەڕێز بایدن و بەڕێز ترەمپدا لەبارەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست جیاواز دەبێت، پێم وایە جۆ بایدن هەوڵەكانی دەخاتەوەگەڕ لە پەیوەندی بە كێشەی فەلەستین و ئیسرائیلەوە و سیاسەتێكی تاكلایەنانە ناگرێتەبەر، چونكە تاوەكو ئاشتی لە نێوان ئیسرائیل و فەلەستیندا دروست نەبێت، ئاستێك لە ناسەقامگیری لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لە ئارادا دەمێنێت. هەروەها جۆ بایدن سەبارەت بە كێشەی یەمەن و پرسی مافەكانی مرۆڤ بە چەشنی دۆناڵد ترەمپ لە ئاست سعودیەدا نەرم نابێت.

*** بەڵام ئایا پێت وایە جۆ بایدن سەركەوتن بەدەست بهێنێت لە هەڵبژاردنەكاندا؟.**

- لە ڕاستیدا بەهۆی قەیرانی كۆڤید-١٩ەوە ئەگەری سەركەوتنی ترەمپ لە ڕاپرسییەكاندا دابەزیوە و خەڵكی ئەمریكا بە چاوی ڕەخنەگرانەوە لە چۆنێتیی ئیدارەدانی پەتاكە دەڕوانن، هەروەها نیگەرانییەكی زۆر لەبارەی ئابووریی ئەمریكاوە هەیە. هەروەها دۆناڵد ترەمپ سەرۆكێكی ئاسایی نییە و ڕای گشتیی ئەمریكاش پەرۆشی ئەوەن سەرۆكێكی ئاساییان هەبێت، لەبەر ئەم هۆكارانە ئەوا ئەگەری ئەوە هەیە جۆ بایدن سەركەوتوو بێت لە هەڵبژاردنەكاندا.

**تاوەكو ئاشتی لە نێوان ئیسرائیل و فەلەستیندا دروست نەبێت، ئاستێك لە ناسەقامگیری لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لە ئارادا دەمێنێت**

**جۆ بایدن سەبارەت بە كێشەی یەمەن و پرسی مافەكانی مرۆڤ بە چەشنی دۆناڵد ترەمپ لە ئاست سعودیەدا نەرم نابێت**

**بەهۆی قەیرانی كۆڤید-١٩ەوە ئەگەری سەركەوتنی ترەمپ لە ڕاپرسییەكاندا دابەزیوە و خەڵكی ئەمریكا بە چاوی ڕەخنەگرانەوە لە چۆنێتیی ئیدارەدانی پەتاكە دەڕوانن**



**دکتۆر فازڵ نەبی**

**شارەزا لە بواری دارایی و بریکاری پێشووتری وەزارەتی دارایی عێراق بۆ گوڵان:**

# دەبێت ئەقڵییەتی وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستان بگۆڕێت و کەرتی تایبەت بارگرانی لەسەر خەڵک و حکومەت کەم بکاتەوە

**ڕێککەوتنی دارایی و ئابووری لە نێوان هەرێم و بەغدا و ناردنی ٣٢٠ ملیار دینارەکەی بەشێکی مووچەی فەرمانبەرانی هەرێم و هەڵسەنگاندنی بارودۆخی دارایی عێراق، گرنگیەکی لە رادەبەدەری هەیە بۆ هەر شیکاری و خوێندنەوەیەك بۆ دواڕۆژی رەوشی دارایی و ئابووریی هەرێمی کوردستان، بۆ قسەکردن لەسەر ئەم پرسە چارەنووسسازە چەند پرسیارێکمان ئاراستەی دکتۆر فازڵ نەبی بریکاری پێشووتری وەزارەتی دارایی عێراق و شارەزا لە بواری دارایی کرد و، بەم جۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.**

# گرفتی دارایی عێراق پەیوەندی بە نەبوونی داهاتەوە نییە، بەقەد ئەوەی پەیوەندی بە خراپیی بەڕێوەبردنی ئابووری و داراییەوە هەیە

*** لە دیمانەی پێشووتان لەگەڵ گۆڤاری گوڵان، گەشبین بووی بەوەی هەردوو حکومەتی هەرێم و حکومەتی فیدڕاڵیی عێراق ئیرادە و نیەتێکی باشیان هەیە بۆ چارەسەرکردنی سەرجەم گرفتە داراییەکانی نێوانیان، بەڵام لەگەڵ تێکچوونی بارودۆخی دارایی عێراق، هەموو ئەو ئومێدانە رەوینەوە. پرسیار لێرەدا ئەوەیە: ئایا خوێندنەوەتان بۆ رەوشی ئێستای دارایی و ئابووریی عێراق و ڕێککەوتنی نێوان عێراق و هەرێم چییە؟**

- من بەردەوام جەخت لەسەر ئەو خاڵە دەکەمەوە، گرفتی دارایی عێراق پەیوەندی بە نەبوونی داهاتەوە نییە، بەقەد ئەوەی پەیوەندی بە خراپیی بەڕێوەبردنی ئابووری و داراییەوە هەیە، راستە کۆرۆنا و قەیرانی دارایی و دابەزینی بەهای نەوت گورزێکی کاریگەر و جەرگبڕی لە رەوشی دارایی عێراق و بودجەکەی داوە، بەڵام کەموکورتییەکان یەکەم جار لە حکومەتەکەی عادل عەبدولمەهدی-یەوە سەری هەڵدا، لەکاتێکدا ساڵی ٢٠١٩ عێراق مانگانە ٧ ملیار دۆلار داهاتی نەوتی هەبوو، کەچی هەموومان بینیمان خەڵکی شارەکانی ناوەڕاست و خوارووی عێراق چۆن تووشی چماڵوێرانی و خراپیی خزمەتگوزاری و بێ داهاتی بوونەوە، کەڵەکەبوونی ئەم کەموکورتییانەی رابردوو هەمووی وای کرد، بارودۆخی دارایی عێراق تێك بچێت. ئەوەتا بۆ یەکەمین جارە وەزارەتی دارایی نەیتوانی لەکاتی خۆیدا مووچەکان دابەش بکات

**حکومەتی هەرێم دەبێت بەپێی ئەو بڕە پارەیەی لەبەردەستیدایە، بە بڕینی رێژەیەک مووچەکان مانگانە بدات، چونکە فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان هەندێک خەرجی و پێداویستیی جێگیریان هەیە، دەبێت مانگانە خەرجی بکەن**

**عێراق دەوڵەتە و دەتوانێت لە ڕێگەی قەرزی دەرەکی و ناوخۆیی و هاوکارییە نێودەوڵەتییەکانەوە بەتایبەتی لە بانکی نێودەوڵەتی ئەم بارودۆخە خراپە تێپەڕێنێت**

**هەرێمی کوردستان بۆ تێپەڕبوون لە قەیرانی داریی پێویستی بە عێراق هەیە، بەڵام ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت حکومەتی هەرێمی کوردستان ١٠٠٪ پشت بە عێراق ببەستێت**

**ڕاستە چاکسازی لە خەرجییەکان پێویستە، بەڵام چاکسازی لە داهاتە نەوتی و نانەوتییەکان و بەرهەمەکانی نەوت و سووتەمەنییەکانیش زۆر پێویستترن**

**ئەگەر چاکسازی لە داهاتەکان بووە یاسا، حکومەت دەستی واڵاتر دەبێت، بەتایبەتی بەرامبەر ئەو کاربەدەست و بەرپرسانەی حزبە باڵادەستەکان کە قۆرخکاری و گەندەڵی لە سێکتەرەکانی نەوت و خاڵە سنوورییەکان دەکەن**

و حکومەتەکەی کازمی ناچار بوو ڕەزامەندیی پەرلەمان وەربگرێت، بۆ قەرزێکی ١٥ تریلیۆن دیناری لە ناوخۆدا و پێنج ملیار دۆلاری لە دەرەوە، ئەوە بوو ١٥ تریلیۆن دینارەکەی لەناوخۆدا وەرگرت و لە چەند سێکتەرێکی دیکەدا خەرجی کرد، لە ئێستاشدا دووبارە ڕەشنووسی پرۆژە یاسایەکی دیکەی ڕەوانەی پەرلەمان کردووە بۆ وەرگرتنی ٤٠ تریلیۆن دیناری دیکە، بەڵام پەرلەمان دەیانەوێت، ئەمجارە بە کۆمەڵێك مەرج و ڕاسپاردە ڕەزامەندی لەسەر ئەو قەرزە بدەن، نەوەکو، وەکو جاری پێشوو قەرزەکە لە سێکتەری جگە لە مووچە خەرج بکات و، دووبارە دووچاری گرفتی نەدانی مووچەکان ببێتەوە و قەرز بکات، ئەمەش بارگرانیەکی دیکە لە سەر دۆخی دارایی و ئابووری لە مەودایەکی دووردا دروست دەکات، لەگەڵ ئەمەشدا دواجار عێراق دەوڵەتە و دەتوانێت لە ڕێگەی قەرزی دەرەکی و ناوخۆیی و هاوکارییە نێودەوڵەتییەکانەوە بەتایبەتی لە بانکی نێودەوڵەتی ئەم بارودۆخە خراپە تێپەڕێنێت، هەروەها هەرێمی کوردستان بۆ تێپەڕبوون لە قەیرانی داریی پێویستی بە عێراق هەیە، بەڵام ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت حکومەتی هەرێمی کوردستان ١٠٠٪ پشت بە عێراق ببەستێت، چونکە بارودۆخی سیاسی و کەوتنەوەی ململانێ سیاسییەکان لەلایەك و بوونی گرفتی دارایی لەلایەکی دیکەوە هەمووی ئاستەنگ و گرفت بۆ پەیوەندییەکانمان لەگەڵ بەغدا دروست دەکات. دەبێت خۆمان بۆ هەموو ئەگەرەکان ئامادە بکەین، بە ئەگەری خراپبوونی زیاتری ڕەوشی ئابووریی عێراقیشەوە، بەڵام لە ئێستادا من لەگەڵ ئەو بۆچوونەدام، مادام نیەت و ئیرادەیەکی بەهێز لەنێوان هەرێم و بەغدا هەیە، چارەسەری کێشەکان کارێکی ئاستەم نییە.

*** دیارە چاکسازی لە عێراق و هەرێم، تاکە چارەسەری بنەڕەتیی گرفتە دارایی و ئابوورییەکانە، بەڵام چی ڕێگرە لە بەردەم جێبەجێکردنی چاکسازییەکاندا؟**

- چاکسازیی ڕاستەقینە پرۆسەیەکی بەردەوام و گشتگیرە. لە پەرلەمانی کوردستان یاسای چاکسازی دەرچوو، بەڵام ئەم یاسایە تەنیا لە بواری خەرجییەکان بوو. ڕاستە چاکسازی لە خەرجییەکان پێویستە، بەڵام چاکسازی لە داهاتە نەوتی و نانەوتییەکان و بەرهەمەکانی نەوت و سووتەمەنییەکانیش زۆر پێویستترن، بە شێوەیەکی گشتی حکومەت دەبێت پرۆژە یاسایەك بۆ چاکسازی لە داهاتەکان پێشکەشی پەرلەمانی بکات، چونکە ئەگەر چاکسازی لە داهاتەکان بووە یاسا، حکومەت دەستی واڵاتر دەبێت، بەتایبەتی بەرامبەر ئەو کاربەدەست و بەرپرسانەی حزبە باڵادەستەکان کە قۆرخکاری و گەندەڵی لە سێکتەرەکانی نەوت و خاڵە سنوورییەکان دەکەن، هەر بۆیە ئەگەر ئیرادەیەکی سیاسی نەبێت و دەستی حکومەت واڵا نەکرێت، سەد یاساشمان هەبێت، لە ڕووی پراکتیکییەوە جێبەجێ ناکرێت. هەر بۆیە هەردوو حکومەتی هەرێم و حکومەتی عێراق هیچ ڕێگایەکی دیکەیان لە بەردەمدا نییە، جگە لە چاکسازی لە داهات و خەرجییەکان نەبێت، لەمەشدا دەبێت تیمی ئابووریی سەرۆك وەزیرانی هەرێمی کوردستان لە ئاستێکی بەرز و کامڵ و توانادا بن، چونکە دواجار ڕێزدار مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەت ڕۆئیای خۆی هەیە و بڕیار دەردەکات و، پلان و بەرنامە و جێبەجێکردن ئەرکی تیمەکەیەتی کە ڕاوێژکارەکانی خاوەنی شارەزاییەکی دوور و درێژی پراکتیکی و زانستی بن و، تەمەنێکی زۆریان لەم بوارەدا بردبێتەسەر. حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکرێت پێی بوترێت حکومەتێکی نیمچە دەوڵەتی و دەبێت خۆمان مشوری خۆمان بخۆین و، ئیرادەی سیاسی دروست بێت، بەتایبەتی ئەگەر بێت و تەنیا ئەو ئیرادە سیاسییە لای پارتی و یەکێتی هەبێت، دەتوانن چاکسازیی زۆر باش بکەن و، بارودۆخەکە بە خێرایی گۆڕانکاری تێدا بکەن. سەبارەت بە عێراقیش دەتوانێت لە ڕێگەی چاکسازییەکانەوە هەنگاوی باش بنێت و، تا ئەو کاتەش دەتوانێت قەرزی دەرەکی و ناوخۆیی وەربگرێت، سەبارەت بە قەرزی دەرەکی، هیچ کێشەیەکی ئەوتۆی تووش نابێت، چونکە هەموو ئەو قەرزانە نەخشەیەکی زەمەنی بۆ دانەوەی هەیە و درێژخایەنە، لە بواری قەرزی ناوخۆشدا کە نەخشەی زەمەنی ناوخۆی نییە و لەژێر کۆنترۆڵی حکومەتی عێراقدایە و دەتوانێت بۆ یەك ساڵ سەنەداتی خەزێنە دەربکات و، لێشی بنووسێت توانای نوێکردنەوەی هەیە، بەمەش دەتوانرێت بەشێکی زۆری ئەو قەرزانە ساڵانە نەیداتەوە و لە بوارێکی دیکە خەرجی بکات.

*** کەرتی تایبەت کە زۆربەی جومگە سەرەکییەکانی ئابووری لەژێر دەستدایە، تاچەند هۆکار بووە بۆ دروستبوونی قەیرانەکان لەبری ئەوەی هاوکار بێت بۆ بەهێزبوونی ئابووری و لایەنی دارایی، چ لە رووی باجەوە بێت، یان لە رووی کەمکردنەوەی بارگرانیی سەر شانی حکومەت بێت؟**

- بەداخەوە زۆر سێکتەری گرنگی وەکو نەوت و غاز و پیشەسازیی قورس و تەنانەت بازرگانیش کەوتۆتە ژێر دەستی کەرتی تایبەت بێ ئەوەی باج بدەن، یان سوودی بۆ حکومەت و ئابووریی هەرێم هەبێت. سەرۆکی حکومەت ئاماژەی بە زۆریی خەرجییەکانی کۆمپانیا نەوتییەکان کردو بەڵێنی چاوخشاندنەوە و پێداچوونەوە بەو خەرجییانەی داوە، ئەمەش دەکرێت لە رێگەی دانوستان و گفتوگۆ و زۆرجار فشارەوە بێت و، چاوخشاندنەوە بە گرێبەستەکانیاندا بکرێت، یان هەر هیچ نەبێت، لە رێگەی باجەوە بەشداری لە لایەنی دارایی هەرێم بکەن و، دۆخی دارایی راست بکرێتەوە و وردە وردە کار بۆ دانەوەی قەرزەکان بکرێت، چونکە بوونی ٢٨ ملیار و نیو دۆلار قەرز لە سەر شانی حکومەتێکی ئیقلیمی وەکو هەرێمی کوردستان کە خاوەنی سیادە نییە و لە چوارچێوەی حکومەتی عێراقدایە و هێشتا لە بواری نەوت و غازەوە پێگەیەکی بەهێزی یاسایی نێودەوڵەتیی نییە و تەنانەت توانای وەرگرتنی قەرزی دەرەکیشی نییە، بۆیە وەرگرتن و دانەوەی ئەو قەرزانە لەسەر شانی حکومەتی هەرێمی کوردستان کارێکی زۆر قورسە و، دەبێت مشورێکی جددی لێ بخورێت. ئەگەر بگەڕێینەوە سەر مەسەلەی کەرتی تایبەت و بەشداریکردنی لە رێکخستنەوەی دارایی و ئابووریی هەرێم، ئەمە پێویستی بە کۆمەڵێك نەشتەرگەریی قورس هەیە، چ لە رووی لێپرسینەوە لە خۆدزینەوە لە باج و کاری قاچاخچێتی لە سەر سنوورەکان و دەستگرتن بە سەر ماڵ و موڵکی گشتی لەلایەن گەورە کۆمپانیاکانەوە بێت، یان لە رووی پێداچوونەوە بە سیاسەت و بەرنامەی وەبەرهێنانەوە بێت. بۆ نموونە: چیتر نابێت زەوی بدرێتە وەبەرهێنەر بە بەلاش لەژێر هەر پاساوێکدا بێت، بەڵکو لەم قەیرانە داراییە دەکرێت بەشێك لەو زەوییانە بە زیادکردنی ئاشکرا بفرۆشرێن، رووبەری زەوی وا هەیە نرخەکەی یەك ملیار دۆلارە. هەروەها هەندێك پرۆژە لە رێگەی هاوبەشیی نێوان کەرتی تایبەت و کەرتی گشتی دەست بە جێبەجێکردنی بکرێت، کە لە دوو رووەوە سوودی هەیە، لەلایەك بارگرانی لە سەر حکومەت کەم دەکاتەوە و لەلایەکی دیکەوە داهاتەکانی ناوخۆ زیاد دەکات و، بە شێوەیەکی رێکوپێکتر بەردەوامی پێ دەدرێت. لە کۆتاییدا پێم وایە هەموو پەتا و قەیرانێکی دارایی و ئابووری هەر چۆن سەرەتای هەیە، هەرواش کۆتایی هەیە. گرنگ ئەوەیە چۆن بارودۆخەکە بە کەمترین زیان و شوێنەوار تێدەپەڕێنین.

*** حکومەتی هەرێمی کوردستان چۆن دەتوانێت گرفتی مووچەکان چارەسەر بکات؟**

- حکومەتی هەرێمی کوردستان پێویستە بە دوو رێگا گرفتی مووچەکان چارەسەر بکات. سەرەتا نابێت حکومەت چاوەڕوان بێت تا ئەو ٣٢٠ ملیار دینارە لە بەغداوە دەنێرێت، بەڵکو حکومەتی هەرێم دەبێت بەپێی ئەو بڕە پارەیەی لەبەردەستیدایە، بە بڕینی رێژەیەك مووچەکان مانگانە بدات، چونکە فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان هەندێك خەرجی و پێداویستیی جێگیریان هەیە، دەبێت مانگانە خەرجی بکەن، هاوکات لەگەڵ پێدانی مووچەکان دەبێت پرۆسەیەکی چاکسازی لە داهاتەکان دەست پێ بکات، بەمەش وردە وردە بارودۆخی داراییەکەی روو لە باشی دەکات. لە لایەکی دیکەوە ناکرێت ریزبەندی بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەکان لەم قەیرانە داراییەدا نەکرێت، هەرچی ئەو پرۆژانە هەیە، لە رێگەی راستکردنەوەی سیاسەتی وەبەرهێنان و هەموارکردنەوەی یاسای وەبەرهێنان هەیە، دەتوانین لە رێگەی وەبەرهێن و کەرتی تایبەت ئەنجامی بدەین و، بۆ ماوەی ١٠-١٥ ساڵ بە بڕە پارەیەکی کەم لەو کەسانەی بەسەر ئەو رێگاو پردانە دەڕۆن، وەربگیرێتەوە، دەبێت حکومەت عەقڵییەتی وەبەرهێنان بگۆڕێت و کەرتی تایبەت بارگرانی لەسەر حکومەت و خەڵك کەم بکاتەوە، نەك بەپێچەوانەوە. تا بەرهەمی چاکسازییەکان و گۆڕانکاری لە عەقڵییەتی وەبەرهێنان دەکرێت، رێککەوتن و هەماهەنگی لەگەڵ بەغدا گرنگە، بەتایبەتی کە زۆربەی ماف و شایستە داراییەکانی هەرێم بە دەستوور و یاسا زامن کراون.

**زۆر سێکتەری گرنگی وەکو نەوت و غاز و پیشەسازیی قورس و تەنانەت بازرگانیش کەوتۆتە ژێر دەستی کەرتی تایبەت بێ ئەوەی باج بدەن**

**چیتر نابێت زەوی بدرێتە وەبەرهێنەر بە بەلاش لە ژێر هەر پاساوێکدا بێت، بەڵکو لەم قەیرانە داراییە دەکرێت بەشێک لەو زەوییانە بە زیادکردنی ئاشکرا بفرۆشرێن، رووبەری زەوی وا هەیە نرخەکەی یەک ملیار دۆلارە**

**هەموو پەتا و قەیرانێکی دارایی و ئابووری هەر چۆن سەرەتای هەیە، هەرواش کۆتایی هەیە. گرنگ ئەوەیە چۆن بارودۆخەکە بە کەمترین زیان و شوێنەوار تێدەپەڕێنین**

**حکومەتی هەرێم دەبێت بەپێی ئەو بڕە پارەیەی لەبەردەستیدایە، بە بڕینی رێژەیەک مووچەکان مانگانە بدات، چونکە فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان هەندێک خەرجی و پێداویستیی جێگیریان هەیە، دەبێت مانگانە خەرجی بکەن**

# پشتاخوب داهاتێ نفتێ تنێ نەگرێدەن



**د.بێوار خنسی**
**راوێژکارێ ئاسایشا ئابووریا پاراستنا هەرێما کوردستانێ**
تایبەت ژ بۆ گولان ئامادە کریە

بسپورێن ئابوری وجیولوجی هوشیاریا دایە حکومەتا، کو پشتا خوو ب ژێدەرەکێ نفتێ تنێ گرێنەدەن، چونکە بەهایێ نفتا خام د کونترول کرنا وەڵاتێن خودان بەرهەمێ نفتێ دا نە، و دیروها بەهایێ نفتێ لڤان ١٠ ساڵێت بوری دا ٢٠ $ تا ١٤٧ $/ بەرمیلەکا نفتا خام هاتیە فروتن وکرین، ویا دیتر ژی، نفتا خام کەرەستەکێ سروشتییە د درێژاهیا قویناغا جیولوجیا ئەردی دا وە ژێر مەرجیێن تایبەت دروست بویە، وزەتر پەیدا نابیت!.

لەوانێ نوکە حەجمێ ئیحتیاتێ نفتا خام ل جیهانێ ئەوا مایە لژێر ئەردی (تنێ) بەشیی (٤٠تا ٤٥) ساڵا هەیە، هەکەر روژانە ١٠٠ ملیون بەرمیلێت نفتا خام بێنە بکارهینان ل جیهانی، وحەجمێ گازا سروشتی یا هاتیە دیتێن (تنێ) بەشی (٦٠ تا٦٥ ساڵا) هەیە.

نفتا خام وگازا سروشتی تێتە نیاسین وەکو ئەرزانترین ژێدەرێ زاخی ل چیهانی، و ژێدەرێت دیترێن زاخێ،وەکو زاخا (یۆرانیۆم، بەنداڤا، هوریەی، تیروشکا روژێ ) بەرهەمهینانا زاخی بکارهینانا وان ژێدەرا زور گرانترە هەکەر بەراورد بکەین لگەل نفتا خام و گازا سروشتی، لەوانێ ژی داخاز، دێ هەر داخاز ل سەر هەبیت، وململانا جیهانێ لسەر وەڵاتێن زەنگێن ب ژێدەرێن نفتا خام وگازا سروشتێ دێ ئالوزتر وبەرفرەهتر وکەرمتر لێ هێن دناف بەرا وەڵاتێن پێویستیا زور هەی بکارهینانا نفتا خام و گازا سروشتی بو بەردەوامبونا پێشگەتنا پروسا ئابوری ل وان وەڵاتان دا، ئەو ژی لگەل کێمبونا ئیحتیات وبەرهەمێ نفتا خام وگازا سروشتی، دێ بیتە هوویا شوێلاندنا ئیستقرارێ و ئاسایش وئابوری ل وان وەڵاتێن زەنگێن ب ئیحتیاتێ نفتا خام وگازا سروشتی!، وەکو وەڵاتێن کەندافی وئیراقا فیدرال، تایبەت ل دەمێ ئەو وەڵات، وەکو ئێراقا فیدرال خو پشت بەست بیت (تنێ) لسەر داهاتێ نفتا خام وەکو ژێدەرەکێ




سەرەکییێ کودا هاتیێ نفتا خام گەهشتیە پتر ژ ٩٠٪ ژ هەمی داهاتیێ ئێراقا فیدرال، ئەڤە ژی زەنگەکا مەترسیدارە ل تەنگافیا، وتایبەت دەمێ بەهاییێ نفتا خام زور ئەرزان دبیت،داهاتیێ نفتا خام ب وێ رێژاهییێ کێم دبیت زوربەیا پلانێن حکومەتیێ تێنە هەلوەشاندن.

ئەڤ شێوازێ ئابوری لسەر ئێك ژێدەرێ (نەی مستەقرە) و دێ ل دەرڤەی کونترولا وەلاتێن خودان بەرهەمێ نفتا خام بیت.

ئێراقا فیدرال وداهاتیێ نفتا خام:

راستە ئێراقا فیدرال مەزنترین یەدەگێ نفتا خام وگازا سروشتی یا هەی وشانێت ب هێز هەنە، کو نوکە بەرهەمێ نفتا خام دکەهتە (٤,٥ ملیون بەرمیلا /روژێ دا)، دێ شێت لپاشەرۆژێ بەرهەمێ نفتا خام بەرزکەت بو (٦،٨،١٠ تا ١٢ ملیون بەرمیلا /روژێ دا)، ژبلی قەبارەکا زورا گازا شروشتی هەیە. لێ وەلاتەکێ زل هێز ب ئیحتیات وبەرهەمێ نفتا خام و گازا سروشتی، نوکە تێتە نیاسین وەکو وەلاتەکێ بێ نفت وگازا سروشتی لدەمێ توشی تەنگاڤیان دبیت،د کەفتەت گفتارێن مەزن دا تا وێ رادەێ، کو حکومەتا ئێراقا فیدرال نەشێت موچێت فەرمانبەرا بدەت.

هوێن سەرەکێت قەیرانێت ئابوری دزفرانە خالێت خوارێ:

١. پشت بەستێن ب (ئێك ژێدەرێ ئابوری) بو هەر وەلاتەکی ئەگەرا سەرەکیا ئالوزیا کێشانە ل وەی وەلاتی.ئیراقا فیدرال نمونە ڤێ چەندێیە، ل دەمێ زورا زەنگین ب ژێدرێن هەڤ جورێن داهاتی، وەکو (چاندنێ وپیشەسازیا چاندنێ وئاژەلی، پیشەسازیا سامانێت سروشتی، داهاتێت خالێت کومرکی،کود، گشت وگوزارێن هەڤجورێن ئولی،ژینگەه، سەیرانەگە، ئەهوار وەرزش، جیولوجی، دارستان ) لێ مخابن تا نوکە، حکومەتا ئێراقا فیدرال کار لسەر وان دەرگەهێت ئابوری نەکریە، (تنێ) یا

**ل دانانا بوجا سالانه،٤٠٪ ژ داهاتی تێته تەرخان کرن بناڤێ (بودجا سیادی)، ئەوا دمینیت بەشی (موچا و وبەرهەمهینانێ وپارێزگەها وهەرێما کوردستانێ ناکەت)، بتایبەت دەمێ بەهایێ نفتا خام ئەرزان دبیت، وەکو ئەڤ ساله**

مایە لبەر (رحمەتا داهاتیێ نفتا خام)، وگازا سروشتی ژی روژانە ب بەهایێ (دەه ملیون دولار) تێتە سوتێن، وگازێ دکریت ژ ئیرانێ بو بەرهەمهینانا کارەبایێ! ئەو قەبارا گازا روژانەیا تێتە سوتێن؟ سالانە د پتری ٣٦٥ گوندێت هەڤچەرخ پێهێنە ئاڤاکرن.

٢. سێستما رێڤەبەریا ئێراقا فیدرال لسەر کەرتێ نفت وگازێ تا نووکە لسەر شێوازێ سێستما بەری ٢٠٠٣ ێ یە. ئەو ژی ناگونجیت لگەل سێستێما فیدرال، هەر چەندە ژی یاسایایێ ئێراقا فیدرال بچەند مادێن دستوری دیارکریە (شێوارێ رێڤەبەری وبەرهەمهینان و سیاسەتا نفتا خام)، ئەو ژی دڤیا هاتبا رێکخستن لسالا ٢٠٠٧ێ ب (یاسایێ نفت وگازێ).

٣. وەلاتەکێ بناڤێ دەولەتا فیدرالا هەڤچەرخ بیت، ومەزنترین وەلاتێ زەنگین ب ئیحتیاتێ نفتا خام وگازا سروشتی بیت، و کارێ وێ (بێ یاسای بێتە کرێن)!، تە بڤێت دێ بەرەڤ کیڤە چێت و توشی چ گرفتاریا بیت ل قویناغێت تەنگاڤیێدا، دێ وەلاتەکێ لاواز بیت و خو لبەر تەنگاڤیا ناگریت، ژبەر(نەبونا دامودەستگاهێن هەڤچەرخ بو(کارێ نفت وگازێ) کو بگونجیت لگەل دستورێ ئێراقا فیدرال).

٤. دڤێت بزانین کو حەجمێ ئیحتیات وبەرهەم وداهاتێ نفتا خام وگازا سروشتی ؟،(بێی رێڤەبەریا پاقژ و رێکوپێك وشەفاف ودادپەروانە نەبیت ؟، ولژێر چاڤدێریا دەستەیا نەزاهەتێ و رقابا مالی نەبیت؟دێ داهاتێ وێ زوربە (زاعیر وهەدردان چیت) وتەنگاڤیان دا،دێ دیار بیت، کو ئەڤ شێوازێ ئێدارا کەرتێ نفت وگازێ نەشێت کێشا چارەسەرکەت! لەوانێ بسپورێن نفتێ وئابوری هوشیاریێ ددەن کو دڤێت ئیدارا کەرتێ نفت وگازێ وپیشەسازیا وان بێتە کرێن ب شێوازین داهاتی زور کەت بو حکومەتێ.چونکە (ئەگەر وەلاتەك یەك ملیون برمیلێت نفتا خام/روژێ دا) بکار بینیت بو پیشەسازیا پتروکیمیائی)؟ دێ داهاتێ وی بەران بەری (فروتنا ٣ ملیون برمیلێت نفتا خام بیت)!.یا دیتر،(شەرێ جیهانێ یێ بەهایێ نفت خام یا بویە دیاردەکا چەرخێ ٢١ێ)، لەوانێ بەهایێ نفتا یێ ئاکنجی نینە،دبیت ل

**رێژا هەرێما کوردستانێ ل بودجا ئێراقا فیدرال ل ١٧٪ بو و یا هاتیە کێمکرن بو ١٢,٦٧٪، ئە وژی ناهێتە رەوانەکرن ب شێوازەکێ رێکوپێک بو حکومەتا هەرێما کوردستانێ، ئەڤە یا بویە هویا گیروبوونا دابەشکرنا موچێت فەرمانبەرا ل هەرێما کوردستانێ.**

(٢٠ $ بچیتە پتری ١٠٠ دولارا)، لێ بەهایێ کەرەستێت پیشەسازیا نفتێ وگازا سروشتی چو گوهرینێت مەزن بسەر دا ناهێن، و ژبەر وێ چەندێ،داهاتێ وێ کێم نابیت وحکومەت دێ شێت کاری لسەر بکەن بێ چ کێشە بو پەیدابین.

٥. نەپێتە پێکرنا حکومەتا فیدرال لسەر هەر ٤ خوالێت سەری (١و٢و٣ و٤) بو ئەگەرا سەرەکی بو بەلاڤبونا(فسادێ وهەدەردانا داهاتێ) ب (ژمارێن ئاقل هزر نەکت)،تا بگەهتە پتر ٣٠٪ ژ داهاتی (زاعیر وب هەدەردان بچیت )!.

٦. بەرهەمێ نفتا خام نوکە بەرزبویە بو (٤,٥ ملیون بەرمیلا/ روژێ دا)، لێ نێزیکی (٣,٥ ملیون بەرمیل/روژێدا) کو دکەنە ٧٧,٧٪ تێتە فروتێن ب رێکا کومپانیا (سومو)، ئەو داهاتێ فروتنا نفتا دبیتە ژێدەرێ سەرەکیێ داهاتێ ئێراقا فیدرال، کو دگەهتە پتر ژ ٩٠٪ ژ هەمی داهاتێ ئێراقا فیدرال، وکارهینانا(١ملیون بەرمیلێت) نفتا خام بو پالاوگەهێت نفتێ تێنە بکارهینان کو رێژا وێ دکەهتە ٢٢,٣٪ ژ بەرهەمێ روژانەیا نفتا خام، وداهاتێ وان(ملیون بەرمیلا) ناچیتە سەر داهاتێ فروتنا نفتا خام ب رێکا کومپانیا (سومو). هەردوو جورێن داهاتێ نفتێ پێکڤە دێ بەشی دانا موچێت فەرمانبەرا کەن.

٧. وەلاتەکی وەکو ئێراقا فیدرال داهاتێ وێ پتری ٩٠٪ ژ داهاتێ فروتنا نفتا خامە، مەها چریا ئێکێ،داهاتێ فروتنا نفتا خام (٣,١ ملیار دولار) بو !. و پێویستیا حکومەتا فیدرال مەهانە بو دانا موچێ فەرمانبەرا نێزیکی ٥ ملیار دولارا هەیە بو موچێ ٦ ملیون فەرمانبەرا لگەل فەرمانبەرێت هەرێما کوردستانێ. لێرەدا دیار دبیت،داهاتێ فروتنا نفتا خام ل مەها چریا ئێکێ نێزیکی ١٠٣ ملیون دولارا/ روژێ دا. هەر دەمێ داهاتێ روژانە نەکەهتە ١٦٦ ملیون دولارا؟ حکومەتا ئێراقێ نەشێت وێ مەهێ (بدرستی موچێ فەرمانبەرا بدەت)، هەر وەسا حکومەتا هەرێما کوردستانێ دڤێت روژانە داهاتێ وێ (٢٥ملیون دولار )بیت دا بشێت بدرستی موچێ فەرمانبەرا بدەت .ئەڤ کێشە ب قەرێت ناڤخوی ودەرەکی چارەسەر نابیت، نەخاسمە نوکە عەجزا بوجا

**زێدەبون وبەلاڤبونا هێزێت چەکدارێن دەرڤەی (دەستهەلاتا وەزارەتا ناڤخو وبەرگریێ) بوینە هویا تەشنەکرنا ئالوزیا وکێشا و زاعێرکرن وهەدەردانا داهاتێ ئێراقا فیدرال، ولاواز بونا باوەریا هەڤپەیمانیا نێڤدەولەتی ب حکومەتا ئێراقا فیدرال**

ئیراقیێ پترە ژ ٣٠ ملیار دولارا.

٨. ل دانانا بوجا سالانە،٤٠٪ ژ داهاتی تێتە تەرخان کرن بناڤێ (بودجا سیادی)، ئەوا دمینیت بەشی (موچا و وبەرهەمهینانێ وپارێزگەها وهەرێما کوردستانێ ناکەت)، بتایبەت دەمێ بەهایێ نفتا خام ئەرزان دبیت، وەکو ئەڤ سالە .

٩. رێژا هەرێما کوردستانێ ل بودجا ئێراقا فیدرال ل ١٧٪ بو و یا هاتیە کێمکرن بو ١٢,٦٧٪، ئە وژی ناهێتە رەوانەکرن ب شێوازەکێ رێکوپێك بو حکومەتا هەرێما کوردستانێ، ئەڤە یا بویە هویا گیروبوونا دابەشکرنا موچێت فەرمانبەرا ل هەرێما کوردستانێ.

١٠. زێدەبون وبەلاڤبونا هێزێت چەکدارێن دەرڤەی (دەستهەلاتا وەزارەتا ناڤخو وبەرگریێ) بوینە هویا تەشنەکرنا ئالوزیا وکێشا و زاعێرکرن وهەدەردانا داهاتێ ئێراقا فیدرال، ولاواز بونا باوەریا هەڤپەیمانیا نێڤدەولەتی ب حکومەتا ئێراقا فیدرال.

١١. کارکرن لگەل وەلاتێن رەخ و رویێ ئێراقا فیدرال بو (پاراستنا سیادەتا ئێراق وخوشکرنا پەیوەندێن جیرانی لگەل وان ٦ وەلاتا) لسەر بنەمایێ بەرژەوەندێت هەڤپشك .

١٢. چڤاکا ئێراقا فیدرال وهەرێما کوردستانێ (سەربوریەکا دیروکی لسەر چاندنێ وخودانکرنا گیانەوەرێت هەڤجور یا هەی)، ودێ شێن (ئاسایشاخوراکی دابین کەن بو خەلکی ئیراقا فیدرال)، ب مەرجەکی پشتەڤانیا جوتیارا بکەن وکەرتێ تایبەت بو چاندنێ ب شێوازێت هەڤچەرخ و بکارهینانا تەکنولوجیا نوی، کو ئاڤێ زاعیر نەکەت، وپاراستنا بەرهەمێ جوتیارا و پەیداکرنا بازاری بو بەرهەمێ ناڤخوی بەران بەری بەرهەمێ وەلاتین رەخ و رووێت ئێراقا فیدرال، ب رێکا (بەرزکرنا کودێ لسەر بەرهەمێت بیانی)،(وراگرتنا رکلامێت ئیعلامێ بو بەرهەمێ بیانی ل ئێراقا فیدرال وهەرێما کوردستانێ). (بەرهەمێ ناڤخوی دڤێت یێ ئازاد ل بازارێت) هەمی پارێزگەها و هەرێما کوردستانێ بو دابینکرنا ئاسایشا خوراکی بو هەمی خەلکێ ئێراقا فیدرال .

١٣. کارتێکرنێن نەرێنێن وەلاتێن رەخ و روییێت ئێراقا فیدرال بوینە هوێت پتر ئالوزکرنا رەوشا ژیانێ ل ئێراقا فیدرال،نەخاسمە هەڤرکیا دوەلی ل دەڤەرێ، وکارهینانا هێز وگروپێن دەرڤەی دەستهەلاتا حکومەتا ئێراقا فیدرال بو مەرەم وبەرژەوەندێن وەلاتێن رەخ و روییێت ئێراقیێ، و شەرێ (دژی داعش) وبەرفرەهبونا نەخوشیا (کورونا)، وئەرزانبونا بەهایێ نفتا خام،و پێگریا ئێراقا فیدرال ب بریارێن رێکخراوا (ئوپێك) بو کێمکرنا بەرهەمێ نفتێ تا نێزیکی ١٠ ملیون بەرمیلا / روژێدا، وان هەمی فاکتەرا رەوشا ئابوریا ئێراقا فیدرال وحکومەتا هەرێما کودستانێ ئالوزتر لێ کریە .

١٤. حکومەتا ئێراقا فیدرال موچێ فەرمانبەرا ل مەها چریا ئیکێ بو (دەه پازدە روژا گیرو کربو)، و بو ئەگەرا (بەرزبونا دەنگێ نەرازیێ دناڤ شەقامێ ئێراقا فیدرال). لێرەدا، ئەگەر حکومەتا ئێراقا فیدرال وێ رەوشێ ونەرازی بوونا خەلکی بەراورد بکەت -مقارنە لگەل رەوشا حکومەتا هەرێما کوردستانێ، کو نووکە ئەم د مەها چریا دووێ داینە تا نوکە، موچێ فەرمانبەرێت هەرێمێ بو مەها نیسانێ نە هاتینە دابەشکرن، ژبەر نەهنارتنا موچێ وان ل بەغدا دڤێت حکومەتا فیدرال باش بزانێت، هەکەر موچێ فەرمانبەرا بو ٣ێ مەە گیرو بێن. دویر نینە حکومەتا فیدرال بکەڤیت لەوانێ داخازێ ژ حکومەتا فیدرال دکەین ب زویترین کات (موچێت فەرمانبەرێت هەرێمێ رەوانەی حکومەتا هەرێما کوردستانێ بکەت .

١٥. رویدان وکارڤەدانێت ڤان ١٧ سالێت بوری دا دناڤبەرا حکومەتا فیدرال وحکومەتا هەرێما کوردستانێ (بێ باوەریەکا پەیدابوی) دناڤبەرا هەردوو حکومەتا دا، ومخابن خەلکێ ئێراقێ ب تەباهی وخەلکێ هەرێما کوردستانێ بتایبەت کودا وان رویدانادایە وێت دەن. خەتەرترێن رویدان ئەوە (نەبونا هەماهەنگیەکا راست دناڤبەرا هێزێن حکومەتا فیدرال وحکومەتا هەرێما کوردستانێ، بتایبەت ل دەڤەرێن ژێر مادێ ١٤٠، بویە هویا پەیدابونا ڤالاهیەکا مەزن بو داعش، کو جهێت خو ل وان دەڤەرا بێهلیت تا نوکە. ئەو دەڤەرا مادێ ١٤٠ ئێکە ژ زەنگین تری دەڤەرێن زور گێلگەهێت نفتێ لێ هەین، یا هەژی گوتنێیە، کو(هەگەر بەرەڤانی وقوربانیا لەشکەر و دامودەستگاهێن ئاسایشا

کارتێکرنێن نەرێنێن وەلاتێن رەخ و روییێت ئێراقا فیدرال بوینە هوێت پتر ئالوزکرنا رەوشا ژیانێ ل ئێراقا فیدرال،نەخاسمە هەڤرکیا دوەلی ل دەڤەرێ، وکارهینانا هێز وگروپێن دەرڤەی دەستهەلاتا حکومەتا ئێراقا فیدرال بو مەرەم وبەرژەوەندێن وەلاتێن رەخ و روییێت ئێراقیێ

شەرێ (دژی داعش) وبەرفرەهبونا نەخوشیا (کورونا)، وئەرزانبونا بەهایێ نفتا خام،و پێگریا ئێراقا فیدرال ب بریارێن رێکخراوا (ئوپێك) بو کێمکرنا بەرهەمێ نفتێ تا نێزیکی ١٠ ملیون بەرمیلا / روژێدا، وان هەمی فاکتەرا رەوشا ئابوریا ئێراقا فیدرال وحکومەتا هەرێما کودستانێ ئالوزتر لێ کریە

ئەڤ١٧ سالە داهاتێ ئێراقی پتر ٩٠ ٪ل فروتنا نفتا خامە، دویر ژ چاڤدێریا دەستگاهێن رەقابی و نەزاهەتێ لسەر داهاتێ فروتنا نفتا خام ب رێکا کومپانیا سۆمۆ

حکومەتا هەرێما کوردستانێ نەبا) ئەو (دەڤەرە و هەمی گێلگەه وپروژێت نفتێدا کەفتنەدەستێ داعش دا)!، ئەو ژی مەزنترین گورزێ ترسناك بو ل (سەر ئابوریا ئێراقا فیدرال). نوکە ژی (داعش گەفە لسەر دەڤەرێ وکێلگەه وپروژێت نفتێ)، هەگەر ئەو دەڤەرە بزویترین کات نەکەفتە ژێر کونترولا هێزێن ئێراقا فیدرال وهەرێما کوردستانێدا.

**ئەنجام وچارەسەر:**

نوکە رەوش و کاودانێت ناڤخوی ودەرەکی،مەزنترین گەڤە لسەر ئێراقا فیدرال وهەرێما کوردستانێ، لێ هەردوو حکومەت دێ شێن ڤێ قویناغێ تێپەربن ب کێمترین زیان، بو وێ چەندێ دڤێت کاری وهەماهەنگیەکا هەڤپشك بکەن لسەر خالێت خوارێ بو نەهێلانا وان مەترسیا.

١. هەمی هەول بێنە دان بو (رێکخستنا کەرتێ نفت وگازێ) کو ژێدەرێن سەرەکینە بو داهاتێ ئێراقا فیدرال وبێنە پاراستن ژ (فسادی وهەدر دانێ)، ب رێکا دەرێخستنا (یاسایێ نفت وگازێ)، کو دڤیا لسالا ٢٠٠٧ کەفتبا کاری، ودام ودەستگاهێن وێ هاتبانە رێگخستن لدویف یاسایێ ئێراقا فیدرال، ومافێت پارێزگەها و هەرێما کوردستانێ هاتبانە پاراستێن، دێ (خلافاتێت سیاسی هێنە چارەسەرکرن دناڤبەرا حکومەتا فیدرال وحکومەتا هەرێما کوردستانێ).

٢. کارکرن بو زێدەکرنا ژێدەرێن ئابوری (چاندن وپیشەسازیا چاندنێ،سامانێ ئاژەلی، پیشەسازی، گەشتوگوزار،گومرکا، کود، شیانێت مروڤا، ژێدەرێت ئاڤی، بازرگانی، هاتن وچونێ) دڤێت ژێدەرێن داهاتی بەرفرەه وزور بن تا وێ رادێ، کو رێژا داهاتێ حکومەتێ ژ فروتنا نفتا خام بکەفتە دناڤبەرا (٥٠-٣٠٪) ژ هەمی داهاتێ ئێراقا فیدرال، داکو (ئیستقرارا ئابوری و رامیاری و ئاسایشا وەلاتی هێمن ببیت) نە وەکو ئەڤە١٧ سالە داهاتێ ئێراقی پتر ٩٠ ٪ل فروتنا نفتا خامە، دویر ژ چاڤدێریا دەستگاهێن رەقابی ونەزاهەتێ لسەر داهاتێ فروتنا نفتا خام ب رێکا کومپانیا سۆمۆ.

٣. دانانا کومپانێت ناڤخو بو زێدەکرنا بەرهەمێ پیشەسازیا چاندنێ، گیانەوەرا، پالاوگەها و پیشەسازیا پتروکیمیائی یا نفت وگازا سروشتی، چونکە (داهاتێ بەرمیلەکا پیشەسازیا نفتا خام ٣ێ جارا پترە ژ فروتنا بەرمیلەکا نفتا خامە) .ئەڤە دێ وەلاتێ ب( هێز کەت ودەرفەتێت کاری ژی زور کەت، ژیانا خەلکی ژی خوشتر لێ کەت).

٤. هەماهەنگیەکا ب هێز دناڤبەرا هێزێن لەشکەری وئاسایشێ دناڤبەرا حکومەتا فیدرال و حکومەتا هەرێما کوردستانێ وب هاریکاری لگەل هەڤپەیمانێن نێڤدەولەتی بو (پاراستنا هێمنیا ناڤخویی ونەهێلانا ڤالاهیا ل دەڤەرێن مادێ ١٤٠ ئەوا زور کێلگەهێت نفتێ لێ هەین،چونکە پاشفەمایێن داعش تیدا هەنە وگەفن لسەر پاشەروژا ئێراقا فیدرال، لەوانێ ب هاریکاری و هەمەهەنگیا هەڤپەیمانێن نێڤدەولەتی رولەکێ سەرەکی هەبوو وهەیە بوتێکدان ول ناڤبرنا هێزێن داعش ل ئیراقێ.

٥. رێکخستنا بوجا ئێراقا فیدرال، وتایبەت یا سالا ٢٠٢٠ و٢٠٢١ ب شێوازەکی بەرژەوەندی و خزمەت و مافێت وەلاتیا وفەرمانبەرا ل (پیلا ئێکێ بن) بو دابینکرنا موچێت مەهانە ێت فەرمانبەرێن ئێراقێ وهەرێما کوردستانێ، ئەڤە ژی دێ هێتە کرێن ب (کێمکرنا بوجا سیادی، و رێگرتنا فسادا مالی وئیداری، و دیارکرنا ژمارێت راستێت فەرمانبەرێن کاری دکەن، و رێکخستنا خەرجێت هێز وگروپێن دەرڤەی دەستهەلاتا وەزارەتێن حکومەتێ.

٦. کارکرن ل سەر بنەمایێت یاسای دناڤبەرا حکومەتا فیدرال و حکومەتا هەرێما کوردستانێ ل سەر وان ٥ پێشنیارێت سەری هاتینە دیار کرین، دێ بیتە (هوویا خوشکرنا کاودان و ژینگەها کار بو زڤرین وخورتکرنا باوەریێ وکارێ هەڤپشك دناڤبەرا هەردوو حکومەتا دا)، دویر ل ب (کارهینانا هیزێ وقوتگرنا بودجێ وموچێت فەرمانبەرا، و کەتنا رێکا، ودانانا کودێ لسەر بەرهەمێت نافخوێت هەرێما کوردستانێ )بو ناڤ بازارێت ئێراقا فیدرال.

٧. بەردەوامبونا کومبونێت راستەوخو دناڤبەرا حکومەتێ وپەرلەمانی بو رونکرنا کاودان و هوێن بوینە ودبنە ئەگەرا کیشا وگرفتاریا وقەیرانا،وهەولدان بودەستنیشان کرنا چارەسەرا ب نێزیکترین وکورتترین وهێمنترین رێك بو

نوکە رەوش وکاودانێت ناڤخوی ودەرەکی،مەزنترین گەڤە لسەر ئێراقا فیدرال وهەرێما کوردستانێ، لێ هەردوو حکومەت دێ شێن ڤێ قویناغێ تێپەربن ب کێمترین زیان

هەمی هەول بێنە دان بو (رێکخستنا کەرتێ نفت وگازێ) کو ژێدەرێن سەرەکینە بو داهاتێ ئێراقا فیدرال وبێنە پاراستن ژ (فسادی وهەدر دانێ)، ب رێکا دەرێخستنا (یاسایێ نفت وگازێ)، کو دڤیا لسالا ٢٠٠٧ کەفتبا کاری

دانانا کومپانیێت ناڤخو بو زێدەکرنا بەرهەمێ پیشەسازیا چاندنێ، گیانەوەرا، پالاوگەها و پیشەسازیا پتروکیمیائی یا نفت وگازا سروشتی، چونکە (داهاتێ بەرمیلەکا پیشەسازیا نفتا خام ٣ێ جارا پترە ژ فروتنا بەرمیلەکا نفتا خامە) .ئەڤە دێ وەلاتێ ب( هێز کەت ودەرفەتێت کاری ژی زور کەت، ژیانا خەلکی ژی خوشتر لێ کەت)




دەرچونێ ل کێشە وقەیرانێت هەین. لێرەدا ب درێژاهیا حوکمڕانیا چەندەها حکوماتێن ئێراقا وفیدرال و هەرێما کوردستانێ، ئەڤە (جارا ئێکێیە) کو، (سەروکێ حکومەتا هەرێما کوردستانێ راستەوخو دچیتە پەرلەمانێ هەرێمێ بو رونکرنا رەوشا هەرێمێ وئێراقێ وتەنگاڤی وقەیرانێت بسەر ئێراق و هەرێمێدا هاتینە خوارێ، و داخازا هاریکاریێ وهەماهەنگیێ کریە بو دیارکرنا رێکێن چارەسەرکرنا وان قەیرانا).

هیڤیدارین نمونا سەروکێ حکومەتا هەرێما کوردستانێ ببیتە (پالدەرك بو سەروکێ حکومەتا ئێراقا فیدرال) کو راستەوخو بچیتە پەرلەمانێ ئێراقا فیدرال بو رونکرنا رەوشا ئێراقێ و تەنگاڤی و قەیران وهوێن پەیدابونا وان، دێ بیتە باشترین رێك ب هەماهەنگی و هاریکاری وپشتەڤانیا دناڤبەرا خەلك وحکومەتێ دا بو چارەسەرکرنا قەیرانا.

**خەنس ١٠ /٢٠٢٠/١٠**



**مەحما خەلیل**

**قایمقامی شنگال بۆ گوڵان:**

# ڕێککەوتنی شنگال خواستی خەڵکی شنگال و بەرهەمی ئیرادەیەکی ناوخۆیی و پشتگیریی نێودەوڵەتییە

**ڕێککەوتنی شنگال بە چاودێری و سەرپەرشتیی ڕێکخراوی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان و ئەمریکا، لە نێوان حکومەتی فیدراڵی و حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەرچەرخانێکی گرنگە بۆ دروستبوونەوەی متمانەیەکی پتەو لە نێوان هەردوو حکومەت و زەمینەخۆشکردن بۆ جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ی دەستوور، ئەم ڕێککەوتنە جیا لەوەی بەپێی بڕگەکانی سەقامگیری و ئاسایش دەگێڕێتەوە بۆ شنگال، لە هەمانکاتدا ئیدارەیەکی نوێیش بۆ ئەو شارە هەڵدەبژێرێت و، پلانی دووبارە ئاوەدانکردنەوە دەست پێ دەکات، بەوەش ئاوارەکانی دەڤەرەکە دەگەڕێنەوە سەر زێدی خۆیان، بۆ قسەکردن لەسەر ئەم ڕێککەوتنە گرنگە، ئەم دیدارەمان لەگەڵ مەحما خەلیل قائیمقامی شنگال ئەنجام دا و بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.**

# هێزێکی زۆری چەکداری بیانی و نامۆ بە خەڵکی ڕەسەنی شنگال لەم ناوچە ستراتیژییەدا جێگیر کراون و، مەرام و پلانی ئیقلیمی بەڕێوە دەبەن

*** ڕێککەوتنی شنگال بە سەرەتایەکی دڵخۆشکەر دادەنرێت بۆ کۆتاییهاتن بەو بارودۆخە نائاسایی و نایاساییەی شنگال و ناوچەکانی دەوروبەری، ئایا ئەم ڕێککەوتنە تاچەند بووەتە هۆی دڵخۆشی بۆ کوردانی ئێزدی کە ئێستا لە١٤ کەمپدا لە پارێزگاکانی دهۆك و هەولێر نیشتەجێن؟**

- ڕێککەوتنی شنگال جگە لەوەی خواست و داواکاریی میللەتی ڕەسەنی خەڵکی شنگالە، هەنگاوێکی دەستووری و یاساییشە بۆ ئاسایبوونەوەی بارودۆخی ناوچەکە، ئەمە وێڕای ئەوەی ئەم ڕێککەوتنە بە پاڵپشتی و پیرۆزبایی چڤاتی نێودەوڵەتی و هێزەکانی هاوپەیمانان و ئەمریکا و ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان هاتۆتە ئاراوە، لەلایەکی دیکەوە ڕێککەوتنەکە دەرگایەکی دیکە واڵا دەکات، بۆ بەهێزبوونی پەیوەندییەکانی نێوان هەرێم و عێراق، جێبەجێکردنی بڕگەکانی ڕێککەوتنەکەش، سەرەتای هەنگاونانە بەرەو چارەسەرکردنی کێشەیەکی زۆر ئاڵۆزی ناوچەیەکی ماددەی ١٤٠ کە بە هێزێکی زۆری چەکداری بیانی و نامۆ بە خەڵکی ڕەسەنی شنگال لەم ناوچە ستراتیژییەدا جێگیر کراون و، مەرام و پلانی ئیقلیمی بەڕێوە دەبەن، بوونی هەموو ئەم هێز و گرووپە چەکدارانە لەم ناوچەیەدا، هۆکاری سەرەکیی تێکچوونی بارودۆخی سەقامگیرن و هۆکاری دروستبوونی نائارامین، بۆ نموونە: بوونی پەکەکە و گرووپەکانی پەیوەندیدار بەم هێزەوە، وای کردووە ناوچەکە ببێتە گۆڕەپانی شەڕێکی خوێناوی وماڵوێرانکەر، ئەویش لەگەڵ سوپایەکی زەبەلاحی وەك تورکیادا، کە بەردەوام فڕۆکە سەربازییەکانی تورکیا بەهۆی بوونی پەکەکەوە شنگال بۆردومان دەکەن، لەلایەکی دیکەوە چەندین میلیشیای تایبەت بە ئێران لەم ناوچەیەدا هەن، هەربۆیە جێبەجێکردنی بڕگەکانی ئەم ڕێککەوتنە سەرەتایەك دەبێت بۆ کۆتاییهاتنی ئازار و مەینەتییەکانی کوردانی ئێزدی و دووبارە دامەزراندنەوەی یەکە ئیدارییەکان و بەهێزبوونی هەردوو حکومەتی هەرێم و عێراق، لە هەمووشی گرنگتر ئەوەیە کە هەرچی ئاڵۆزی و دیاردەی چەکداری و بوونی گرووپی چەکداری نامۆ و بیانی بە ناوچەکە هەیە، لە ناو شنگال و دەوروبەری دوور دەخرێنەوە و، هێزەکانی ناوخۆ لە پۆلیس و دەزگا ئەمنییەکان جێگای ئەو هەموو گرووپە چەکدارە بیانیانییە دەگرنەوە، بەپێی ڕێککەوتنەکە،

**جێبەجێکردنی بڕگەکانی ئەم ڕێککەوتنە سەرەتایەک دەبێت بۆ کۆتاییهاتنی ئازار و مەینەتییەکانی کوردانی ئێزدی و دووبارە دامەزراندنەوەی یەکە ئیدارییەکان**

**شنگال تەنیا کۆمەڵکوژ نەکراوە، بەڵکو جوگرافیا و ژێرخانی تەواوی ئەم قەزایە وێران و خاپوور کراوە**

**لەو ماوە زۆرەی رابردوودا ئەو گرووپ و چەکدارە بیانی و نایاساییانەی لەم ناوچەیەدا بوون، هیچ کارێکیان بۆ ئاوەدانکردنەوەی شنگال نەکردووە**

**بە دانانی ئیدارەیەکی نوێ و ئاوەدانکردنەوەی شنگال ئەو ٣٦٣ هەزار ئاوارەیەی خەڵکی شنگال کە بەسەر ١٤ کەمپدا دابەش بوون، دەگەڕێنەوە سەر ماڵ و حاڵی خۆیان**

**لە شنگال ٢٦ هەزار خانوو وێران بووە و قەرەبووی کەس نەکراوەتەوە**

**هێزەکانی حەشدی شەعبی تا دووریی پێنج کیلۆمەتر لە ناو سەنتەری شنگال دوور دەکەونەوە و دەتوانن بچنە سەر سنوورەکانی نێوان سووریا و عێراق**

حکومەتی عێراق دوو بەڕێوەبەرایەتیی پۆلیس و دوو فەوجی پۆلیسی ئیتحادی دادەنێت و لەسەر داوای خەڵکی شنگالیش ٢٥٠٠ کەس لە خەڵکی شنگال و ئاوارەکانی لە ناو ئەو هێزە نوێیانەدا دادەمەزرێنێت، کە ١٥٠٠ کەسی لە خەڵکی دەوروبەری شنگالە و ١٠٠٠ کەسیش لە خەڵکی ناو شنگالە، بەمەش پاراستنی سەروماڵی خەڵکی بە کوردانی ئێزیدی و خەڵکی شنگال دەسپێردرێت و کۆتایی بە پەکەکە و هەموو ئەو گرووپانەی پەیوەندییان پێوەی هەیە، دەهێندرێت.

*** راستە چارەسەرکردنی گرفتی سەرەکیی شنگال بە ئاساییکردنەوەی بارودۆخەکە و هەماهەنگیی نێوان هەردوو حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراقی فیدراڵ دەبێت، بەڵام مەلەفی ئاوەدانکردنەوەی شنگالیش مەلەفێکی ئاڵۆزو قورسە، پێت وایە حکومەتی عێراق کار بۆ ئاوەدانکردنەوەی شنگال دەکات و بودجەیەکی بۆ تەرخان دەکات، بەتایبەتی لە ئێستادا کە عێراق بە دۆخێکی دارایی قورسدا تێپەڕ دەبێت؟**

- خاڵێکی گرنگی رێککەوتنەکە ئەوەیە کە هەولێر و بەغدا هەماهەنگی بۆ ئاوەدانکردنەوەی شنگال و ئیدارەکردنی دەکەن، چونکە ئاڵۆزیی بارودۆخی ئابووری و وێرانکردنی ژێرخانی شنگال یارمەتیدەر نییە بۆ گەڕانەوەی کوردانی ئێزیدی بۆ شارەکەیان، شنگال تەنیا کۆمەڵکوژ نەکراوە، بەڵکو جوگرافیا و ژێرخانی تەواوی ئەم قەزایە وێران و خاپوور کراوە، لەو ماوە زۆرەی رابردووشدا هەرچی ئەو گرووپ و چەکدارە بیانی و نایاساییانەی لەم ناوچەیەدا هەبوون، هیچ کارێکیان بۆ ئاوەدانکردنەوەی شنگال نەکردووە، ئەوان سەرقاڵی ململانێی ئیداریی نێوخۆیان و ئیستغلالکردنی خەڵکەکە بوون، لەکاتێکدا ئیدارەیەکی شەرعی هەیە لە شنگال، کە لە رووی دەستووری و یاساییەوە و بەپێی ماددەی ١٢١ ی ساڵی٢٠٠٨ ی ئەنجومەنی پارێزگاکان ئەو ئیدارەیە لە رێگەی ئەنجومەنی قەزای شنگال بە هەڵبژاردن و بە ئامادەبوونی دادوەرێکی سەربەخۆی پارێزگای موسڵ و نوێنەری چڤاتی پارێزگای موسڵ دامەزراوە، کە لە ٣٥ دەنگ ٢٧ دەنگ درا بە ئێمە و سێ بەڕێوەبەرایەتیی ناحیەش بە هەمان شێوە دانران، کەچی لەلایەن پەکەکەوە ئیدارەیەکی تۆزوبای ساختە و نایاسایی و نادەستووری دانراوە و کەسیش ئیعترافی پێ ناکات، بە دانانی ئیدارەیەکی نوێ و ئاوەدانکردنەوەی شنگال ئەو ٣٦٣ هەزار ئاوارەیەی خەڵکی شنگال کە بەسەر ١٤ کەمپدا دابەش بوون، دەگەڕێنەوە سەر ماڵ و حاڵی خۆیان، بەتایبەتی کە لە ئێستادا لە ٧٥٪ی خەڵکی شنگال نەگەڕاونەتەوە، ئەمەش بێ تەرخانکردنی بودجەیەك بۆ ئاوەدانکردنەوەی شنگال جێبەجێ نابێت، بۆ ئەوەی پڕۆژە خزمەتگوزارییەکان بەگەڕ بخرێنەوە، هەرچەندە تا رادەیەك توانیومانە لە ماوەی رابردوودا زۆر پڕۆژە و کار لەم دەڤەرە ئەنجام بدەین، بۆ نموونە لە ٥٠-٦٠٪ی گرفتی کارەبامان چارەسەر کردووە، بەڵام هێشتا گەلێك پڕۆژەی خزمەتگوزاری و رێگاوبان و تەندروستی و قوتابخانەش پێویستن، هەروەها لە رووی دروستکردنی خانووشەوە هیچ نەکراوە، بەتایبەتی کە لە شنگال ٢٦ هەزار خانوو وێران بووە و قەرەبووی کەس نەکراوەتەوە.

*** لەلایەن هەندێك لایەنی سیاسی و هێزی ئیقلیمی و پەکەکە و گرووپی چەکداری بیانییەوە لە شنگال لێدوانی دژ بەم رێککەوتنە دەدرێت، ئایا ئەگەری هەیە بەبێ بەکارهێنانی هێز ئەم گرووپە چەکدارانە رازی بن لەو ناوچەیەدا بکشێنەوە؟**

- ئەمجارە ئیرادە و نییەت لە نێوان هەردوو حکومەتی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان هەیە بۆ ئاساییکردنەوەی دۆخەکە، هەروەها لەلایەن هێزی نێودەوڵەتیی و هاوپەیمانەکانیشەوە پاڵپشتیی باش لە جێبەجێکردنی بڕگەکانی رێککەوتنەکە هەیە، ئیتر کێ دەتوانێت دژی ئەم رێککەوتنە بوەستێتەوە؟ ئەم رێککەوتنە زۆر گەورەترە لەو کەس و هێزە چەکدارە ناشەرعییانەی کە لە چیای شنگال و ناو شنگال و دەوروبەری بڵاوبوونەتەوە، لەگەڵ جێبەجێکردنی رێککەوتنەکەش ئەو هێزانە لە شنگال نامێنن، تەنانەت هێزەکانی حەشدی شەعبی تا دووریی پێنج کیلۆمەتر لە ناو سەنتەری شنگال دوور دەکەونەوە و دەتوانن بچنە سەر سنوورەکانی نێوان سووریا و عێراق، دوورخستنەوەی هەموو

ئـەم هێزانـە بووەتـە بڕگەیەکـی سـەرەکی لـە ڕێککەوتنەکـە و جێبەجـێ دەکرێـت، مەگـەر لایەنـی عێراقـی لـە جێبەجێکردنـی ڕێککەوتـن و بەڵێنەکانی کەمتەرخەمی بنوێنێت، هەروەکو چۆن لـە بەرامبـەر هەرێـم لـە زۆر ڕێککەوتـن و بەڵێـن و مـاددەی دەسـتووری دیکـە پاشـگەز دەبـۆوە و پابەندی جێبەجێکردنـی نەدەبوو، راستە مەترسی هەیـە، بـەڵام لـە حکومەتـی نوێـی عێراقـدا ئیرادەیەکـی نـوێ هەیـە بـۆ کۆتاییهاتنـی هەمـوو ئاڵـۆزی و کێشـە کەڵەکەبـووەکان. بەشـێوەیەکی گشـتی چیتـر ڕێگـری پەکەکـە لـە شـنگال نامێنێت، کـە لـە مـاوەی رابـردوودا ڕێگرییەکـی زۆری کـرد بـۆ ئاسـاییبوونەوەی دۆخـی شـنگال و گەڕانـەوەی ئـاوارەکان و ئاوەدانکردنـەوەی شاروشـارۆچکەکانی کوردانـی ئێزیـدی، پەکەکـە ئازارێکـی زۆری خەڵکـی ڕەسـەنی شـنگالی داوە و لـە چیـای شـنگال تونێـل و کونـی هەڵکەنـدووە و زینـدانـی نهێنیـی دروسـت کـردووە و بـە دەیـان کەسـی لـە خەڵکـی ئێمـە کوشـتووە و بێسەروشوێنی کـردوون، بۆیـە دەرکردنـی پەکەکـە ئەرکـی حکومەتـی فیدراڵـی و ژووری ئۆپەراسـیۆنەکانە، چونکـە پەکەکـە کێشـەیەکی گـەورەی ئیقلیمییشـی بـۆ عێـراق دروسـت کـردووە، بـاوەڕ ناکـەم عێـراق خـۆی شـەرمەزاری هاوپەیمانـان و ئەمریـکا و نەتـەوە یەکگرتـووەکان و گـەورە وڵاتانـی ئەورووپـا بـکات، پێویسـتە حکومەتـی عێـراق بـە پێـی مـاددەی ١٠٩ی دەسـتوور خـاك و ئـاوی هەمـوو وڵات بپارێزرێـت. ئـەم ڕێککەوتنـە بـە دڵـی هەمـوو ئەوانـە نییـە کـە ئەجنـدا و مەرامـی بیانـی و ئیقلیمـی لـەم ناوچەیـەدا جێبەجـێ دەکـەن، هەروەهـا ئەوانـەی خۆیـان بـە ئۆپۆزسـیۆنی هـەردوو حکومەتـی هەرێـم و عێـراق دەزانـن، نایانەوێت ئـەم ڕێککەوتنـە ببێتـە هـۆی سـەرەتایەك بـۆ بەهێزبوونـی پەیوەندییەکانـی نێـوان هـەردوو حکومـەت و بـە چارەسـەرکردنی کێشـەیەکی ئاڵـۆزی وەکـو شـنگال نایانەوێـت ئـەم دەسـتکەوت و هەنـگاوە، ببێتـە لایەنێکـی ئیجابـی بـۆ هـەردوو حکومـەت، بۆیـە دەیانەوێـت لـە بەرچـاوی خەڵـك و شـەقام لـە گرنگیـی ڕێککەوتنەکـە کـەم بکەنـەوە.

*** باسـی ڕێکخـراوی نەتـەوە یەکگرتووەکانـت کـرد، ئایـا ئاژانـس و کەناڵەکانـی ئـەم ڕێکخـراوە توانیویانە لە رووی کردارەوە هەنگاوی پراکتیکی بنێـن بـۆ یارمەتیدانـی کوردانـی ئێزیـدی و ئاوەدانکردنـەوەی ناوچەکانیـان و پاڵپشـتیکردنی ڕێککەوتنەکـە؟**

- هـەر لەگـەڵ یەکـەم ڕۆژی کۆمەڵکوژیـی کوردانـی ئێزیـدی و دەسـتپێکردنی مەینەتییەکانیـان، نەتـەوە یەکگرتـووەکان ڕۆڵـی لـە کۆکردنـەوەی زانیـاری لەسـەر گـۆڕە بەکۆمەڵەکان و کۆمەڵکـوژی و پێشکەشـکردنی هـاوکاری بـۆ کوردانـی ئێزیـدی هەبـووە، جەنابـی سـەرۆك بارزانـی و ڕێزداران سـەرۆکی هەرێمی کوردستان و سـەرۆکی حکومـەت جگـە لەپاڵپشـتی و هەوڵەکانـی خۆیـان، بەردەوامیـش داوایـان لـەو ڕێکخـراوی نەتـەوە یەکگرتـووەکان کـردووە کـە بـە ڕۆڵـی خـۆی هەڵسـێت، ئێمـەش لـە سـەردانماندا بـۆ واشـنتۆن جەختمـان لەسـەر ئـەم داواکارییانـە کردبـووەوە، بـەوەی ئاوەدانکردنـەوەی شـنگال پێویسـتی بـە بودجەیەکـی تایبـەت و پاڵپشـتیی نێودەوڵەتـی هەیـە، ئێسـتا نەتـەوە یەکگرتـووەکان پاڵپشتیی ڕێککەوتنەکەی هەولێر و بەغدا دەکات و خواسـتی ئەویـش وایـە هەمـوو گـرووپ و هێـزە چەکـدارە ناشـەرعییەکان لـە شـنگال دەربچـن.

*** خاڵێـك کـە لـە ڕێککەوتنەکـەدا ناڕوونـی تێدایـە و بـۆ گەڕانـەوەی ئاوارەکانـی کوردانـی ئێزیـدی و بوونـی زەمانەتـی پاراسـتنیان زۆر پێویسـتە، گەڕانـەوەی هێـزی پێشـمەرگەی کوردسـتانە بـۆ ئـەو ناوچانـە، ئایـا وردەکاریـی ئـەم پرسـە لـە ڕێککەوتنەکـەدا چـۆن بـاس کـراوە؟**

- هێـزی پێشـمەرگەی کوردسـتان بەشـێکی گرنگـی مەنزومـەی بەرگریـی عێراقـە و هێـزی شـنگال و هێـزی پێشـمەرگەی شـنگالیش لـە خەڵکـی ڕەسـەنی ناوچەکـە پێکهاتـوون، منیـش لەگـەڵ ئـەو راوبۆچوونـەدام کـەوا، خەڵکـی شـنگال ناگەڕێنـەوە ناوچەکانیـان ئەگـەر هێـزی پێشـمەرگەی کوردسـتان نەگەڕێتـەوە، ئـەو هێزەی بەسـەدان شـەهید و قوربانیـی دا، تاوەکـو چیـای شـنگال و شـارەکەی ئـازاد کـرد، لـە کوردسـتان ئاوارەکانـی لـە ئامێـز کـردووە، ئێسـتاکەش خەڵکـی چاوەڕوانـە ئـەم ڕێککەوتنـە لـە مەرەکەبـی سـەرکاغەزەوە بکرێتـە پراکتیکـی و کـاری پـێ بکرێـت، چیتـر ڕێگـە نـەدەن کوردانـی ئێزیـدی و خەڵکـی ڕەسـەنی شـنگال بکرێنـە قوربانیـی گەمـە سیاسـییەکان و ململانـێ ناوخۆیـی و ئیقلیمیـەکان.

**ئیرادە و نییەت لە نێوان هەردوو حکومەتی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان هەیە بۆ ئاساییکردنەوەی دۆخەکە**

**ئەوانەی خۆیان بە ئۆپۆزسیۆنی هەردوو حکومەتی هەرێم و عێراق دەزانن، نایانەوێت ئەم ڕێککەوتنە ببێتە هۆی سەرەتایەک بۆ بەهێزبوونی پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو حکومەت**

**خەڵکی شنگال ناگەڕێنەوە ناوچەکانیان ئەگەر هێزی پێشمەرگەی کوردستان نەگەڕێتەوە**

**پەکەکە ئازارێکی زۆری خەڵکی ڕەسەنی شنگالی داوە و لە چیای شنگال تونێل و کونی هەڵکەندووە و زیندانی نهێنیی دروست کردووە و بە دەیان کەسی لە خەڵکی ئێمە کوشتووە و بێسەروشوێنی کردوون**

# ئایا بیری لیبرالیزمی جیهانی له كۆتاییدایه؟

مشتومڕەكان بەتایبەتی دوای سەرهەڵدانی پەتای كۆڤید ١٩ و قەیرانی ئابووریی جیهان و ئەو گۆڕانكارییە خێرایانەی كە لە رووی سیاسی و پێگەی پێشووی وڵاتانی هەژموونی جیهانی زۆر بوون، بوونەتە بابەتی توێژینەوە و دیبەیت و كۆنفرانسە جیهانییەكان، بەتایبەتی كە بۆ چەند دەیەیەكە بیری لیبڕاڵیزمی رۆژئاوا قۆرخی جیهانی كردووە، ئەمریكا و هاوپەیمانەكانی باڵی هەژموونی هێز و ئابووری و كولتووری و هاریكاریی ئاسایشیان بەسەر جیهاندا كێشاوە، بۆ ئەمەش وڵاتە یەكگرتوەكانی ئەمریكا بوو بە first citizen (هاووڵاتی یەكەم)ی ئەو داواكارییە جیهانییەی كە سەركردایەتییەكی پڕ هەژموونی دەكرد و بەستنی هاوپەیمانێتی و هێنانەدیی جێگیربوونی ئابووریی جیهان و پشتیوانیكردنی هاوكاری و پاڵپشتكردنی جیهانێكی ئازادی كرد، ئەورووپای رۆژئاوا و ژاپۆنیش بوون بە كلیلی هاوبەشی ئەم هەژموونە و هەوڵیاندا هێزی ئابووری و ئاسایشی خۆیان بكەنە پشتیوانی ئەم خواستە لیبڕاڵییە جیهانییە. ئەمڕۆ دەبیندرێت كە ئەم خواستە لیبڕاڵییە لە قەیراندایە، یەكەم بەهۆی ئەوەی كە ئەمریكا سەرۆكێكیان هەڵبژارد كە ترەمپ بوو، دژی ئەم خواستە لیبڕاڵییە بوو، بەتایبەتی كە ترەمپ داتایەكی وای دروست كرد، كە ئەگەر كاری لەسەر بكرێت، ئەوا كۆتایی بە دەسەڵاتی ئەمریكا وەك سەرۆكایەتیی لیبڕاڵیزمی جیهانی دەهێنێت، بەریتانیاش بڕیاری هاتنە دەرەوەی لە یەكێتی ئەورووپا دا و، ئەوە هەڵوەشایەوە كە یەكێتییەكی ئەورووپای گەورە دروست بكرێت، جیهانیش خواستی بەرەوە دەسەڵاتێكی نوێی «لیبڕاڵ دیموكراسی» دەڕوات.

ئایا لیبڕاڵیزمی نێونەتەوەیی لە كۆتایی و خۆرئاوابووندایە و «لیبڕاڵ دیموكراسی» جێگرەوەی دەبێت؟ ئایا بە كۆتایی ئەم، چ ئایدیایەك رابەرایەتیی جیهان دەكات لە ئایندەدا و كێ سەركردایەتیی ئەم بیرە لیبڕاڵ دیموكراسییە و جیهان دەكات؟ لەم بارەیەوە رای جیاواز هەیە، رەنگە زۆر بیر و ئایدیاش خۆی ئامادە كردبێت بۆ جێگرەوەی ئەم بیرە و زۆر وڵاتیش خۆی بە میراتگری نەمانی هەژموونگەرایی وڵاتانی زلهێزی وەك ئەمریكا و بەریتانیا بزانێت، بەتایبەتی وڵاتی چین كە گفتوگۆكان لەسەر ئەوەن، ئایا دەبێتە ئەڵتەرناتیڤی خۆرئاوا؟ راستە مێژووی شارستانییەتی پیشەسازی و گەشەی ئابووری و بەرهەمهێنان و هەناردە و دۆزینەوەی سەرچاوەی دیكەی ئابووری لە دەرەوەی نەوت و وزە و دراوی ئۆن لاین، رەنگە وای لە چین كردبێت، كە خۆی بە میراتگری یەكەمی ئەو هەژموون و رابەرایەتییە بزانێت، بەڵام سیاسەتی حوكمڕانی و مافی مرۆڤ و نەبوونی ئازادی و چەوساندنەوەی كەمینەكان، بەتایبەتی موسڵمانەكان لەم دواییەدا، لەكەن و هاوكاریی پێشكەوتنەكان و خاڵە بەهێزەكانی دیكەی چین نین بۆ ئەم



## پ.ی.د. نەزاکەت حوسێن حەمەسەعید

بۆ گوڵان نووسیویەتی

ڕابەرایەتیکردنە. مێژووی ئەم هەژموونگەراییە و بیری لیبراڵ دیموکراسییە لە کاتێکدا هەژموونی ئەمریکا و بەریتانیا و شۆڕشی پیشەسازیی بیری لیبراڵیزمی نێودەوڵەتی لە بیری گەلاندا بە ماوەی هەردوو سەدەی ١٩ و ٢٠ جێگیر بووە، ئەگەرچی بە هاتنە سەر دەسەڵاتی سەرۆکی ئێستای ئەمریکا و هاتنەدەرەوەی بەریتانیا لە یەکێتی ئەورووپا ئەم بیرە لەق بوو و، بیروڕای جیاواز دروست بووە، بەڵام ئایا چی بەسەر ئەم بیرەدا دێت، چی بە سەر بیری درێژخایەنی مۆدێرنەدا دێت، کە لەبەر ڕۆشنایی شۆڕشی پیشەسازی ئەو گۆڕانکارییە مێژووییەی بە سەر ئەورووپادا لە سەدەکانی پێشوودا هات؟ لە لایەکی دیکەشەوە ئەم بیرە وابەستەی گەشەیەك و جووڵەیەکی (زانستی، داهێنان، گەشەی تەکنەلۆجیا) پرۆسەیەکی فێربوونی دەستووری و دامەزراوەیی بووە، ئایا ئاسانە بیرێك لەسەر ئەمانە بناغەی گرتبێت و وابەستە بوبێت بەم هەموو ڕەهەند و گەشە و پرۆسانەوە، خێرا کۆتایی بێت؟ توێژەر G. JOHN IKENBERRY لە توێژینەوەکەیدا بە ناونیشانی (The end of liberal international order?) دەڵێت: «بە ڕای من لیبراڵیزمی جیهانی تەنیا بریتی نییە لەو شتە سادەیەی کە هەژموونی ئەمریکا بێت، بەڵکو زۆر لەوە گشتگیرترە و کۆمەڵێك ئایدیای درێژخایەنە، کۆمەڵێك پرنسیپە، گەلێك ئەجێندای سیاسییە بۆ دامەزراوەکان و ریفۆرمی گەلان، بە شێوەیەکی گشتی لیبراڵیزمی جیهانی بریتییە لە ڕێگای بیرکردنەوە دەربارەی، یان وەڵامدەرەوەی پرۆسەی مۆدێرنەیە، بریتییە لە کۆمەڵێك هەل و دەرفەت، لە هەمان کاتیشدا مەترسییە. ئایدیای یەکگرتوو بۆ لیبراڵیزمی جیهانی و ئەجێنداکانی هێشتا مشتومڕێکی کراوەیە، ئەم ئایدیایە لە سەدەی ١٩ لەگەڵ بەرزبوونەوەی بیری لیبراڵی لە ئەورووپا و شۆڕشی پیشەسازی و هەژموونی هەردوو دەسەڵاتی ئەمریکا و بەریتانیا بناغەی گرت و، دوو سەدە باوەڕبوون و گونجاندنی گۆڕانکارییەکان لە جیهاندا بۆ سەرلەنوێ پێکهێنانەوەی ئەم بیرە و پارێزگاریکردنی وەك بیری جیهانی هاوکاریی ڕۆژئاوای کرد، بۆیە ئەم خاڵانە وا دەکات کە بیری لیبراڵیی جیهانی جیاکاتەوە لە ئایدیۆلۆژیاکانی دیکە کە قابیلی ریفۆرم و نەمان بن، وەك (واقعیەتی سیاسیی نەتەوەپەرستی، تاکڕەوی، تیۆری داروینی کۆمەڵایەتی، سۆشیالیستی شۆڕشگێڕانە و پاش داگیرکاری) و...هتد.

کەواتە بە پێی بۆچوونەکانی G. JOHN IKENBERRY کۆتایی بیری لیبراڵیزمی جیهانی قووڵتر و فرەڕەهەندترە لەوەی بیبەستینەوە بە نەمانی هەژموونی ئەمریکا و بەریتانیا و لاوازبوونی ڕۆژئاوا، ئەو پێی وایە کە لە ریشەدەرهێنانی ئەم بیرە و جێگرەوەی بە بیر، یان سیستمێکی دیکەی جیهانی، هەروا ئاسان نییە.



**پرۆفیسۆر دکتۆر جەوهەر فەتاح سەعید**

سەرۆکی زانکۆی سەلاحەدین بۆ گوڵان:

# خوێندنی ئەمساڵ لە زانکۆکان بە شێوەی ئاوێتە دەبێت و، بۆ وانە سەرەکییەکان قوتابیان لەناو هۆڵی خوێندن دەبن

**بە هۆی بڵاوبوونەوەی پەتای ڤایرۆسی کۆرۆنا بۆ ئەمساڵی خوێندن ٢٠٢٠-٢٠٢١ لەلایەن وەزارەتی پەروەردە و وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بڕیار درا کە خوێندن بە شێوەی ئەلیکترۆنی و ئۆنلاین بێت، لەگەڵ دەنگۆی ئەو بڕیارە و دەستپێکردنەوەی خوێندن، ئامێرە زیرەکەکان وەك (لاپتۆپ و ئایپات و مۆبایل) تا رادەیەك نرخیان بەرز بۆتەوە. بۆ قسەکردن لەسەر ئەم پرسە و بەتایبەتی خوێندنی ئەلیکترۆنی لە زانکۆکان، ئەم دیمانەیەمان لەگەڵ پرۆفیسۆر دکتۆر جەوهەر فەتاح سەعید سەرۆکی زانکۆی سەڵاحەدین – هەولێر ئەنجام داو بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.**

*** بەهۆی بڵاوبوونەوەی پەتای ڤایرۆسی کۆرۆنا، پار زانکۆکان تەنیا یەك کۆرسیان خوێند و، پاشان لەسەر بنەمای نمرەکانی کۆرسی یەکەم، قوتابیان لە قۆناخێکەوە گواسترانەوە بۆ قۆناخێکی دیکە، ئەمساڵیش کە ئێستا سەرەتای وەزری خوێندنە، دەبینین کە ئەم پەتای کۆرۆنا زیاتر بڵاوبۆتەوە، ئایا پلانی ئەمساڵتان بۆ دەستپێکردنەوەی خوێندنی زانکۆ چۆن دەبێت؟**

- پار یەك کۆرسمان نەخوێندووە، بەڵکو خوێندنمان بە دوو شێوە تەواو کرد، یەکەم: بە شێوەیەکی نۆرمەل تا مانگی سێ، دووەم: لە دوای مانگی سێ بە شێوەی ئەلیکترۆنی و ئۆن لاین بۆ ماوەی ٤-٥ هەفتە و بەم شێوەیەش پرۆگرامەکان بە قوتابیان تەواو کرا، لە پاشان لە مانگی شەش تاقیکردنەوەکانی کۆتایی ساڵ ئەنجام درا و هەر قوتابییەکیش بەپێی توانا و ئیستحقاقی خۆی هەقی خۆی وەرگرت. بۆ پلانی ئەمساڵ پاش ئەوەی لیژنەیەکی تایبەت لە ئەنجومەنی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی پێکهات بە سەرۆکایەتی بریکاری وەزارەت و بە ئەندامیەتی ژمارەیەك لە سەرۆکی زانکۆکان و بەڕێوەبەری گشتیی دیوانی وەزارەت، پاش چەند کۆبوونەوەیەك پێشنیار کرا کە پلانی خوێندن بۆ ساڵی ٢٠٢٠و ٢٠٢١ بە شێوەی ئاوێتە بێت، واتە هەندێك لە بابەت و پرۆگراکان کە تیۆرین و زۆر سەرەکین، بە شێوەی ئەلیکترۆنی و ئۆنلاین جێبەجێ بکرێت و، هەندێك لەو بابەت و ماددانەی کە پراکتیکین لە هۆڵەکانی خوێندن بە ئامادەبوونی قوتابیان ئەنجام بدرێت.

*** دیارە مەسەلەی ئامادەبوونی قوتابیان لە ناو هۆڵەکانی خوێندن بۆ ئێستا کارێکی مەترسیدار و مەحاڵە، ئایا ئەو کاتانەی کە قوتابیان پێویستیان دەبێت بێنە هۆڵەکانی خۆیندن، چ رێوشوێنێك وەردەگرن؟**

- ساڵی خوێندنی ٢٠٢٠-٢٠٢١ بەپێی ئەو پلانەی دانراوە بە دوو شێوە جێبەجێ دەکرێت، کە هەندێك لە بابەتەکان کە ئاماژەمان پێ دا، سەرەکی نین، بە ئەلیکترۆنی و ئۆن لاین دەبێت و، بابەتە سەرەکی و پراکتیکییەکانیش لە ناو هۆڵی خوێندن پیادە دەکرێت، لەگەڵ ئەوەشدا هەندێك مەرجی تایبەتیش هەیە بۆ ئەوەی کە چۆن قوتابی بۆ ناو هۆڵەکانی خوێندن بگەڕێنەوە، یەکێك لەو مەرجانە ئەگەر ژمارەی قوتابیانی هەر قۆناغێك زۆر بێت، دەبێت گرووپی بچووك، بچووك دروست بکرێت، بۆ ئەوەی هەر گرووپێك ژمارەی قوتابییەکانی کەم بێت، تاوەکو بەریەککەوتن کەم بێت بۆ خۆپارێزی لە پەتای کۆرۆنا، بەم جۆرەش ماوەی خوێندنی رۆژانە زیاد دەکرێت، لە بری ئەوەی لە ٨ی بەیانی بۆ کاتژمێر ٣ی بێت، ئەوە ماوەکە درێژ دەکرێتەوە بۆ ٥-٧ ئێوارە، هاوکات دەبێت هەموو قوتابیان ١٠٠٪ رێنماییەکانی وەزارەتی تەندروستی پەیڕەو بکەن.

*** ئایا ئەم شێوازە دەتوانین بڵێین ئەو کەموکورتییانەی لە پرۆسەی خوێندن بە هۆی کۆرۆناوە دروست بوون، تا رادەیەك پڕ دەکەنەوە؟**

- روون و ئاشکرایە کە پەتای کۆرۆنا کاریگەریی خراپی لەسەر هەموو سێکتەرەکانی ژیان دروست کردووە، تادەگاتە بواری پەروەردە و

**ئەگەر ژمارەی قوتابیانی هەر قۆناغێک زۆر بێت، دەبێت گرووپی بچووک، بچووک دروست بکرێت، بۆ ئەوەی هەر گرووپێک ژمارەی قوتابیەکانی کەم بێت، تاوەکو بەریەککەوتن کەم بێت**

**دەبێت هەموو قوتابیان ١٠٠٪ رێنماییەکانی وەزارەتی تەندروستی پەیڕەو بکەن**

**قوتابی بۆی هەیە سوود لە سیستەمی میوانداری وەربگرێت لە نێوان زانكۆكانی هەرێمی كوردستان، واتە دەتوانێت بچێتە ئەو زانكۆیەی كە لە شوێنی نیشتەجێبوونی نزیكە**

**بەشە ناوخۆییەكان داناخەین، بەڵكو بەو قوتابیانەی دەدەین كە سیستەمی میوانداریيان لەسەر نەبێت و، چاوەڕوانی ڕێنماییەكانی وەزارەتی تەندروستیش دەكەین**

**هەموو هەوڵ و كۆششی خۆمان دەخەینە گەڕ بۆ ئەوەی كاریگەریی ڤایرۆسی كۆرۆنا لە سەر ئاستی زانست و خوێندن لە زانكۆكان كەم بكەینەوە**

خوێندنیش، بەمەش هەندێك كەموكوڕی دروست دەبێت، بەڵام هەموو كات بەپێی ڕێنمایی ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی، هەموو هەوڵ و كۆششی خۆمان دەخەینە گەڕ بۆ ئەوەی كاریگەریی ڤایرۆسی كۆرۆنا لە سەر ئاستی زانست و خوێندن لە زانكۆكان كەم بكەینەوە، لەلایەكی دیكەشەوە قوتابیان دەتوانن بە ئۆنلاین پرسیار و گفتوگۆ لەگەڵ ماموستایان ئەنجام بدەن، ئەگەرچی بەبێ كەموكورتییش نابێت.

*** لە كاتی ئاسایی دەوامی زانكۆ، ئەو قوتابیانە ناویان بە (نەهاتوو) تۆمار دەكرا، كە لەوانەكان ئامادە نەدەبوون، ئەمەش بەو مانایەی جۆرە ئیلزامێك هەبوو كە قوتابی بە ناچاری لە موحازەرەكان ئامادە بێت، بەڵام كاتێك تەنیا وانەكانیان بە تۆماركراوی بۆ دەنێرن، چۆن دەتوانرێت ئەوە بزانرێت كە قوتابی وانەكە گوێ لێ دەگرێت؟**

- لەم پلان و شێوەیەشدا لە ساڵی خوێندنی ٢٠٢٠-٢٠٢١ هەمان ڕێنماییەكانی هاتنی قوتابیان بۆ هۆڵەكانی خوێندن لە هەموو زانكۆكان پەیڕەو دەكرێت، بەڵام هەندێك حاڵەت بە هۆی هەبوونی پەتای كۆرۆنا ڕەچاو دەكرێت بەرامبەر قوتابیان و زۆربەی بابەتەكان لەناو هۆڵی خوێندن دەبێت، كە دەبێت قوتابیان پابەندی دەوام و ئیلتیزام بن، هەر وەك هەموو ساڵێكی خوێندن، هاوكات لە كاتی وتنەوەی وانەكان بە ئەلیكترۆنی و ئۆنلاینیش دەردەكەوێت كە قوتابی ئاگادار بووە، یان فەرامۆشی كردووە، بەتایبەتی لە كاتی تاقیكردنەوەكاندا.

*** لەوانەیە بۆ دیراساتی ئینسانی ڕێگەی تۆماركردنی وانەكان بە شێوەی ڤیدیۆ كاریگەریی زۆر نەرێنی نەبێت، بەڵام بۆ دیراساتی زانستی كە بەشێكی وانەكانیان عەمەلین و پێویستیان بە تاقیگە و ئەنجامدانی تاقیكردنەوەی ڕاستەوخۆ لەناو تاقیگەكان هەیە، ئایا ئەمەیان چۆن چارەسەر دەكەن، خۆ ناكرێت دیراساتی زانستی، دەرسە عەمەلییەكان نەخوێنن؟**

- ئەو وانە و بابەتانەی كە لایەنی تیۆری و پراكتیكی هەیە، ئەوە لایەنی پراكتیكی لەناو هۆڵ و تاقیگەكان دەبێت و لایەنی تیۆرییەكەشی مەرج نییە بە ئەلیكترۆنی بێت، بەڵكو ئەوانیش بۆی هەیە لە ناو هۆڵ بگوترێتەوە، بەپێی تایبەتمەندیی هەر بەشێك و بەپێی فەرمانی لیژنەی زانستیی بەشەكە، بۆیە وانەیەكی زانستی و تیۆری جیاوازییەكی وای نییە لەگەڵ كۆلیژەكانی بەشی وێژەیی وەك كۆلیژی زمان و كۆلیژی ئاداب، چونكە تا ڕادەیەك لێكنزیكبوونەوەیەك هەیە لە نێوان كۆلیژ و بەشەكاندا، بەڵكو كۆلیژە وێژەییەكان تەنیا پراكتیكیان نییە.

*** ئێوە دەزانن قوتابیانی زانكۆی سەلاحەدین هەموویان دانیشتووی هەولێر نین، ساڵانی پێشتر بەشێكی زۆریان لە بەشە ناوخۆییەكان دەمانەوە، ئەگەر خوێندن بەمجۆرە بێت، ئایا بەشە ناوخۆییەكانیش نامێنن؟ ئایا قوتابیانی شارەكانی دیكە چۆن لە پرۆسەی خوێندن بەردەوام دەبن؟**

- یەكێك لە بڕیارەكانی ئەنجومەنی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی ئەوەیە قوتابی بۆی هەیە سوود لە سیستەمی میوانداری وەربگرێت لە نێوان زانكۆكانی هەرێمی كوردستان، واتە دەتوانێت بچێتە ئەو زانكۆیەی كە لە شوێنی نیشتەجێبوونی نزیكە، ئەمەش یارمەتیدەر دەبێت بۆ ئێمە كە ژمارەی قوتابیان لە بەشە ناوخۆییەكان كەم ببێتەوە، بەشە ناوخۆییەكان داناخەین، بەڵكو بەو قوتابیانەی دەدەین كە سیستەمی میوانداریيان لەسەر نەبێت و، چاوەڕوانی ڕێنماییەكانی وەزارەتی تەندروستیش دەكەین، بۆ چۆنیەتی كردنەوەی بەشە ناوخۆییەكان، ئەمەش لە دەسەڵاتی ئێمە نییە، بەڵكو دەبێت وەزارەتی خوێندنی باڵا نووسراو بۆ وەزارەتی تەندروستی بكات و، وەزارەتی تەندروستیش بەپێی ڕێنماییەكان بۆ خۆپارێزی لە پەتای كۆرۆنا بڕیار بدات بە كردنەوەی بەشە ناوخۆییەكانی قوتابیان.

*** ئایا ئەو سیستەم و شێوازە تازەیە لە زانكۆی سەلاحەدین لە خوێندنی نامەی ماستەر و دكتۆراش پەیڕەو دەكرێت؟**

- لە خوێندنی باڵا لە ماستەر و دكتۆراش هەمان سیستەم جێبەجێ دەكرێت، بەڵام ژمارەی قوتابیانی ماستەر، یان دكتۆرا كەمن، بۆیە بە شێوەی گرووپی بچوك كە بۆی هەیە چوار، یان پێنج قوتابی لە یەك گرووپ ئامادە بن، دەتوانرێت لەناو هۆڵەكانی خوێندن جێبەجێ بكرێت.



## دلێر عەبدوڵا حەسەن

بەڕێوەبەری پەروەردەی ناوەندی هەولێر بۆ گوڵان:

# مامۆستایان و قوتابیان دەتوانن لەناو پلاتفۆرمی قوتابخانەی ئەلیکترۆنی پەیوەندی بکەن

بەهۆی دووبارە بڵاوبوونەوەی پەتای ڤایرۆسی کۆرۆنا و بەپێی بڕیاری وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، پۆلەکانی (٣تا١١) ناچنە قوتابخانە و تەنیا بە ڕێگەی ئەلیکترۆنی پرۆگرامەکانی خوێندنی ئەمساڵ دەخوێنن. بۆ قسەکردن لەسەر ئەم شێوازە ناچارییەی خوێندن، چەند پرسیارێکمان ئاراستەی مامۆستا دلێر عەبدوڵا حەسەن بەڕێوەبەری پەروەردەی ناوەندی هەولێر کرد و بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.

*** پار بەهۆی بڵاوبوونەوەی پەتای کۆرۆنا، تێکڕای قۆناخەکانی خوێندن، بێجگە لە پۆلی (١٢) تەنیا یەك فەسڵیان خوێند و، پاشان لەسەر حیسابی فەسڵیی یەکەم و بەبێ تەواوکردنی مەنهەج، قۆناخێك چوونە پێشەوە، ئایا پار لەگەڵ ئەوەی ناچاری بوو، تاچەند کاریگەریی نەرێنی لە سەر ئاستی خوێندن لە کوردستان هەبووە؟**

- دیارە ڤایرۆسی کۆرۆنا وەك پەتایەکی جیهانی کاریگەری نەرێنی لە سەر تەواوی وڵاتانی جیهان لەسەرجەم سێکتەرەکانی ژیان دروست کردووە، بواری پەروەردەو فێرکردنیش بەدەر نییە لە کاریگەریی ئەم پەتایە. بۆیە دواخستنی خوێندن و تەواونەکردنی پرۆگرام بێگومان کاریگەریی نەرێنی بۆ سەر ئاستی قوتابیان لە سەرجەم قۆناغەکانی خوێندن دەبێت، بەڵام ئاشکرایە هەموو هەنگاوەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و وەزارەتی پەروەردە ئەوە بوو کە لەگەڵ مەترسیی زیاتر بڵاوبوونەوەی پەتای کۆرۆناش پرۆسەی خوێندن بە شێوازێکی سەرکەوتووانە کە بەپێی ستاندارده جیهانییەکان تەواو کرا و مافی قوتابیان و ساڵێکی خوێندنیان بەفیڕۆ نەچوو.

*** ئاشکرایە ئەمساڵی خوێندنیش تەنیا پۆلەکانی ( ١و٢ لەگەڵ پۆلی ١٢) لەناو بینایەی قوتابخانە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ دەخوێنن، نۆ قۆناخەکەی دیکە لە ماڵەوە بە شێوازی ئەلیکترۆنی دەخوێنێن، نەك ئۆن لاین، ئەمەش مانای ئەوەیە بۆشاییەك لەنێوان قوتابی و مامۆستا دروست دەبێت، ئایا ئەمەش هێندەی دیکە پرۆسەی خوێندن تووشی ئیفلیجبوون ناکات؟**

- وەزارەتی پەروەردە دوای ڕەزامەندیی ئەنجومەنی وەزیران و هەڵسەنگاندن و ڕەزامەندیی وەزارەتی تەندروستی و دوای ڕاوێژ و ڕاوەرگرتنی پسپۆڕان بڕیاری دا، بۆ ساڵی خوێندنی ٢٠٢١/٢٠٢٠ قۆناغ بە قۆناغ خوێندن دەست پێ بکات، بەپێی گرنگیی قۆناغەکە بەرەچاوکردن و جێبەجێکردنی تەواوی ڕێکارەکانی خۆپارێزیی تەندروستی، بۆیە لە ٢٠٢٠/٩/٢٧ زەنگی دەستپێکردنەوەی ساڵی نوێی خوێندن لەلایەن ڕێزدار مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لێ درا، کە هەنگاوی یەکەم تەنیا پۆلی دوازدەی ئامادەیی بە سەرجەم بەشەکانی دەستی پێ کرد، بە هەموو هەستیاری و گرنگیی ئەم قۆناغە و دواتر لە ٢٠٢٠/١٠/١٠ هەر دوو پۆلی یەکەم و دووەمی بنەڕەتی کە سەرەتای هاتن و دەستپێکردنی خوێندنە لە قوتابخانە، بەتایبەتی پۆلی یەکەم کە ئاشنا نین بە ژینگەی قوتابخانە و پۆلەکانی دیکە لە (٣تا١١) بە شێوەی ئەلیکترۆنی (نەوەك ئۆنلاین) لە ڕێگای پلاتفۆرمی قوتابخانەی ئەلیکترۆنی بە ناونیشانی (www.ewane.krd) دەست بەخوێندن دەکەن، بە هۆی مەترسیی پەتای کۆرۆنا و پاراستنی گیانی مامۆستایان و قوتابیان و کەمکردنەوەی بەرکەوتن و قەرەباڵغی لە ناو قوتابخانەکان، بەڵام بە سێ ڕێگا دەکرێت قوتابیان پەیوەندیی نێوان قوتابخانە و مامۆستایانیان بەردەوام بێت. یەکەم: لە ڕێگای خشتەیەك لەلایەن کارگێڕیی قوتابخانە بۆ قوتابیان دیاری دەکات کە بە گرووپی (٥تا٦) قوتابی دیداری قوتابخانە هەبێت (بە جێبەجێکردنی ڕێنماییەکانی خۆپارێزی) بۆ شرۆڤەکردنی هەر وانەیەك، یان وەڵامدانەوەی هەر پرسیارێك لەلایەن مامۆستایان. دووەم: لەناو پلاتفۆرمی قوتابخانەی ئەلیکترۆنی مامۆستایان و قوتابیان دەتوانن پەیوەندی بکەن. سێیەم: مامۆستایان و قوتابیان دەتوانن لە ڕێگای هەر بەرنامەیەکی دیکەی پەیوەندیکردن وەك (ڤایبەر- واتسئاپ – تێلیگرام) لە پەیوەندی بن.

*** ئێوە خۆتان دەزانن، بەشێکی زۆری ئەو قوتابییانەی لە قوتابخانەی حکوومی دەخوێن، خێزانەکانیان لە ڕووی داراییەوە لە خوار ئاستی مامناوەندین، بۆیە پەیداکردنی مۆبایلی زیرەك و ئایپاد و لاپتۆپ، هەروەها ئەنتەرنێتی بەردەوامیش، بارگرانییەك لەسەر ئەو خێزانانە دروست دەکات، هەر لە ئێستاوە نرخی ئامێرە ئەلیکترۆنییەکان گران بووە، ئایا تا چەند ڕەچاوی ئەو خێزانانەتان کردووە؟**

- پۆلەکانی (٣تا١١) بۆ دەستپێکردنی خوێندنی لە پلاتفۆرمی قوتابخانەی ئەلیکترۆنی پێویستیان بە تەنیا یەکجار هێڵی ئەنتەرنێت هەیە بۆ دابەزاندنی تەواوی بەرنامەکە، کە

**دواخستنی خوێندن و تەواونەکردنی پرۆگرام بێگومان کاریگەریی نەرێنی بۆ سەر ئاستی قوتابیان لە سەرجەم قۆناغەکانی خوێندن دەبێت**

**لەگەڵ مەترسیی زیاتر بڵاوبوونەوەی پەتای کۆرۆناش پرۆسەی خوێندن بە شێوازێکی سەرکەوتووانە کە بەپێی ستاندارده جیهانییەکان تەواو کرا و مافی قوتابیان و ساڵێکی خوێندنیان بەفیڕۆ نەچوو**

**لە ئەگەری نەبوونی ئامێرەکانی زیرەک، دەکرێت قوتابیان لە ڕێگای تەلەفزیۆنی پەروەردەیی سوود لە وانە تۆمارەکان وەربگرن**



سـەرجەم وانـەکان و پرۆگرامەکانـی خوێندنیـان تێـدا تۆمـار و ئامـادە کـراوە و، لـە ئەگـەری نەبوونـی ئامێرەکانـی زیـرەك، دەکرێـت قوتابیـان لـە رێـگای تەلەفزیۆنـی پەروەردەیـی سـوود لـە وانـە تۆمـارەکان وەربگـرن و لـە ئەگـەری بوونـی پرسـیار لەلایـەن قوتابیـان و پێویسـتی شـرۆڤەی زیاتـری بابەتـەکان سـەردانی قوتابخانـە بکـەن بـە گرووپـی جیـا و بـە رەچاوکردنـی رێنماییەکانـی خۆپارێزیـی تەندروسـتی.

*** لـە گونـد و ناوچـە دوورەدەسـتەکان نـەك هـەر خزمەتگوزاریـی ئەنتەرێـت خراپـە، بەڵکـو لـە هەندێـك شـوێن بـاس لـەوە دەکـەن، تـۆڕی ئەنتەرنێـت نییـە، ئایـا ئـەو شـوێنانە چۆن درێژە بـە پرۆسـەی خوێنـدن دەدەن؟**

- ئـەم ناوچانـەی هێڵـی ئەنتەرنێتیـان نییـە و ژمـارەی قوتابییانیـان زۆر نییـە، بەپێی رێنمایەکانی وەزارەتـی پـەروەردە دەکرێـت دەوام لـە نـاو پۆلـەکان بکـەن، بـە رەچاوکردنـی رێنماییەکانـی خۆپارێزیـی تەندروسـتی.

*** وەك دەزانـن قۆناخەکانـی (٣ تـا ١١) هەموویـان، یـان منداڵـن، یـان نەوجـەوان، ئەمانـە بـە شـێوەیەکی خۆبەخشـانە لـە نـاو قوتابخانـە پابەند نابن، ئایا پێتـان وایـە، تەنیا بە دابەزاندن (داونلـۆد)ی وانـەکان، دەتوانـن مەنهـج تـەواو بکـەن؟**

- کارگێڕیـی قوتابخانـەکان و مامۆسـتایان دەتوانـن لـە پەیوەندیـدا بـن لەگـەڵ قوتابیـان و چاودێریـی بەشداریکردنیان بکـەن لـە خوێندنـی ئەلیکترۆنـی، لـە هەمـان کاتـدا رۆڵـی خێـزان زۆر گرینگـە بـۆ چاودێریکردنـی منداڵەکانیـان و جەختکردنـەوە لـە سـوودوەرگرتن لـە وانـەکان.

*** پێشـان کۆمپانیاکانـی مۆبایـل و ئەنتەرێـت، خەتێکیـان فەراهـەم کردبـوو بـە نـاوی (هێڵـی قوتابـی)، ئێسـتا کـە هەمـوو قوتابییـان لـەماڵـەوە دەخوێنـن و خوێندنەکـەش لـە رێگـەی ئەنتەرنێتەوەیـە، ئایـا لـە رێگـەی وەزارەتـی گەیاندنـەوە هیـچ هەوڵێکتـان داوە، کـە هاوکاریـی قوتابییـان بکـەن بـۆ ئـەوەی ئاسـانتر دەسـتیان بـە ئەنتەرنێـت بـگات؟**

- وەزارەتـی پـەروەردە بـە هاوکاریـی حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان و سـەرجەم وەزارەتـە پەیوەندیـدارەکان بـەم شـێوازە تازەیـەی خوێنـدن کـە بـە هـۆی ئـەم پەتایـەی کـە سـەرجەم وڵاتانـی جیهانـی گرتۆتـەوە، هەمـوو هەوڵێکـی خسـتۆتەگەر بـۆ ئاسـانکاری و فەراهەمکردنـی هۆیەکانـی فێرکـردن و گەیاندنـی زانیـاری و وانـەکان بـە قوتابیانـی خۆشەویست، کـە لەگـەڵ هەمـوو ئاسـتەنگەکانی ژیانـی مامۆسـتایان و قوتابیـان پارێـزراو بێـت و خوێنـدن لـە هەرێمـی کوردسـتان بـەردەوام بێـت.


**لە ئەگەری بوونی پرسیار لەلایەن قوتابیان و پێویستیی شرۆڤەی زیاتری بابەتەکان دەتوانن بە گرووپی جیا و بە رەچاوکردنی رێنماییەکانی خۆپارێزیی تەندروستی سەردانی قوتابخانە بکەن**

# پاراستن و چاککردنی ژینگە ئەرک و ئاکارە

لە ناوەڕاستی هەشتاکانەوە ئاشنایەتیم لەگەڵ باسی ئەندازیاریی ژینگەدا پەیدا کرد، کاتێك لە کۆلێژی ئەندازیاریی شارستانی لە زانکۆی مووسڵ ئەم بابەتەمان دەخوێند، لە دوای راپەڕینیشەوە وەك ئەندامی هاوکاری یەکەم رێکخراوی ژینگەپارێز بە ناوی «کۆمەڵەی کوردستانێکی سەوز بۆ پاراستنی ژینگە» لە ئوکتۆبەری ساڵی ١٩٩١ دا، دواتریش وەك دامەزرێنەر و سەرۆکی ئۆفیسی هەولێری کۆمەڵەی کوردستانێکی سەوز لە ساڵی ١٩٩٢ و، ئنجا وەك یەکەم وەزیری ژینگەی عێراق لە ساڵانی ٢٠٠٣ - ٢٠٠٤ دا و، ئێستاش وەك سەرۆکی دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگەی هەرێم.

لەو کاتەوە زانیومە کە بایەخدان بە ژینگە و ئاوڕدانەوەیەك لە کێشەکانی و رێگاچارەکانی، ئەرکێکی مرۆیی و ئایینی و نەتەوەییە، چونکە بە دەرکەوتنی شوێنەوارە نێگەتیڤەکانی پێشکەوتنی مرۆڤ لە بواری پیشەسازی و بیناسازی و داهێنانی چەندین مەکینە و دروستکردنی زۆرێك لە کارگە و زیادبوونی لە رادەبەدەری هۆکارەکانی گواستنەوە، زیادبوونی ژمارەی دانیشتووان، بەکارهێنانی بێ سنووری پێکهاتەکانی ژینگە، گوێنەدان بە چارەنووسی نەوەکانی ئایندە، زیادبوونی زۆریی رووبەری خانووبەرە، کەمبوونەوەی رووبەری سەوزایی، کشانی ئاسۆیی شارەکان، زیادبوونی دەنگ و ژاوەژاوی کارگە و هۆکارەکانی گواستنەوە، تێکئاڵانی دیمەنە ناهۆرمۆنییەکان و تێکدانی هەستی بینین، کەمیی هۆشیاری ژینگەیی و بایەخ نەدان بە شوێنەوارەکانی پرۆژە ئەنجامدراوەکان و.. هتد، هەموو ئەمانە پاڵی بە زۆرێك لە توێژەر و کاربەدەست و هاوڕێیانی ژینگەوە ناوە، کە هەڵوێستەیەك بکەن لە ئاست ئەم کێشە زۆرانەدا، بۆیە دەنگی نارەزایی و هاواری ترسناکیی و ئاگادارکردنەوە لە زۆر لاوە بڵند بۆتەوە. بۆ بەرجەستەکردنی ئەم خەمخواردنەش تا دێت دەستە و کۆمەڵە و گرووپ و لیژنە و وەزارەتی تایبەت بە ژینگە لە وڵاتان دێنە ئاراوە، بەجۆرێك کە رۆژ نییە لە دەزگاکانی راگەیاندن، یان گۆڤار و بڵاوکراوە تایبەتەکانەوە باس لە پیسبوونی ژینگە و مەترسییەکانی پیسبوون نەکرێت.

وڵاتی ئێمە و هەرێمی ئێمەش لە سایەی دەستکردن بە پەرەپێدانی فراوان، وا چاوەڕوان دەکرێت لە ماوەی ساڵانی داهاتوودا بە شێوەیەکی بەرچاو گرفتەکانی پیسبوونی تێدا دەربکەوێت، پاش گۆڕانی بەرەو ژینگەیەکی پیشەسازی و پڕبوونی شارەکانی بە دانیشتووان و شەقامەکانیش بە هۆکارەکانی گواستنەوە و، زیادەڕەویی لە بەکارهێنانی سامانی سرووشتی و بەکاربردنی بێ پلانی زانستی و ئاستێکی بەرزی



**عەبدولڕەحمان سدیق**
بۆ گوڵان دەینووسێت

هۆشیاریی ژینگەیی و ژینگەی رۆشنبیریدا.

بۆیە ئەرکی پاراستنی ژینگە و چاککردنی، ئەرکێکی نیشتمانی و مرۆییە، لە هەمانکاتیشدا ئەرکێکی ناوخۆیی و جیهانییە، هەروەك ئەرکی تاك و کۆمەڵگەش لە هەمان کاتیشدا.

پسپۆڕان و کاربەدەستانی بواری ژینگە ئەمڕۆ لە جاران زیاتر ئەرکی هۆشیارکردنەوە و ئامادەکردنی باس و لێکۆڵینەوە و ئەنجامدانی ئەو میکانیزمەیان دەکەوێتە ئەستۆ، کە دەتوانرێت بە هۆیانەوە شوێنەوارەکانی مادده پیسکارەکانی ژینگە نەهێڵن، یان کەمیان بکەنەوە.

ئەمڕۆ پیسبوونی ژینگە بۆتە یەکێك لەو هۆکارانەی کە ئاسایشی گشت جیهانی خستۆتە بەر هەڕەشە و مەترسییەوە، چونکە پیسبوونی ژینگە سنووره سیاسی و ئیدارییە دەستکردەکان ناناسێت و، پیسبوونی پێکهێنەرەکانیشی لە هەر شوێنێکی دنیادا بێت، کاریگەری خراپی لە سەر شوێنەکانی دیکەش لە جیهاندا دەبێت. ئێمەش کە بەشێکین لەم دنیایە و لەسەر یەك خاك دەژین و، یەك چارەنووس لەگەڵ تەواوی جیهاندا کۆمان دەکاتەوە، ئەرکی سەرشانی هەر یەکەمانە بەپێی توانا و لە سنووری زانیارییەکانی خۆی و پێگەی بەرپرسیارێتی خۆیدا، هەنگاوێك بنێت لە رێگەی دوور و درێژی پاراستن و چاککردنی ژینگەدا.

**نابێت کوردستان بکرێتە شوێنی ژێرخاکخستنی کەلوپەلی ماوە بەسەرچوو.**

لە رێکەوتی ۲۰۲۰/۹/۲۲ بە نووسراوی ژمارە ۱۰۰۷، وەك سەرۆکی دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگەی هەرێم پێشنیارێکمان بۆ نووسینگەی بەڕێز وەزیری بازرگانی و پیشەسازیی هەرێمی کوردستان نارد و، تیایدا نووسیبوومان: «ئەوەی تێبینیی دەکرێت لە دەروازە سنوورییەکان ئەوەیە کە کاتێك دەست بەسەر کەلوپەلی ماوە بەسەرچوو، یان کواڵێتیی خراپدا دەگیرێت، هەر لەو شوێنە، یان لەناوخۆی هەرێمدا لەناو دەبرێت، یان دەسووتێنرێت، هەردوو حاڵەتیش هۆکارێکی پیسبوونی ژینگەن، بۆیە پێشنیار دەکەین، ئەو بابەتە بە شێوەیەکی دیکە چارەسەر بکرێت، ئەویش بە گەڕاندنەوەی کەلوپەلەکە بۆ ئەو شوێنەی کە لێوەی هاتووە، بە بەڵگەی فەرمی، بەپێچەوانەوە مۆڵەتی هاوردەکردنی کەلوپەل لەو بازرگانانە وەربگیرێتەوە لە کاتی پابەندنەبوونیان».

بە سوپاسەوە بەڕێز وەزیری بازرگانی و پیشەسازیی هەرێمی کوردستان پشتیوانی لە پێشنیازەکەمان کردو، بە پەسەندی زانی، بۆیە بە نووسراوێك بۆ ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستانی نارد و، هەموو لایەکیشمان بە هیوای جێبەجێکردنی پێشنیارەکەین.